IOM
ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

# ئاسۆکانی چارەسەرکردنی ئاوارەبوون لەو ناوچانەی کە گەڕانەوەیان کەمە یان هیچ گەڕانەوەیەکیان نییە لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە



شوباتی ٢٠٢٤

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ئاژانسی کۆچ-ی نەتەوە یەکگرتووەکانە و پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دید و بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. تا بۆی بکرێت ڕێکخراوی (IOM) هەوڵدەدات کە زانیارییەکان ڕاست و دروست بن، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش نە بە دەربڕین نە بە واگەیاندن ناکات کە ئەو زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەردەستن تەواو و دروست و گونجاون.

ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ئامادەکراوە. ئەم بڵاوکراوە لە ڕێگەی پرۆگرامی کۆمپاسەوە بووە کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەندا پارەی بۆ دابینکراوە. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون هی نووسەرانن و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی حکومەتی هۆڵەندا یان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بن.

دەربارەی ڕاپرسی کۆمەڵایەتی

ڕاپرسی و ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتی دامەزراوەیەکی قازانج نەویستە بە لە عێراق کە جەخت دەکاتە سەر کاریگەری سیاسەتی کارکردن و جێبەجێکردنی بەکرداری کە وادەکەن متمانە لای هاوڵاتیانی سڤیل دروست بێت و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە لێکدابڕا و لێکپچڕاوەکانی نێوان کۆمەڵگەکان و نێوان کۆمەڵگەکان و دەوڵەت بنیاتدەنێتەوە. توێژینەوەکانیشی فۆکەس دەخەنە سەر پێوەری بابەتیانە: ١. لێکترازان و تەبایی کۆمەڵایەتی، ٢. پیادەکردنی دادپەروەری ڕاگوزەری و ئاشتەوایی، ٣. ئابوری سیاسی دوای قۆناغی شەڕ و ململانێ، تێڕوانین لە ڕەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابوری و مێژووییە بەیەکداچوو و یەکتربڕەکانی نێوان ئەم بابەت و لایەنانە.

هەموو نەخشەکانی ناو ڕاپۆرتەکە تەنیا بۆ مەبەستی دەرخستن و نیشاندانن. ناو و سنورەکانی سەر نەخشەکان بە مانای پشتگیری یان قبوڵکردنی فەرمی لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە نییە.

ئەم بڵاوکرایەوە بەبێ ئەنجامدانی پێداچوونەوەی فەرمی لەلایەن ڕێکخراوە IOM-وە بڵاوکرایەوە.

ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ڕەزامەندی بەشی بڵاوکراوە و پلاتفۆڕمەکان (PUB)ی ڕێکخراوی IOM، کە تایبەتمەندە پابەندبوون و پێگیریکردن بە شێواز و ستایلە ستانداردەکانی ڕێکخراوەکە، بڵاوکرایەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مەرج و ڕێساکانی زانیاری بەرهەم و کارەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون- DTM، تکایە سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://dtm.iom.int/terms-and-conditions.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ناونیشان: کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد/عێراق

ئیمێل: iomiraq@iom.int

ماڵپەر: iraq.iom.int

فۆتۆی بەرگ: یاد عبدولقادر

ڕێکخـــــراوی نێودەوڵـــەتی کـــۆچ (IOM) ٢٠٢٤

هەموو مافێکی پارێزراوە. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

پێرست



| | |
|---|---|
| **پوختەی جێبەجێکردن** | **٤** |
| **پێشەکی** | **٧** |
| **خستنەڕوویەکی گشتی دۆخەکە** | **٨** |
| تایبەتمەندی و بزوێنەری پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣ | ٩ |
| شەڕ و ململانێی داعش، سەرەتای کاریگەری ئاڵۆزییە جیۆساسییەکان | ٩ |
| شێوازەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە | ١٠ |
| خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزارییەکان | ١١ |
| دامەزراوەکان و ئیدارەدان و بەڕێوەبردنیان | ١١ |
| ئەمن و ئاسایشی فیزیکی و پەیوەندییەکان بە کێبڕێکردنە جیۆپۆلۆتیکییە بەردەوامەکان | ١٣ |
| پەیوەندی نێوان گروپ و چین و توێژەکان | ١٣ |
| دادپەروەری و ئاشتەوایی | ١٤ |
| **ڕێباز و میتۆد** | **١٥** |
| گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس | ١٥ |
| چاوپێکەوتنەکانی زانیاریدەری سەرەکی | ١٦ |
| **دید و تێڕوانینەکان لەمەڕ ئاوارەبوون و گەڕانەوە** | **١٦** |
| دەستڕاگەیشتن بە ناوچەکانی زێد و هەوڵە پێشووەکانی گەڕانەوە | ١٦ |
| بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە و هەلومەرج و دۆخی پێشبینیکراو لە ناوچەکانی زێد | ١٧ |
| ئاوارە ئێزدییەکان | ١٧ |
| ئاوارە کوردەکان | ١٨ |
| ئاوارەی عەرەبی سوننە | ١٨ |
| دەستپێشخەری و کارو چالاکییە سیاسییە-جوگرافییەکان کە سوودی لە کەمی گەڕانەوە وەرگرتووە | ١٨ |
| بژاردەکانی چارەسەرکردنی ئاوارەبوون | ١٩ |
| **دید و بۆچوونەکان لەسەر ئەو پرۆسانەی گەڕانەوە کە لە ڕابردوو و لە ئێستا دا هەن** | **١٩** |
| ئەو دەستپێشخەریانەی کە تا ئەمڕۆ هەبوون | ١٩ |
| پاڵپشتی گەڕانەوە و بنیادنانەوە | ١٩ |
| ئاشتەوایی خۆجێی | ٢٠ |
| بەشدارییپێکردنێکی زیاتر و بەرفراوانتر لە چارەسەرکردنی ئاوارەبوون لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە دا | ٢٠ |
| ئاڵۆزیی و لێکەوتەکانی بەردەوامبوونی دۆخی ئێستا | ٢١ |
| **دیدوبۆچوونەکان سەبارەت بە پرۆسەکانی گەڕانەوەکانی داهاتوو و پێشمەجەرکانی چارەسەکردنی ئاوارەبوون** | **٢٢** |
| خاڵی ناکۆکییەکان و هێڵە سورەکان | ٢٢ |
| پێشمەرجەکانی ئاوارەکان بۆ گەڕانەوە | ٢٣ |
| پێشمەرجەکانی ئاوارەکان بۆ یەکخستنی خۆجێی | ٢٤ |
| لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە پێکەوە | ٢٤ |
| **ڕێگە ئەگەرییەکانی داهاتوو** | **٢٤** |
| بەشداریکردنێکی گشتگیرتر و زیاتر و بەهێزتری هەموو لایەنە هاوبەشەکان و پەیوەندیدارەکان | ٢٥ |
| گونجان لە ڕێباز و شێواز | ٢٥ |
| دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و زیاتر ڕوانین لە ئەگەرە خۆجێییەکان وەک لە ئەگەرە سیاسییەکان | ٢٥ |
| ڕەچاوکردنەکانی وەبەرهێنانی قوڵ و پاڵپشتی لەسەر ئەرزی واقیع دا | ٢٥ |
| مەودای فراوانکردن و گشتگیرترکردنی دادپەروەری ڕاگوزەر | ٢٦ |

# پوختەی جێبەجێکردن

ئەم توێژینەوەیە تێروتەسەلە چۆنایەتییە لە ناو ناوچانەی کە گەڕانەوەیان کەمە یان هیچ گەڕانەوەیەکیان نییە لە قەزای شەنگال قەزا و ناحیەی قەحتانییە هەوڵدەدات بەربەستە تایبەت و دیاریکراوەکان دەستنیشانبکات لەبەردەم چارەسەرکردنی درێژخایەنی ئاوارەبوونی کەسانی زیانلێکەوتوو و ڕێگاکانی بەردەم ئاسۆی داهاتوو لە نەهێشتنی ئەو بەربەستانە دا. ئەنجامدانی ئەم کارە هەنگاوێکی گرینگە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان نەخشەڕێگای خێراکردنی پلانی نیشتمانی بەگوێرەی کارنامەی کارکردنی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ئاوارەبوونی ناوخۆیی بەشێوەیەکی بەرفراوان جێبەجێبکرێت. هەروەها توێژینەوەکە ئامانجی بەرەوپێشبردنی گفتوگۆی سیاسییە لە وڵاتدا سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە و ئاگادارکراوی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی ئاوارەبوونی درێژخایەن بوونە. دەرئەنجامەکان لە گفتوگۆی گروپی فۆکۆسی جیاوازەوە وەرگیراون کە لەگەڵ ئاوارە ناوخۆییەکانی ئێزیدی و کورد و عەرەبی سوننە (ئاوارەکان) لە... قەزای شنگال و ناحیەی قەحتانیە و چاوپێکەوتنی نوێنەرانی زانیاریدەری سەرەکی: نووسینگەی پارێزگاری نەینەوا، دەسەڵاتدارانی شەنگال لە دهۆک، شەنگال و قەحتانیە دەسەڵاتدارانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە، ئەندامانی پارتە سیاسییەکان لە شەنگال سەرکردە و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەرکردە خێڵەکییەکان، پسپۆڕانی ناوخۆی و نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و ئاشتەوایی و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەخشەرەکان[1] ئەنجامدراون. قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە لێرەدا پێکەوە هەژمار دەکرێن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژمارەی دانیشتووان جموجۆڵی شەڕ و ململانێیەکانی ئەم دواییانە تیایاندا هاوشێوەیە، لەڕووی مێژوو و کەلەپووری وابەستە بە توندوتیژیش لەیەکچوون، هەروەها نزیکیی جوگرافی لە یەکتر و لە هەرێمی کوردستانی عێراق و سوریا و تورکیا.

داتا و زانیارییەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن کە ١٨٣ هەزار و ١٦١ کەسی قەزای شەنگال لە ئێستادا لە ئاوارەیی ماونەتەوە.[2] ئەم داتایانە بە تایبەت بۆ ناحیەی قەحتانیە بوونی نییە، بەڵام بە گشتی ١٠٣,٧٣٦ کەس لە قەزای بەعاج لە ئاوارەیی ماونەتەوە (بە ناحیەی قەحتانیەشەوە) [3]، زانیارییە بەردەستەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێک لە ئاوارەکان گەڕاونەتەوە بۆ ١٥٠ شوێن لە سەرانسەری قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە. بەڵام زۆرینەی (٦٥٪)ی ئەم شوێنانە لە نێوان نیوە یان کەمتر لە نیوەی دانیشتوانی ڕەسەنی خۆیانیان تێدایە[4]. سەرەڕای ئەوەش، بەپێی ڕاپۆرتەکان ١٣ شوێن لە ساڵی ٢٠١٤ەوە گەڕانەوەیان تێدا تۆمار نەکراوە؛ ئەم شوێنانەش دەکەونە ناوەندی قەزای شەنگال و ناحییەکانی قەیرەوان و قەحتانیە[5].

نەخشەی ١: شوێنی بێ گەڕانەوە لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە [6]




لە کاتی گفتوگۆکاندا، ئاوارەکان نیگەرانییەکانیان لەبارەی ناسەقامگیری ئەمنی و ئاوەدانکردنەوەی کەم دەربڕی لەڕووی خانووبەرە و ژێرخان، لە کەمیی دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی و هەبوونی دەرفەتی ئابوری، کێبڕکێکردنی ئیدارەدان و بەڕێوەبەردنی خۆجێی ئەو ناوچانە، هەبوونی ئەگەری گرژی و توندوتیژی لە نێوان گروپەکاندا، و کاریگەری بەجێماوی دەروونی و ماددی و مرۆیی جەنگ لە ناوچەکانی زێد بەیەکەوە بوونەتە بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە. هەروەها زانیاریدەرە سەرەکییەکان ئاماژەیان بەو بەرژەوەندییە سیاسییانە کرد کە سوود لە بەردەوامی ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی کۆمەڵگەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە وەردەگرن، لەوانەش کێبڕکێی نێوان لایەنە جۆراوجۆرەکانی ناوەوە و دەرەوەی ناوچەکە. جگە لەوەش، هەموو بەشداربووانی توێژینەوەکە باسی ئەوەیانکرد کە سروشتی جیۆپۆلەتیکی جموجۆڵەکان لەم ناوچانەدا – کە بەشێکی پەیوەندیدارە بە هەبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەو شوێنانە – وایکردووە گەیشتن بە چارەسەر و گەڕانەوەی جێگیر قورستر بن.

بۆیە، لەبری ئەوەی بژاردەکانی چارەسەرکردنی ئاوارەبوون بە شێوەیەک کە ئارەزوومەندانە و شکۆمەندانە ببینن، پێدەچێت ئاوارەکان لە نێوان بژاردەکانی کەمتر خراپ و کەمتر خراپترین، ئەوەی کەمیان هەڵبژێرن. ئەوەی لە سەرانسەری ئاوارەک ئێزدی و کورد و عەرەبە سوننەکان ڕوونە و لەم شیکارییەدا دیارە، ئەوە کە هەموو ئەم ئاوارانە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە قەزای شەنگال وناحیەی قەحتانییە هەیە و دواجار خواستی گەڕانەوەیان بۆ شوێنانەی خۆیان هەیە. هەروەها بەشداربووان نیگەرانی خۆیان دەربڕی سەبارەت بەوەی کە دەبێتە نزیکەی ١٠ ساڵ لە ئاوارەییدان، ئەمەش لێکترازانی قوڵ و کەلێنی گەورە لە ناسنامەی خۆجێی و شێوازی ژیان و پیادەکردنی نەریت و زمان و کولتووری خۆیاندا دروستکردووە.

لە هەمان کاتدا، بەشداربووانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەو دەستپێشخەرییە

١ بەهۆی مەودا و سنووری ڕێبازی ڕاپۆرت، لایەنە هەرێمییەکان بوونە ئامانجی چاوپێکەوتنەکان. لایەنە هاوبەشە بەشدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە لە نموونەکەدا بەدەرنراون و لێرەدا بەشدارنەکراون؛ بەڵام هەردوو لایەن سەرەکی دەبن بۆ بەشداریکردن هەوڵە بەردەوامەکانی دۆزینەوەی ڕێڕەوی چارەسەرەکان بۆ ئاواران و گەڕاوان شەنگال.

٢ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)-ی ڕێکخراوی IOM لە عێراق، هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٧.

٣ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-ی ڕێکخراوی IOM لە عێراق، پێرستی گەڕانەوە، گەری ١٩.

٥ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون(DTM)-ی ڕێکخراوی IOM لە عێراق، تاقیکاری ڕاپرسی و ڕوویێوی خێزانەکانی نەینەوا، حوزەیرانی ٢٠٢٣.

٦زانیارییەکان بەشێوەیەک خراونەتڕوو تا نزیکبوونەوەیەک لە جوگرافیای وشوێنەکان ئەنجامبدرێت؛ ئەم نەخشەیە پشتگیریکردنی فەرمی سنوورەکان یان شوێنەکان نییە.

زۆرانە کرد کە لە ئارادان بەمەبەستی یارمەتی ئاسانکاریکردنی گەڕانەوەکان. ئەم هەوڵانەش بریتیبوون لە پاڵپشتیکردنی ماددی خێزانەکان و پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی گەڕانەوە و هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە لە ناوچەکانی زێد؛ هەروەها پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی ئاشتەواییە لە باکوری قەزای شەنگال، ئەو هەوڵە سیاسیانەی کە لەئاستی باڵادان بریتین لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتننامەی شەنگالی نێوانیان بۆ چارەسەرکردنی پرسە ئیدارییەکان، پێویستی ئەمنی و بنیادنانەوە بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی بتوانن بگەڕێنەوە. هەروەها هەوڵی تاکەکەسی زیاتریش هەبوو لەلایەن لایەنە جیاوازەکان لە گفتوگۆی نێوانیان لەسەر ئاستی خۆجێی، هەرێمیی، نێودەوڵەتیش. بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکان، بەگوێرەی ئاوارەکان و زانیاریدەرانی سەرەکی، شتێکی کەم جێبەجێکراوە بۆ هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاری دوور مەودای پێویست بۆ ئەوەی قەزای شەنگال وناحیەی قەحتانییە یەکگرتنەوەی سەلامەت و باش و سەقامگیریان تیادا بەدیبێت.

لە کاتێکدا بەرەوپێشچوون لەم ڕووەوە بەشێکی بەهۆی چەقبەستووی سیاسی و هەبوونی بۆچوونە دژبەیەکەکان سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە بووە، زانیاریدەرە سەرەکییە جیاوازەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمیش ئاماژەیان بە هەندێک ئەولەویەتی سەرەکی کرد کە یارمەتیدەر دەبن لە خێراکردنی گەڕانەوە و یەکخستنەوەی دانیشتوانی ئاوارە بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە: (١) قەرەبووکردنەوەی قوربانی گیانلەدەستدان، برینداربوون و زیانلێکەوتوو یان ڕووخانی خانوو، زەوی، موڵک و سەروەت و سامان؛ (٢) دیاریکردنی نوێنەرێک، ڕێککەوتن لەسەر ئیدارەدان و بەڕێوەبەردنی خۆجێی شوێنەکە؛ و (٣) ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان.

هەروەها ئاوارەکان ئەم کار و شتە لە پێشینانەیان وەک پێشمەرجێکی گرنگ بۆ گەڕانەوە دەبینی، لە ڕاستیدا شیکارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگەکانی ئاوارەکان لە سەرانسەری شوێنەکان و چین و توێژە ناسنامە جیاوازەکان داواکاری هاوبەشیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگە هەمان بۆچوونیان نەبێت لەسەر ئەوەی کە ئەمانە بە تەواوی چۆن جێبەجێبکرێن یان بە چ ڕێزبەندییەک جێبەجێبکرێن، بەڵام خواستێکی هاوبەشیان هەیە و کۆکن لەسەر سەلامەتی، حوکمڕانییەک کە نوێنەرایەتیان بکات، ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، قەرەبووکردنەوە، دادپەروەری و ئاشتەوایی و گفتوگۆ لە نێوان چین و توێژەکان دا. هەرچەندە ئاوارەکان بە گشتی چەند پێشمەرجێکی هاوشێوەیان ڕاگەیاندووە، بەڵام وردەکارییە تایبەتەکانیان بەپێی چین و توێژەکان لەیەکتری جیاوازن و لە هەندێک حاڵەتدا ئەو پێشمەرجانە ناتەبا و ناکۆک و دژ بەیەکترین. هەروەها ڕێزبەندی گرنگی پێشمەرجەکان بەپێی چین و توێژەکان کەمێک دەگۆڕێت، بەڵام لێرەدا بەپێی ڕاددەی باو و بەربڵاویان ڕیزکراون.

١. **إعادة ئاوەدانکردنەوە، لەوانەش خانووی نیشتەجێبوون و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی و گەشەپێدانی ئابوری.** ئەمە ئەولەویەتەیە کە لە لایەن هەموو چین و توێژەکانی ئاوارانەوە ئاماژەی پێدراوە و لەم شیکارییەدا هاتووە، لەم ڕووەی لە پێشینەپێدانەوە جیاوازییەکی کەم لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکان دا هەیە. بەڵام کە دێتە سەرباسی خودی خانوو، ئەوە ئەو بوارە بوو کە هەندێک جیاوازی تێدا سەریهەڵدا. ئاوارە ئێزیدییەکان ئاماژەیان بەوەدا کە هاوکات لەگەڵ پێویستی بەرفراوانتر بۆ ئاوەدانکردنەوەی خانوو، پێویستە دابینکردنی زەوی و نیشتەجێبوون لە ناوچەکانی زێدا هەبێت بۆ نەوە گەنجەکانی ئاوارەکان کە لە منداڵیدا ئاوارەبوون و ئێستا خێزانی تایبەت بە خۆیانیان پێکهێناوە. هەروەها تێبینی ئەوەشیان کرد کە پێویستە و ڕاوێژ و بەشدارییەکی زیاتر لە هاوڵاتیان بکرێت لە هەوڵەکانی ئاوادانکردنەوە و دووبارە بنیادنانەوە دا. ئاوارەکانی عەرەبی سوننەکان نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە ئەگەری داگیرکردنی خانووەکانیان، زەوی و موڵک لەلایەن لایەنە چەکدارەکان و لایەنگرانی ئەو چەکدارانە دەربڕی، کە ئەمەش پێویستییەکی دیکە و پێویستی بە چارەسەرکردنە.

٢. **دابینکردنی سەلامەتی و ئاسایش، لەوانەش نەهێشتنی گروپە چەکدارەکان.** لە کاتێکدا هەموو ئاوارەکان کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە چارەسەرکردنی ناسەقامگیری ئەمنی لە ناوچەکانی زێد مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ گەڕانەوە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەسەر ئەوەی کە نەهێشتنی چەکدارەکان مانای چییە و دەبێت کێ ئەمن و ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا دابینبکات و کێ و چۆن ئەمنیەت و ئاسایش بگرێتە دەست. ئاوارەبووانی ئێزدی باسیان لەوە نەکرد کە پێویستە کام لایەنی چەکداری دیاریکراو لاببرێت، بەڵام نزیکەی بە کۆی دەنگ ئاماژەیان بە پێویستی دامەزراندنی هێزێکی ئەمنی کرد کە لە دانیشتوانی ناوچەکە پێکهاتبێت. جگە لەوەش، ژمارەیەکی کەمی ئاوارە ئێزدییەکان داوای دابینکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە دەکەن. هەروەها ئاوارە کوردەکان وریاتربوون سەبارەت بەوەی کە پێیان وایە کام لایەن چەکدارەکان پێویستە لاببرێن، هەرچەندە هەندێکیان ئاماژەیان بە پەکەکە دەکرد. لە نێو ئەم چین و توێژانەدا هەستێکی گشتی هەبوو کە پێویستی بە گەڕاندنەوەی تەواوەتی پێشمەرگە بۆ ناوچەکە هەبوو. ئاوارە عەرەبە سوننە لەهەمووان ڕەشکاوانەتر بوون داوای کە دوورخستنەوەی پەکەکە و گروپەکانی پەیوەست پێیانیانەوە دەکرد تاکو بتوانن بگەڕێنەوە. بەشێکی زۆر ئەو ئاوارە عەرەبە سوننانە، سوپای عێراق و پۆلیسی ناوخۆییان پێباشبوو کە لە کۆمەڵگە خۆجێییەکانەوە دروستبکرێن، وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی یاسا. هەروەها هەندێکیان باسیان لە پێویستی هەبوونی چاودێرانی نێودەوڵەتی کرد بۆ دڵنیابوون دانانی پێکهاتە و ڕێکخستنی نوێی ئەمنی.

٣. **دەستەبەرکردنی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە.** هەموو ئەو چین و توێژەکانی ئاوارەکان کە لەم شیکارییەدا بەشداربوون، پێویستی و خواستێکی بەهێزیان هەبوو بۆ ئەوەی دان بە ئەزموونەکانیاندا بنرێت و نارەزایەتییەکانیان چارەسەر بکرێن. ئەوەی ئەم چین و توێژانەی ئاوارەکان دەیانویست تا ڕادەیەک لەیەکتری جیابوو، نەک تەنیا بەندە بە جۆرە جیاوازەکانی پێشێلکاریانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەڵکو بەندە بە ئاستی گرنگیدان و پاڵپشتیکردنی هەر کۆمەڵگەی قوربانی لێکەوتوو زیاتر لە ئەوانی دیکەدا لە گێڕانەوەی دادپەروەری بۆیان. ئاوارە ئێزدییەکان لەم بوارەدا ڕوونترین داواکارییان هەبوو. ئەوان داوای قەرەبووکردنەوەی تەواو دەکەن بەجۆرێک شایستەی ئەو زیانانە بێت کە تووشی بوون؛ داوای لێپرسینەوە و خستنە ئەستۆی تاوانەکان دەکەن لەو کردەوانەی کە داعش بەرانبەری ئەنجامی داون و هەموو ئەوانەی کە بەرپرسن لەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕوویدا؛ هەڵدانەوەی هەموو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە ماونەتەوە؛ بەردەوامی گەڕان بەدوای ئەوانەی کە هێشتا بێسەروشوێنن و گەڕاندنەوەیان (مردوو یان زیندوو)؛ دانپێدانانی جینۆسایدی ئێزدییەکان؛ و دانپێدانان و پاراستنی ماف و کولتوری ئێزدییەکان. ئاوارەکانی کورد و عەرەبی سوننە ئاماژەیان بە داواکاری قەرەبووکردنەوەی تەواوەتی ئەو کەسانە کرد کە بەهۆی شەڕ و ململانێکانەوە زیانیان بەرکەوتووە و لێپرسینەوەی لە تاوانەکانی داعش و لایەنە بەرپرسیارەکان. هەروەها ئاماژەیان بەوەشکردووە، ئەگەری ئەوە هەیە هەندێک کەس سوود لە یاسای لێبوردنی گشتی وەربگرن ئەگەر یاسای لێبوردنی گشتی هەموار بکرێتەوە.

٤. **ئیدارەیەکی خۆجێی کارا و نوێنەرایەتی دانیشتووان بکات.** پێویستی هەبوونی حکومەتێکی دانپێدانراو و خۆجێی و نوێنەرایەتییەکی گونجاوی دانیشتووان بکات پێشمەرجێکی سەرەکییە بۆ هەموو ئاوارەکانی قەزای شەنگال و ناحییە قەحتانیە. جێگای سەرنجە، زۆرێک لە ئاوارەکانی ناحیەی قەحتانیە ئومێدی ئەوەیان دەکرد کە جارێکی دیکە ناحیەی زێدی خۆیان لە ڕووی کارگێڕییەوە بە قەزای شەنگالەوە ببەسترێتەوە. ئەم هەڵوێستە ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە مێژوویی و کولتوورییەیە کە شەنگال و قەحتانیە لەگەڵ یەکتردا هەیانە. ئەگەر بە قەزای شنگالەوە ببەسترێنەوە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێزدییەکانی قەحتانیەش دەنگیان زیاتر بێت لە ئیداردان و بەڕێوەبردن دا، بەو پێیەی قەزای شەنگال ژمارەی دانیشتوانی ئێزدی زیاترە لە قەزای بەعاج. نوێنەرایەتیکردن بەم شێوەیە بە تایبەتی بۆ ئاوارە عەرەبە سوننەکانیش گرنگە، هەروەها ئەوەشیان ڕوونکردەوە کە کە بۆچی بە ڕاشکاوی گوتیان کە پێویستیان ئیدارەیەکی خۆجێیە نوێنەرایەتیان بکات و لە ژێر چاودێری حکومەتی عێراقدا بێت.

٥. **ئاشتەوایی و گفتوگۆ لە نێوان چین و توێژەکان دا.** لەسەر ئەم خاڵەی کۆتایی، پێدەچێت کۆدەنگییەکی تەواو هەبێت و هیچ ئاگادارکردنەوەیەک یان تایبەتمەندییەک لە نێوان چین و توێژەکانی ئاوارەکان نییە لەنێو ئەو ئاوارانەی کە لەم شیکارییەدا هاتوون. هەموویان نیگەرانی قووڵیان سەبارەت بە ئەگەری گرژییەکانی نێوان کۆمەڵگەکان هەبوو ئەگەر بگەڕێنەوە و ئارەزووی

ئەوەیان کرد کە چەند پرۆسەیەک هەبێت بۆ چارەسەرکردن و ڕەواندنەوەی ئەم نیگەرانیانە. ئەم هەڵوێستە بە پێچەوانەی هەندێک لە زانیاریدەرانی سەرەکی بوو کە بەرپرسیاربوون لە ناوچەکە کە ئاماژەیان بەوە کردبوو کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گرفت نین.

ئەو ئاوارانەی کە ئەم توێژینەوەیە گرتنیەخۆ، ئاماژەیان بەو شتانە نەکرد کە پێیانوابوو یەکگرتن و یەکخستنی ناوخۆیی – بۆ نموونە، لە دهۆک – زیاتر جێبەجێدەکرێت. جەختی گفتوگۆکانیان لەسەر ئەوە بوو کە لە کۆتاییدا بتوانن بگەڕێنەوە. بەڵام ئاماژەیان بەوە کرد کە وەرگرتنی قەرەبووی گیانلەدەستدان، برینداربوون و زیان پێگەیشتن یان ڕووخانی خانووبەرە، موڵک و سەروەت و سامان هۆکارێکی بەرچاو دەبێت بۆ یارمەتیدانیان تا بەشێوەیەکی باشتر بڕیار بدەن سەبارەت بەوەی کە چۆن حەز دەکەن ئاوارەبوونەکەیان چارەسەر بکەن.

پێدەچێت بوار هەبێت بۆ هاندان بۆ بەرەوپێشچوون لەسەر ئەو پرسە دیارانەی کە ئاستەنگ بۆ چارەسەرکردنی ئاوارەبوون لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە دروست دەکەن، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، لانیکەم، ڕێککەوتنێکی فراوان هەبێت لەسەر ئەوەی کە ئەو پرسانە چین. هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٢٣، لەگەڵ ئەگەری واژۆکردنی نەخشەڕێگای هاوبەش لەنێوان حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خێراکردنی پلانی نیشتمانی، ئەمانە توانای گۆڕینی ئەوەیان هەیە کە  کە ئایا چارەسەرکردنی گەڕانەوە بۆ ئەم ناوچانە ئەنجامدەدرێن یان نا و چۆن. بەڵام پێویستە ئەم ڕەچاوکردنانە لەبەرچاو بگیرێن:

- **پێویستی بەشداریکردنی قووڵتر و گشتگیرتر لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان.** ئەم لایەنە پەیوەندیدارانە نەک تەنا دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم، بەڵکو ئەوانەی لەناو قەزای شەنگال وناحیەی قەحتانییەدا هەن و جێگەی دەسەڵاتی خۆجێی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە. ڕەنگە بەشداریکردنێکی لەم جۆرە پێویستی بە ڕازیکردنی هەندێک لایەنی ناوچەیی هەبێت. لە هەمووی گرینگتر، پێویستی بە بەشداری ڕاستەوخۆ و نوێنەرایەتی زیاتری کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەکی بەرفراوانتر و چین و توێژەکانی دانیشتوانی ئاوارە و گەڕاوەی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە هەبێت. نەتەوە یەکگرتووەکان وەک باشترین شوێن و لایەن دەزانرێت بۆ بانگهێشتکردنی ئەم بەشداریکردنە فراوانە داکیکردنی تایبەت و گشتی بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کۆبوونەوە و بەشداریکردنە فراوانە بێتە ئەنجامدان. بەم شێوەیە، لە هەبوونی هەر هەوڵێکی گرنگی لەم شێوەیە، لەپاڵ زانینی دۆخ و ژینگە و تایبەتمەندی، پێویستە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم-یش بێن و کۆبوونەوە بکەن بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە، ئەمەش بە مەبەستی فراوانکردنی بازنەی بەشدارییپێکردن و لە هەمان کاتدا ڕەچاوکردن و بەچەقکردنی پێداویستی و داواکارییەکانی هەموو شەنگالییەکان.

- **پێویستی نەرمی نواندن و خۆگونجاندن.** بۆ هەندێک لە لایەنەکان ڕێککەوتنی شەنگال سیاسەتێکی کارکردنە بەکاردێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە بنەڕەتیانەی کە ڕێگری لە گەڕانەوە دەکەن، بەڵام هەندێک لایەنی دیکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ڕێککەوتنەکە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەندە کەمی لێ جێبەجێکراوە، کارا نییە و ڕووبەڕووی دژایەتی سیاسی خۆجێیی دەبێتەوە. لەوانەیە بتوانرێت ڕێککەوتنەکە زیندوو بکرێتەوە بە بەشدارییپێکردنی زیاتری لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەنجامدانی دانوستاندن لەسەر مەرج و داواکارییەکان، پێداچوونەوەی بۆ ئەوەی وردەکاری و بەش و بڕگەی زیاتر بگرێتەخۆ، و دەستەبەرکردنی گەرەنتی جێبەجێکردن بکرێت. یانیش ڕەنگە پێویست بکات کە ڕێککەوتنەکە بەلاوە بنرێت بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی تازە بۆ ئامرازێکی نوێ و کرداریی بکرێتەوە، ئەمەش بەپێی جوڵە و ڕۆڵی لایەنە هەرێمیی و خۆجێییەکان. بە پشتبەستن بە شیکاری ئەم توێژینەوەیە و بەگوێرەی کۆی ابسکردنەکان بەشێوەیەکی  بەرفراوانتر، مەرج نییە ئاوارەکان پابەندی ڕێککەوتنی شەنگال بن. ئەوەی کە ئەوارەکان دەیانەوێت و بەدوایدا دەگەڕێن وەڵامێکی هەماهەنگ و یەکگرتووە بۆ پێداویستیەکانیان و جێبەجێکردنی ئەو وەڵامەیە بەجۆرێک کە گۆڕانکاری ئەرێنی دێنێتە ئاراوە. دەبێت جەخت لەسەر ئەم ئامانجە بێت لە هەر پرۆسەیەکی داهاتوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە کارەی کە بەکاردێت.

- **پێویستی دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان و گەڕان بەدوای دەرفەتەکانی دۆزینەوە خاڵی هاوبەشە ناوخۆییەکان و کەمتر گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشە سیاسییەکان.** کۆمەڵگەکانی ئاوارەکان لە سەرانسەری شوێنەکان و ئەو چین و توێژانەی کە هەمان ناسنامەیان هەیە داواکاری هاوبەشیان هەیە. لەگەڵ ئەوەش دا ڕەنگە هەموویان یەک بۆچوونیان نەبێت لەسەر ئەوەی کە ئەمانە بە تەواوی چۆن جێبەجێبکرێن یان بە چ ڕێزبەندییەک، بەڵام خواستێکی هاوبەشیان هەیە بۆ بابەتی سەلامەتی، ئیدارەدان و بەرێوەبەردنێک کە نوێنەرایەتی خۆیان بکات، ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، قەرەبووکردنەوە، دادپەروەری و ئاشتەوایی و گفتوگۆ لە نێوان چین و توێژەکان دا. ڕەنگە دروستکردنی سەکۆیەک بۆ داکۆکیکردن و هەبوونی داواکاری هاوبەش یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی فشاری زیاتر بۆ هەنگاونانی کرداری بۆ داواکاری و پێویستییەکانیان، لەوانەشە ئەمەش هاوسۆزییەک و پەیوەندییەکی باشتر لەنێوان ئەو چین و توێژانە دروستبکات. بۆ نموونە، دەتوانێت، پرسی قەرەبووکردنەوە، بکرێـە خاڵی دەستپێک، لەوێوە بەرەو بوارە هەستیارەکانی سیاسی وەک حوکمڕانی و ئاسایش هەنگاو بنرێت. ناکرێت ئەم پرۆسانە بەپەلە ئەنجامبدرێن و لە مەودای پڕۆگرامێکی کورتخایەن دا جێیان نابێتەوە. بەڵکو پێویستیان بە پابەندبوونی درێژخایەنی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و پاڵپشتیکردنێکی چەند ساڵە هەیە نەک تەنیا بۆ دروستکردنی کاریگەری، بەڵکو بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی زەرەر و زیانی زیاتر.


- **پێویستی ڕەچاوکردنی پاڵپشتی و وەبەرهێنانێکی قوڵ و لەسەر ئەرزی واقیع دا.** ناسەقامگیری بەردەوامی شەنگال، دۆخی نادیار و چارەسەرنەکراوی حکومەتە خۆجێیەکەی و هەبوونی هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان کە لەوێ، ژینگەیەکی سەخت بۆ ئەو لایەنانە دروست دەکات کە کار بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیان و باشترکردنی یەکخستنەوەیەکی جێگیر و بەردەوام دەکەن. لەوانەیە کاتێکی زۆری بوێت تا ئاستی سەقامگیری باشتر بێت؛ لەم نێوەندەدا، هەوڵە ناوخۆییەکان پێویستیان بە پشتیوانییەکی بەرچاو و بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەک یەکگرتوو و هەماهەنگ بن کاریگەرییەکەیان لە مەودا و ئاستێکی فاراوانتر دا دەربکەوێت.  بەم شێوەیە، ڕەنگە پێویستی خێراکردنی هەوڵەکان ببێتە دەرفەتێک بۆ بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەڕان بەدوای ئەو ڕێگایانەی کە تیایاندا شەنگالییەکان خۆیان دەتوانن وەبەرهێنان لە ناوچەکانی خۆیان بکەن و دەستپێکردنی بنیادنانی پەیوەندییەکان بۆ ئەوەی پێکەوە داکۆکی لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بکەن لەسەر خواست و ویست و داواکاری خۆیان. ئەو ستراتیژیانەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی ئێزدییەکان لە ڕێکخستن و داکۆکیکردن لە داواکارییەکانی دادپەروەریدا پەیڕەویکردوون، ڕەنگە شایانی لەبەرچاوکردن و ڕەچاوکردن بن. دەکرێت ئەم جۆرە ستراتیژیانە بریتیبن لە پارەپێدان و هاوکاری دارایی پەیوەست بە پێشخستنی دیموکراسی، بەشداریکردنی گشتی، حوکمڕانی باش، مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری و لێپرسینەوە، و ئاشتی و ئاسایشی بەردەوام.

- **پێویستی هەبوونی فەزا بۆ دادپەروەری ڕاگوزەری گشتگیرتر.** ئەو پرسانەی کە ڕێگری لە گەڕانەوە، یەکگرتنەوەی بەردەوام یان هەر چارەسەرێکی هەمیشەیی ئاوارەبوون-ی پێکهاتەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە دەکەن ڕەگیان قوڵە و لە میراتی شەڕو ململانێ و نارەزایەتییەکانەوە سەرچاویان گرتووە. بۆیە ڕەنگە وا پێویست بکات ئەو ڕێگایانە لەبەرچاو بگیرێن کە تێڕوانینێکی قووڵتر لەم پرسانە و ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکانیشیان هەیە و ڕۆڵیان لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بەردەم ئاوارەبوون هەیە، بە تایبەتی ئەو چارەسەرانەی کە دان بە ماف و کەرامەتی هەموو قوربانییەکان وەک هاوڵاتی دەنێن، نەک مافی هەندێک لە سەروو هەندێکی تر دانێن. ئەو داواکاریانەی ئێزدییەکان بۆ دادپەروەری هەیانە، ناتوانرێن بە تەنیا بەدیبێن. جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان پێویستی بە پاڵپشتی و هاوکاری ئەو پێکهاتە و کۆمەڵگەیانەیە کە ئێزدییەکان تیایاندان و دان بە سەختی و دژواری ئەوە دادەنێن کە بەسەر ئێزدییەکان دا هاتووە. لە هەمان کاتدا، نابێت داواکارییەکانی پێکهاتە و کۆمەڵگەکانی دیکەش بۆ دادپەروەری ڕاگوزەر هەر وا بەلاوەکی و بێ ئەولەویەت بمێننەوە، بەڵکو دەبێت زیاتر دانیان پێدابنرێت و بەدوای بەدوای چارەسەر بۆ ئەمانیش بگەڕێن. لە کاتێکدا کە ئەولەویەتەکانی ئێستای حکوومەتی عێراق ئامانجیان دوورکەوتنەوەیە  لە شەڕو ململانێیە و هەنگاوهەڵگرتنە بەرەو ئاوەدانی زیاتر و کوالیتی ژیان بۆ عێراقییەکان، ڕەنگە ئاوڕدانەوە لە دواوە تاکە ڕێگە هەنگاونان بەرەو پێشەوە بێت.

# پێشەکی

شەڕ و ململانێکان لەگەڵ داعش لە عێراق کە بە فەرمی لە ساڵی ٢٠١٤ دەستیپێکرد، بووە هۆی ئاوارەبوونی زۆرەملێی ناوخۆیی نزیکەی ٦ ملیۆن هاوڵاتی لە ناوچەکانی باکور و ناوەڕاستی وڵاتەوە. لە ماوەی شەش ساڵ لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ و ململانێکان لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧، نزیکەی ٤،٨ ملیۆن کەس لەو ئاوارە ناوخۆییانە گەڕاونەتەوە شوێنی زێدی خۆیان، کە بەشێکی زۆری ئەم جۆرە گەڕانەوە تا ساڵی ٢٠١٨ بوون.[٧] سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕێژە تارادەیەک بەرزەی گەڕانەوە لە سەرانسەری ناوچە زیانلێکەوتووەکانی وڵاتدا، هەندێک ناوچە بەبێ گەڕانەوە ماونەتەوە کە یان گەڕانەوەی زۆر سنووردار یان هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیووە. قەزای شەنگال (کە پێکهاتووە لە ناوەندی شەنگال، سنونێ و قەیرەوان) و قەحتانیە لە پارێزگای نەینەوا دوو ناوچەی لەو جۆرەن. ئەم ناوچانە لەم شیکارییەدا پێکەوە لەبەرچاو گیراون، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژمارەی دانیشتووان جموجۆڵی شەڕ و ململانێیەکانی ئەم دواییانە تیایاندا هاوشێوەیە، لەڕووی مێژوو و کەلەپووری وابەستە بە توندوتیژی لەیەکچوون، هەروەها نزیکیی جوگرافی لە یەکتر و لە هەرێمی کوردستانی عێراق و سوریا و تورکیا (نەخشەی ٢).

نەخشەی ٢: قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون بۆ ئاوارەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە




گەڕانەوەی ئاوارەکان تا ڕادەیەک لە سەرانسەری قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە بوونیان هەبووە، بەڵام ئەم جموجۆڵانە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەست و گرێدراو بەیەکترییەوە هەر بەکەمی و بە سنووردراوی دەمێننەوە.[٨] ئەم هۆکارانە بریتین لە نیگەرانییەکان لە سەلامەتی و ئاسایش، پێویستی ئاوەدانکردنەوە لەوانەش باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی و بەردەستبوونی دەرفەتە ئابورییەکان، ڕووخانی بەشێکی زۆری شوێنەکانی نیشتەجێبوون، پێویستی لێپرسینەوە، قەرەبووکردنەوە، و پێویستی بەرقەرارکردنی ئاشتەوایی لە نێو کۆمەڵگە دا. سەبارەت بە هەندێک لە دانیشتووانەی ئاوارە، بەربەستەکان بۆ گەڕانەوە لەلایەن لایەنە ئەمنییەکانەوە دروستدەکرێن کە ئێستا لەوێ بوونیان هەیە یان لەلایەن سەرکردە خێڵەکییەکانی کۆمەڵگەوە دروستدەکرێن، لە هەندێک باری دیکەش دا، ئەم ڕێگریانە لەلایەن خودی ئاوارەکانەوە دروستدەکرێن ئەویش بەهەبوون ترسی ئەوەی کە لایەنە ئەمنییەکان یان ئەندامانی کۆمەڵگە چیان بەرانبەر دەکەن ئەگەر بگەڕێنەوە.

زۆری و باویی کەمی و سنوورداربوونی گەڕانەوە تا نەگەڕانەوە و ئەو کاریگەریانەی کە پەیوەستن پێیەوە بووەتە هۆی ئاوارەبوونی درێژخایەنی نزیکەی دە ساڵ لە بۆ بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان. ئەم دۆخە بژاردەکانی بەردەم ئاوارەکان لە چارەسەرکردنی ئاوارەبوونەکانیان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و سەلامەت و ئاگادارانە سنووردار دەکات. دوایین ئاماری ئاوارەبوون ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی ١٨٣ هەزار و ١٦١ کەس لە قەزای شەنگال ئاوارە ماونەتەوە.[٩] ئەم داتایانە بۆ ناحیەی قەحتانیە زانراونین و دیارنین، بەڵام بە گشتی ١٠٣ هەزار و ٧٣٦ کەس لە قەزای بەعاج ئاوارە ماونەتەوە[١٠]. ئاوارەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە بە پلەی یەکەم ئێزدی، عەرەبی سوننە، کوردی سوننە و شیعەن و بە زۆری لە سەرانسەری پارێزگاکانی دهۆک و نەینەوا، لەناو کەمپ و شوێنەکانی دیکەی دەرەوەی کەمپەکاندا لە ئاوارەییدان (نەخشەی ٢) [١١].

تێگەیشتنێکی زیاتر لە بەربەستە تایبەتەکانی بەردەم چارەسەرکردنی ئاوارەبوونی هاوڵاتیان لەو ناوچانەی کە گەڕانەوەیان کەمە یان بێ گەڕانەوەن و ڕێگەکانی بەردەم نەهێشتن و لابردنی ئەم بەربەستانەدا، شتێکی زۆر گرینگە. ئەم شیکارییە ئامانجی پاڵپشتیکردنە لە جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای داهاتووی هاوبەشی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خێراکردنی پلانی نیشتمانی، بەپێی کارنامەی کارکردنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئاوارەبوونی ناوخۆیی.[١٢] هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئاستی گفتوگۆی سیاسی لە وڵاتدا سەبارەت بە چۆنیەتی دابینکردنی بژاردەیەکی ئارەزوومەندانە و ئاگادارانە بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی ئاوارەبوونی درێژخایەن دەبن باشتر بکات. ئەنجامدانی ئەم کارە گرنگە لە کاتێکدا سەرنجی حکومەت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرەو ئەوەن کە جەخت فۆکەس هەر لەسەر ئەو کۆمەڵگانە نەبێت کە بەهۆی شەڕی داعشەوە زیانیان بەرکەوتووە، بەڵکو لە ساڵی ٢٠٢٤ دا فۆکەسەکە فراوانتر بکرێت.[١٣]

ئەم شیکارییە چۆنایەتییە قوڵەی ئەم توێژینەوەیە لەمەڕ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە ڕۆڵی دەبێت لە دیاریکردنی وردەکارییەکانی هۆکارە سەرەکییەکانی ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ئەم ناوچانە و کاریگەرییەکانی کە بەهۆی ئەم ڕێگریکردن و ئاڵۆزیانەوە دروست دەبن، هەروەها بە دەستنیشانکردنی هەر ڕێگایەکی چارەسەرکردن کە ڕەنگە لە ڕوانگەی کارکردنی تیادا هەبێت. ئامانجی سەرەکی ئەم کارەش بریتییە لە دابینکردنی زانیاری لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستەکانی

٧ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون DTMی ڕێکخراوی IOM لە عێراق، گەڕی ١٣٠ی لیستی سەرەکی گەڕاوان چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق، چارەسەرکردنی ئاوارەبوونی ناوخۆیی لە عێراق: چوارچێوەی کار و ستراتیژیەتی نێوان ئاژانسەکان بۆ چارەسەرە هەمیشەییەکان (بەغدا، چارەسەرە هەمیشەییەکانی عێراق، ٢٠٢١).

٨ سەرەڕای ئەوەش، هەندێک لە ئاوارەکان بۆ قەزاکە گەڕاونەتەوە بەڵام هێشتا نەگەڕاونەتەوە ناوچەکانی زێدی خۆیان، لە ئێستادا لە شوێنەکانی دیکەی ناو شەنگال نیشتەجێن. بۆ نموونە، سەیری تۆماری بەدواداچوون DTMی ڕێکخراوی IOM لە عێراق بکە، بەدواداچوونی هاتووانی لەناکاو لە قەزای شەنگال و قەزای بەعاج ١ نیسان-١ تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٩ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون - DTMی ڕێکخراوی IOM لە عێراق ، هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی VII.

١٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١١ ئەمە لیستێکی گشتگیر و تەواوی چین و توێژە زیانلێکەوتووەکانی دانیشتووان نییە.

١٢ بڕوانە کارنامەی کارکردنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ناوخۆیی بۆ ڕاپۆرتی پانێڵی ئاستی باڵای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئاوارەبوونی ناوخۆیی (نیویۆرک، نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٢٢).

١٣ نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان (OCHA)، تێڕوانینێکی گشتی بۆ ڕاگوزەری مرۆیی ٢٠٢٣ (ژنێڤ و بەغدا، OCHA، ٢٠٢٣).

بەردەم چارەسەرە هەمیشەییەکان بە باشترین شێوە بۆ ئەو دانیشتووانانەی کە ڕێگریکردن یان سنووردارکردنی گەڕانەوەیان هەبووە، ئەمەش وەک بنەمایەک بۆ داکۆکیکردن و ئەنجامدانی کارەکان. دواى تێڕوانینێکی گشتی ورد لە دۆخ و ژینگەی ئێستا و باسکردنی ڕێبازی توێژینەوەکە دەرئەنجامەکان دەخرێنەڕوو.

# خستنەڕووێکی گشتی دۆخەکە

قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە یەکێک لە دوورترین شوێنەکانی عێراقن. سەرەڕای دووری فیزیکی لە ناوەندەکانی دەسەڵات لە وڵاتدا، ئەم سروشتە پێکهاتە کەمەنەتەوەیی-ئایینیە هەمەچەشنە گرنگییەکی ستراتیژی هەبووە بۆ دووبارەکردنەوەی یەک لە دوای یەکی کێبڕکێکردن لە سەرکردایەتیکردنی ئەم شوێنانە. هەروەها ئەم ناوچەیە لەدوای شەڕی داعشەوە زیاتر بۆتە شوێنی کێبڕکێکردنێکی هەرێمیی و جیۆپۆلیتیکی فراوانتر، بەشێکیشی بە هۆی پێگە و هەڵکەوتە جوگرافیەکەیەوەیە. کاریگەرییەکانی ئەم کەلەپورە لەلایەن کۆمەڵگە نیشتەجێییەکان و دانیشتوانی ئاوارە بە هەمان شێوە هەستیان پێدەکرێت. بۆ زیاتر ڕۆچوون بە نێو دەرئەنجامەکانی ئەم شیکارییە، ئەم بەشە وردەکارییەکانی جوڵە و داینامیکی پێش و دوای ٢٠٠٣ دەخاتە ڕوو؛ هەروەها شەڕ و ململانێی داعش، دەرهاویشتە و کاریگەرییە جیۆپۆلیتیکییەکانی شوێنەکە؛ ئەو ئاوارەبوون و گەڕانەوانەی کە بەهۆیانەوە دروستبوون؛ و دۆخی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزارییەکانی ئێستا، دامەزراوەکان و بەڕێوەبردنیان، سەلامەتی و ئاسایش، لەگەڵ پەیوەندییان بە کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی، پەیوەندی نێوان گروپ و چین و توێژەکان و هێنانەکایەی دادپەروەری و لێپرسینەوە دەخاتەڕوو.

بۆ ئاماژەپێکردن و وەک نیشاندەرێک بۆ ئاڵۆزی جوڵە و دۆخی ئێستا لە قەزای شەنگال و ناحیە قەحتانییە، شێوەی ١ تێڕوانینێکی گشتی لەسەر لایەنە سەرەکییە پەیوەندیدارەکان دەخاتەڕوو کە ئارەزووی ناوچەکەیان هەیە، کە هەندێکیان لە خوارەوە بە وردی باس دەکرێن.

شێوەی ١: گونجاندنی گشتی هاوبەشە بەشدارەکانی ئێستا

**نێودەوڵەتی**

- نەتەوەیەکگرتووەکان
- ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا
- وڵاتانی بەخشەر
- هاوپەیمانی جیهانی
- تورکیا
- ئێران

**کۆمەڵگە**

- ئاوارەکان
- سەرکردە خێڵەکییەکان و سەرکردەی کۆمەڵگە (ئاوارە و ئەوانەی کەگەڕاونەتەوە)
- ئەندامانی کۆمەڵگە (لە ناوچەکانی ئاوارەبوون و/یان زێد)
- کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانان

**هێزە ئەمنییەکان**

- سوپای عێراق
- دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایشی نیشتیمانی
- پۆلیسی خۆجێی
- هێزەکانی حەشدی شەعبی
- یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال کە لە ئێزدییەکان پێکهاتووە (ی.ب.ش)
- هێزەکانی پێشمەرگە
- یەکینەکانی پاراستنی هاوڵاتیان-ی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (ی.پ.گ)

**حکومەت**

**حکومەتی عێراقی**

- نووسینگەی سەرۆکوەزیران
- حەشدی شەعبی
- نووسینگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی
- دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی
- وەزارەتی بەرگری
- وەزارەتی ناوخۆ
- ئۆفیسی کاروباری خێڵەکی
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران
- مەرجەعیەت (دەسەڵاتی باڵای شیعەکان)
- وەقفی سوننی
- دەسەڵاتداران و بەرپرسانی پارێزگاکان
- بەڕێوەبەری ناحیە و ئیدارەی قەزا (لە شوێنی ئاوارەبوون لە دهۆک)
- کوتلە سیاسییەکان و نوێنەرانی پەرلەمان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

- نووسینگەی سەرۆکوەزیران
- وەزارەتی ناوخۆ
- دەسەڵاتداران و بەرپرسانی پارێزگاکان

**ئیدارە خۆجێیی**

- " دەسەڵاتدارانی "بە وەکالەت"ی ناوچەکانی زێد، لەوانەش هێزە ولایەن و پێکهاتەکانی شەنگال

## تایبەتمەندی و بزوێنەری پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣

قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە کە بە پلەی یەکەم لە پێکهاتەی ئێزدی و موسڵمانەکان (بە شێوەیەکی سەرەکی کورد و عەرەبی سوننە) پێکهاتبوون، شوێنی توندوتیژیی بەرچاوی پێکهاتەیی و پشتگوێخستنی گەشەپێدان بوو لە پێش ٢٠٠٣ و دوای ٢٠٠٣. لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەم ناوچانە کەوتبوونە ژێر هەڵمەتی تەعریبکردن. دانیشتوانی ئێزدی لە گوندەکانیانەوە گواسترانەوە بۆ کۆمەڵگە و شارۆچکە زۆرە ملێیەکانی سەر بە حکومەت و لەڕووی لە خاوەندارێتی موڵک وماڵی خۆیان سنووردار دەکران. خێزانە کوردەکان بە تەواوی لە قەزای شەنگال دەرکران. ئەم هەڵمەتانە بوونە هۆی نیشتەجێکردنی دانیشتوانی عەرەبی سوننە و دابەشکردنەوەی موڵکی ئێزدی و کورد بەسەر ئەو عەرەبە سوننە هاوردانە دا، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەسەر خاوەندارێتی زەوی و زار.[١٤]

لەم ماوەیەدا، لە هەوڵێکی زیاتردا بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکی هاوسەنگی دیمۆگرافی بە قازانجی عەرەبی سوننە، ناحیەی قەحتانیە کە بە پلەی یەکەم ئێزدی بوو لەڕووی ئیدارییەوە لە قەزای شەنگال دابڕدرا و لە شوێنیدا قەزای قەیرەوان کە زۆرینەی عەرەبی سوننە بە قەزای شەنگالەوە لکێندرا،.[١٥]لەبری ئەمە، ناحیەی قەحتانیە  خرایە سەر قەزای بەعاجی زۆرینە عەرەبی سوننە. کۆی ئامانجی ئەم سیاسەتانە کارکردن بوو دژی هەوڵەکانی چارەی خۆنووسین کورد لە دوای ڕێککەوتنی خۆبەڕیوەبەردنی ساڵی ١٩٧٠ کە تێیدا ڕژێمی بەعس ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئۆتۆنۆمی و خوێبەڕێوەبردنی ناوچە زۆرینە کوردییەکان لە باکوری عێراق؛ بەڵام بەشێکی بەهۆی ئەم کارانەی ڕژێمی بەعس و دابڕینی ناوچە کوردییەکان، ڕێککەوتنەکە جێبەجێنەکرا.[١٦]

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، قەزای شەنگال بە بەشێک لە خاکی ناوچە جێناکۆکەکان نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت لە کۆتاییدا دۆخی حوکمڕانییەکەی بەندە بەوەی کە مادەی ١٤٠ای دەستووری عێراقە دیاریکردووە. قەزاکە بە فەرمی لە ژێر ئیدارەی حکومەتی عێراقدا بوو، بەڵام دوای ٢٠٠٣ ماوەیکی زۆر بوو قەزای شەنگال لە ژێر کۆنترۆڵی دیفاکتۆی حکومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوو تا هاتنی داعش لە ساڵی ٢٠١٤. ناحیەی قەحتانیە کە ئێستا بەشێکە لە قەزای بەعاج، بەشێوەیەکی تەواوەتی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە.

لە کاتێکدا دانیشتووانی ئێزدی و عەرەبی سوننە لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە لەڕووی مێژووییەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوورییەکانی نزیکی لەیەکتریان پاراستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ناوچانە لە توندوتیژی تائیفی بەردەر نەبوون کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە سەرانسەری عێراق دا بڵاوبووەوە. لەماوەی ئەم توندوتیژیەش دا، نامیلەکە و وتارەکان لە مزگەوتە ناوخۆییەکانی موسڵ ئێزدییەکانیان بە کافر و دەرچوو لە یاسا ناودەبرد بەهۆی جیاوازی و ناچۆنییەک بوونی بیروباوەڕە ئاینییەکانیان، بە هەبوونی گروپە چەکدارە توندڕەوەکانی وەک قاعیدە زیاتر گرژییەکانی نێوان پێکهاتەکانی موسڵمان و ئێزدییەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی پێکهاتەی قاعیدە عەرەبی سوننە بوون، هەڵگیرساند.[١٧] کاتێک هەواڵێک لە ساڵی ٢٠٠٧دا بڵاوبووەوە سەبارەت بە کچێکی ئێزدی کە لەلایەن خێزانەکەیەوە بەردباران کرا بەهۆی ئەوەی دەیەوێت موسڵمان بێت و هاوسەرگیری لەگەڵ موسڵمانێکدا بکات، توندوتیژی سەریهەڵدا و ژمارەی هێرشە مەترسیدارەکانی دژی ئێزدییەکان بە خێرایی زیادیکرد،[١٨] لەڕاستیدا مەترسیدارترین و کوشندەترین هێرشی دژی ئێزدییەکان لە عێراق ناردنی چەند بارهەڵگرەکانی پڕ لە بۆمپ و تەقەمەنی بوو بۆ ناحیەی قەحتانیە و گوندەکانی جەزیرە لە مانگی ئابی ٢٠٠٧، کە نزیکەی ٨٠٠ کەس کوژران و هەزاران کەسیش برینداربوون[١٩]. ئەگەرچی کە گوماندەکرا ڕێکخراوی قاعیدە لە پشت ئەم هێرشەوە بێت، بەڵام هیچ گروپێک بەرپرسیارەیەتیەکەی نەگرتە ئەستۆ.

زۆری کۆی ژمارەی کوژراوان بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ تەلارسازی گوندەکان: زۆربەی پێکهاتەکانی ناوچەکە خانووی بەرد و قوڕ بوون کە بە ئاسانی لە تەقینەوەکاندا ڕووخان و بەسەریەک دا کەوتن[٢٠]. ئەم تایبەتمەندیە تەلارسازیەی خانووی بەرد و قوڕی ئێزدییەکان لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە دەرخەری ئەوەیە کە ئەو ناوچانە لەمێژە ڕووبەڕووی پەراوێزخستن و لەڕووی گەشەپێدانەوە پشتگوێخستن بوونەتەوە. داتاکانی ساڵی ٢٠١٢ ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ناوچانە هەندێک لە بەرزترین ڕێژەی ناسەقامگیری و هەژاری و گەندەڵی هەستپێکراوی دامەزراوەکانیان تێدایە، بە بەراورد بە باقی عێراق.[٢١]ئەم دەرئەنجامانەش جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە کە شکستی و لاوازای ئەم ناوچانە پێش داعش بووە و شەڕو ململانێکانی داعش زیاتر و توندتری کردووە.

## شەڕ و ململانێی داعش، سەرەتای کاریگەری ئاڵۆزییە جیۆساسییەکان

داعش قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییەی گرت لە دوای کشانەوەی پێشوەختەی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەتی عێراق لەو ناوچانە، لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٤,[٢٢] ئەو گروپە چەکدارە پێشێلکارییەکی کوشندە و بەرفراوانی مافی مرۆڤی بە پلەی یەکەم دژی دانیشتوانی ئێزدی ئەنجامدا. ئەم پێشێلکاریانە، لەنێویشیان دا کوشتن، ڕفاندن، بازرگانیکردن، توندوتیژی سێکسی دەرەوەی یاسا، بێڕێزیکردن بە شوێنە پیرۆزەکانی ئێزدی و شیعە و وێرانکردنێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەکانی هەموو پێکهاتەکانی ناو قەزاکانی ناوەندی شەنگال، ناحییەکانی قەیرەوان و قەحتانیە ئەنجامدا. هەروەها داعش ئەو دانیشتووانەی سوننانەی کردە ئامانج کە هەوڵی هەڵاتنیان دەدا. هێزە ئەمنییەکان، لەوانەش هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، هەروەها گروپە چەکدارە پاڵپشتیکراوەکانی دەرەوە (پەکەکە و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)) و شانە ناوخۆییەکانی تازە دروستکراوەکان، یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال (یەبەشە) پێکهاتووە لە ئێزدی، کە لەگەڵ پەکەکە و یەپەگە هاوتەریب و کۆکن، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥دا قەزاکانی ناوەندی شەنگال و ناحیەی سنونێ کۆنترۆڵکردەوە؛ ناحییەکانی قەیرەوان و قەحتانیە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و یەبەشەوە کۆنترۆڵکرانەوە.

هەموو ئەم هێزانە لەسەر ئەرزی واقیع لە شوێنەکە ماونەتەوە، هەڵبەت لە

١٤ سامان داود، ”ئایا مافە نوێیەکانی خاوەندارێتی زەوی دەبێتە یاریگۆڕکەر بۆ ئێزدییەکانی عێراق؟“ ئەمواج نیوز، ٧ی ئازاری ٢٠٢٣؛ سەلام السنجاری، شەنگال شار و شاخ: توێژینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵناسی لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠-١٩٨٠ی زایینی، بەغدا، سەلام السنجاری، ٢٠٢١، (ل١٤١، ١٤٩).

١٥ ئوسامە غەریزی، «خەبات بۆ شەنگال: بۆچوونی عێراقییەکان سەبارەت بە ئاسایش و ئارامی لە و قەزایە ناکۆکی لەسەرە»، پەیمانگای ئاشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٥ی نیسانی ٢٠٢١.

١٦ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٧ سێباستیان مایسل، «توندوتیژی تائیفی: کەیسی ئێزدییەکان لە عێراق و سوریا»، پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ٢٣ی تەمموزی ٢٠١٤.

١٨ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٩ ئەندرۆ واندەر، «چۆن بۆمبە خۆکوژییەکان عێراقی لەباریەک هەڵتەکاند»، ئەلجەزیرە، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.

٢٠ دامیان کەیڤ و جەیمس گلانز، «ژمارەی تەقینەوەکانی عێراق بۆ زیاتر لە ٥٠٠ تەقینەوە بەرزبۆوە»، نیویۆرک تایمز، ٢٢ی ئابی ٢٠٠٧.

٢١ ڕاپرسی ئابووری-کۆمەڵایەتی خێزانە عێراقییەکان، داتابەیس بەپێی ڕێکخراوی ئامار و تەکنەلۆژیای زانیاری، وەزارەتی پلاندانان، حکومەتی عێراق، فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، حکومەتی عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی (٢٠١٢)؛ و ڕاپرسی تۆڕی زانیاری عێراق. داتابەیسی فەرمانگەی ناوەندی ئاماری حکومەتی عێراق (٢٠١١).

٢٢ چاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، «بارزانی لەسەر کشانەوە لە شەنگال ڕەخنەی توندی لە بەرپرسانی پێشمەرگە دەگرێت»، چاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٢ی شوباتی ٢٠١٥؛ و گروپی نێودەوڵەتی قەیران (ICG)، بردنەوەی شەڕی دوای داعش لە عێراق بۆ شەنگال، ڕاپۆرتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە ١٨٣ (برۆکسل، ICG، ٢٠١٨).

گرژی و پێکدادان لەگەڵ یەکتری بەدەر نەبوون،[٢٣] تا مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧. لەو ماوەیەدا، لە وەڵامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کورد کە مانگێک پێشتر ئەنجامدرا، فیرقەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە سەرانسەری ناوچە جێناکۆکەکاندا پێشڕەوییان کرد لەنێویاندا قەزای شەنگال. لە ئەنجامدا هێزە ئەمنییە کوردییەکان لە قەزای شەنگال بەرەو باکور ڕووەو خاکی هەرێم کشانەوە و بەشێکی زۆری ناوچەکەیان بۆ سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەجێهێشت، تا دەگاتە سنوری سوریا. ئەم هێزانە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو خاکەیان نەکرد کە لە قەزاکەدا لەژێردەستی یەپەشە دابوون و هێزەکانی یەپەشە لە دووری ١٥ کم لە سنوور مانەوە.[٢٤]

هەبوون و جێگیربوونی ئەم هەموو هێزە ئەمنییە جۆراجۆرانە و گروپە چەکدارەکان لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕ و ململانێی داعش ڕەنگدانەوەی کێبڕکێییە یک لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەسەر ناوچەکە هەیانە. هەروەها ناوچەکەیان ڕاکێشاوەتە ناو جوڵەیەکی بەرفراوانتری ناوچەیی و کێبڕکێیەکی فراوانتر بەرۆکی عێراقی گرتووە. بوونی پەکەکە جێگای نیگەرانییەکی گەورەیە بۆ تورکیا، کە ئەو چەکدارەکانی ئەم گروپە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانێت (هەروەک ئەمریکا، بەریتانیا و یەکێتیی ئەوروپا و ئەوانی دیکە بە تیرۆرستی دەزانن). لەم ڕووەوە، تورکیا هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە ڕکابەرێکی سیاسی مێژوویی پەکەکەیە[٢٥]. تورکیا چەند ئامانجێکی درێژخایەنتری لە ناوچەکە هەیە، لەوانەش هەبوونی خاڵی سنووری ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەبوونی هێلی ئاسنین بۆ شاری موسڵ هەردوو ئامانجەکەش لە شوێنێکەوەیە کە ئێران بە ڕێکخراوە هاوبەشەکانی لە عێراق و سوریا دەبەستێتەوە [٢٦]. هەبوونی میلیشیا شیعەکانی حەشدی شەعبی سەر بە ئێران گروپەکانی دیکەی هاوبەش و گرێدراو بە ئێران بە شێکە لە ڕاڕەوی شیعیی کە ئێران بە سوریا دەبەستێتەوە. حەشدی شەعبی ئاسانکاری ئەم بەستنەوەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکات، لەنێویشیان دا بەشداریکردنی ئێران لە شەڕ و ململانێیەکانی سوریا، لە هەمان کاتیش دا ئێران و حەشدی شەعبی پەیوەندییەکی لەسەر بنەمای قازانجی دوولایەنە لەگەڵ پەکەکە و یەپەشەدا هەیە. هەبوونی سروشتی پەیوەندییەکی سنووری لەم شێوەیە، بەتایبەت لەگەڵ پەکەکە، وا دەکات هەموو ئەو لایەنانەکان بەشداربن لە زیادبوونی قاچاخی نێوان عێراق و سوریا.

## شێوازەکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە

دوو شێوازی جیاواز ئاوارەبوون لە نێوان دوو گەورەترین گروپ و چین و توێژی کەمەنەتەوەیی-ئاینی لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە لە سەرەتای شەڕی داعشدا سەریانهەڵدا. لەگەڵ هاتنی داعش، زۆرینەی ڕەهای ئێزدییەکان (و ژمارەیەکی کەمی عەرەبی سوننە) لە نێوان مانگی حوزەیران و ئابی ٢٠١٤ ئاوارەی هەرێمی کوردستانی عێراق بوون. پاشان لە نێوان ئەیلوولی ٢٠١٤ تا ناوەڕاستی ٢٠١٥، بەشێکی زۆری دانیشتوانی عەرەبی سوننە ئاوارەی موسڵ یان سوریا بوون، بەهۆی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بۆ دەرکردنی داعش لەو شوێنانە. شێوازەکانی گەڕانەوە نەک تەنیا بەپێی ناسنامەی گروپ و چین و توێژبوو، بەڵکو بەپێی شوێنەکانیش جیاواز بوون. ئێزدییەکان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥ دەستیان بە گەڕانەوە بۆ ناحیەی سنوونێ کرد، لە کاتێکدا گەڕانەوە بۆ ناوەندی قەزای شەنگال تا ساڵی دواتر بە جددی دەستیپێنەکرد و گەڕانەوە بۆ ناحییەکانی قەیرەوان و قەحتانیە تا دوای ٢٠١٧ ژمارەکەی بەرز نەبۆوە.

جوڵە و گۆڕانکاری نوێ لە ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ زیاتر هاندەربووە بۆ گەڕانەوەی ژمارەیەکی دیکەی ئێزدییەکان. نیگەرانییەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ لە کەمپەکان و بارگرانی ئابوری لە ئاوارەیی بەهۆی گرتنەبەری ڕێککارەکانی قەدەغەکردنی هاتووچۆ بەهۆی کۆڕۆناوە، هەندێک لەو هۆکارانەبوون. هەروەها پێویستی ئەو خێزانانەی کە ئەندامێکی خێزانەکەیان لە شەنگال کاردەکات بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ پێکەوە بمێننەوە (لەبەرئەوەی هاتووچۆ لە نێوان پارێزگارەکاندا سنووردارکرابوو). ئەم هۆکارانە هاوکاتبوون لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخی کەمپی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆک و بوونە هۆی گەڕانەوەی خێرا. ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ کە تا کۆتایی ئەو ساڵە سەرجەم کەمپەکانی ئاوارەکان دادەخات، بوونە هۆی گەڕانەوەی خێزانە عەرەبە سوننەکانی بۆ قەزای شەنگال بە تایبەتی بۆ خودی قەزای شەنگال و ناحییەکانی سنوونێ و قەیرەوان، لەبەرئەوەی ئەو کەمپانەی کە تیایاندا نیشتەجێبوون، دەستکرا بە داخستنیان.

سەرەڕای ئەم گەڕانەوانە، هێشتا زۆربەی دانیشتوانی ئێزدی و عەرەبی سوننە ئاوارەن. ئەم ڕەوتەی گەڕانەوە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٣دا بۆ ئێزدییەکان پێچەوانە بۆوە، کاتێک سەدان خێزانی ئاوارە زۆرینەیان بۆ قەزای شەنگال گەڕانەوە؛ ئەم جوڵانەی گەڕانەوە بەهۆی کاریگەریی قسەی ڕقاوییەوە بوو کە کۆمەڵگەی ئێزدییان دەکردە ئامانج – ئەوەش دەرئەنجامی سەرادانیکردنی ژمارەیەکی کەم لە خێزانە عەرەبە سوننەکان بوو لە نیسانی ٢٠٢٣ [٢٧]دا– هەروەها بەهۆی ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە ئاوارەبوونی درێژخایەن و حەزو ئارەزووی یەکگرتنەوە بوو لەگەڵ خزم و کەس و دۆستانیان[٢٨]. لە هەمان کاتیشدا، لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە، ژمارەی ئەو ئێزدییە ژن و پیاوانەی کە بە خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل-ی پارێزگای دهۆکەوە بۆ وڵاتی تورکیا ڕۆیشتوون بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە[٢٩]. ئەم هاوڵاتییە ئێزدیانەش یان لە شوێنەکانی ئاوارەبوونیانەوە دێن لەنێو پارێزگای دهۆک یان لە ناوچەکانی زێدی خۆیانەوە دێن، بەتایبەتیش لە خودی قەزای شەنگال. بەگشتی، ئەوانەی بیر لە کۆچکردن دەکەنەوە بەدوای دۆخێکی ئابوری و سەلامەتی باشتردا دەگەڕێن[٣٠]. بارودۆخی ناستاندارد و نالەباری ژیانکردن لە ئاوارەیی دا، بەردەوامی نەبوونی ئەمنیەت و ناسەقامگیری سیاسی لە ناوچەکانی زێد و ترس لە دامەزراندنی زۆرەملێ لە گروپە چەکدارەکان لە ناوچەکانی زێد ڕۆڵێکی زیاتریان بینیووە لەو کۆچپێکردنەی ئێزدییەکان بۆ دەرەوەی وڵات[٣١]. سەبارەت بە دانیشتوانی عەرەبی سوننە، داتاکانی ئەم دواییەی ڕاپرسی و ڕووپێوییەکانی خێزانەکان ئاماژە بە یەکانگیربوونی هۆکارە ماددی و هۆکارە ئەمنییەکان دەکەن وەک بەربەستی سەرەکییان بەردەم گەڕانەوەیان[٣٢].

بۆ هەردوو گروپەکە (ئێزدییەکان و عەرەبی سوننە)، داتاکان ڕێژەی گەڕانەوەی لەسەدا ٤١ بۆ قەزای شنگال بە گشتی نیشاندەدەن، لە کاتێکدا ئەم داتایانە بە تەنیا بۆ ناحیەی قەحتانییە لەبەردەستدا نین. جموجۆڵی گەڕانەوە لە ١٥٠ شوێن لە سەرانسەری قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە هەبووە. زۆربەی (٦٥٪)ی

٢٣ بۆ نموونە، بڕوانە ڕێکار حسێن و سیروان کاجۆ، «شەڕ لە نێوان کوردان لە شەنگال دەتوانێت ڕێگری لە شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلامی بکات»، دەنگی ئەمریکا، ٣ ئازاری ٢٠١٧.

٢٤ ICG، بردنەوەی شەڕی دوای داعش.

٢٥ ICG، عێراق: سەقامگیرکردنی قەزای شەنگال-ی کێبڕکێ لەسەرکراو، ڕاپۆرتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە ٢٣٥ (برۆکسل، ICG، ٢٠٢٢).

٢٦ سەردار عەزیز، ئێروین ڤان ڤین، و ئەنگین یوکسل، دەستێوەردانەکانی تورکیا لە سنورەکانی دەرەوەی نزیک لە وڵاتەکەی: کەیسی هەرێمی کوردستانی عێراق (لاهای، پەیمانگای کلینجێندێل، ٢٠٢٢).

٢٧ پێدەچێت بەهۆی شێوازی سەردانەکەوە، خێزانە سەردانکەرەکان بە یاوەری هێزە ئەمنییەکان و بە هەماهەنگی سنووردار لەگەڵ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان ئەنجامدەدرێت. خێزانە سەردانکەرەکان چاویان بەنارەزایەتی دەربڕەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی نیشتەجێی ناوچەکەیان کەوت، کە دواتر چەندان حاڵەتی بێشوماری وتار و قسەی توندوتیژی دژی ئێزیدییەکان بە تایبەتی لە سەرانسەری نەینەوا و دهۆک بەدوای خۆیدا هێنا. بڕوانە، کەرکوک ئێستا، «کەس نەچووە ناو مزگەوتی ڕەحمان، هیچ شتێک نەسووتا»، کەرکوک ئێستا، ٢٩ی نیسانی ٢٠٢٣.

٢٨ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-DTM ی ڕێکخراوی IOM عێراق، بەدواداچوونی باری لەناکاوی گەیشتووان لە قەزای شەنگال و قەزای بەعاج ١ نیسان تا ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٢٩ ڕێکخراوی IOM عێراق، «کۆچی ئێزدییەکان لە عێراقەوە بۆ تورکیا: ڕەوت و پاڵنەر و کەمدەرامەتی و لاوازییەکان» (بەغدا، ڕێکخراوی IOM، لە داهاتوودا).

٣٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٢ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-DTM ی ڕێکخراوی IOM عێراق، بێ گەڕانەوە، گەڕی ١٢٩.

ئەم شوێنانە لە نێوان نیوە یان کەمتر لە نیوەی دانیشتوانی ڕەسەنی خۆیان گەڕاونەتەوە[٣٣]. هەروەها ڕاپۆرتەکان باسی ئەوەدەکەن کە ١٣ شوێن هەن کە لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ەوە هیچ گەڕانەوەیەکیان تێدا تۆمار نەکراوە، شوێنەکانیش دەکەونە ناوەندی قەزای شەنگال و ناحیەکانی قەیرەوان و قەحتانیە[٣٤]. ناوەندی شەنگال و ناحیەی سنوونێ ڕێژەی گەڕانەوەیان مامناوەندە (تەنانەت ئەگەر زۆرێک لە شوێنەکان هێشتا دانیشتووانی کەمیان هەبێت)، لەوکاتەی ناحییەکانی قەیرەوان و قەحتانیە ڕێژەی گەڕانەوەیان نزمە.

## خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزارییەکان

لە دوای بەفەرمی کۆتاییهاتنی شەڕ و ململانێیەکانەوە، قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە بە گشتی جۆرێک لە سەختترین بارودۆخی ژیانیان هەبووە بە بەراورد بە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی تری شەڕ و ململانێیەکان، بە تایبەتی لە ڕووی ڕووخان و وێرانبوونی شوێنەکانی نیشتەجێبوون، دەستڕاگەیشتن بە خستنەسەرکار، بوژانەوەی کشتوکاڵ و/یان ئیش و کار خستنەسەرکار لە کەرتی گشتی و دابینکردنی ئاو.[٣٥] دۆخەکە لە ناحییەکانی قەیرەوان و قەحتانییە، کە ژمارەیەکی کەمتری خێزانەکان بۆیان گەڕاونەتەوە، لەڕووی ئەم لایەن و خزمەتگوزاریانەوە وێران و کارەساتبارە، ئەمەش لەپاڵ کەمی دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی.

ڕێککەوتنی شەنگال بۆ ساڵی ٢٠٢٠ (لە خوارەوە باسکراوە) پابەندبوون بە پێدانی ١٨ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بە سندوقی ئاوەدانکردنەوەی شەنگال لەخۆگرتبوو؛ بەڵام ئەم پارانە بەهۆی قەیران و چەقبەستووی سیاسییەوە خەرج نەکراون[٣٦]. هەروەها لە بودجەی پەسەندکراوی ئەم دوایەی حکومەتی فیدراڵی تەرخانکردنی بڕی ٣٨ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی شنگال و دەشتی نەینەوا لەخۆدەگرێت کە لە کاتی شەڕی داعشدا وێرانبوون و سندوقی ئاوەدانکردنەوەی ٣٨١ ملیۆن دۆلاری دیکەی تەرخانکرد بۆ هەژارترین پارێزگاکان کە ئامانج لێی باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکانە [٣٧]. لەگەڵ ڕاگەیاندنی بودجە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣، گروپ و چین و توێژە ئێزدییەکان داوایان لە حکومەتی عێراق کرد بودجەی تایبەتتر بۆ ئاوەدانکردنەوەی قەزای شەنگال دابینبکات، گوتیان ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخانکراوە بەشی ئەو پێداویستیانە ناکات کە لە ئێستادا هەن.[٣٨]

## دامەزراوەکان و ئیدارەدان و بەڕێوەبردنیان

کاتێک کە قەزای شەنگال لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٧ لە دەست داعش دەرهێنرا، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بە کۆنترۆڵکردنی دیفاکتۆی ناوچەکە کردە. ئەم دۆخەکە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ گۆڕانکاری بەسەرداهات بە گۆڕانی پێکهاتەی ئەمنی لە قەزاکەدا لە کاردانەوە بە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کورد. بە تایبەتی کاتێک هێزە کوردییەکان بەرەوە ناو خاکی هەرێمی کوردستان کشانەوە، ئیدارەی خۆجێیی کە لە قەزای شەنگال هەبوو بەهەمان شێوە هاتنە کوردستان. لەو کاتەوە، بەڕێوەبردنی قەزاکە چەندان ڕێککەوتن و ڕێکخستنی فەرمی و نافەرمی لەسەرکراوە کە ئەم لایەنانەی خوارەوە تێیدا بەشداربوونە:

- بەرپرسانی خۆجێیی سەر بە حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە دەرەوەی قەزاکەوە کاردەکەن و کارە ئیدارییەکان ڕاییدەکەن، بە شێوەیەکی سەرەکی لە پارێزگای دهۆکەوە؛
- هێزەکانی حەشدی شەعبی کە بنکەکەی لەناو قەزاکەدایە (لەوانەش لیواکانی هاوپەیمانی ئێران) کە پێکهاتوون لە دانیشتوانی ناوچەکە و هەروەها ئەوانەی لە باشوری عێراقەوە هاتوون؛
- قۆڵی سیاسی، بەناو "خۆبەڕێوەبردن"، سەر بە هێزەکانی یەبەشە کە بنکەکەی لە قەزاکەیە و ئەندامەکانی لە خەڵکی شەنگال و هێزە نیشتمانییەکان پێکهاتووە و سەر بە هەموو لایەنە سیاسییەکانن بە تەواوی کەمەنەتەوەیە-ئاینییەکانی قەزاکەوە، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێت.

هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ چەسپاندنی خۆی و مانەوەی خۆی لە قەزای شەنگال، پشتگیری لە یەبەشە و خۆبەڕێوەبردنەکەی دەکات، کە هەوڵدەدات هەندێک کاری بیرۆکراتی لە ناوچەکەدا ئەنجامبدات. بە تایبەتی کە حەشدی شەعبی سەرۆکی شارەوانی قەزاکە و ناحییەکانی لە کەسانی دڵسۆز ئەندامانی خۆیانی بۆ خۆبەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەو شوێنانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنیان لەلایەن سەرکردایەتی نیشتمانی گشتی خۆی لە لیژنەیەکی سەربەخۆیانەوە خستە سەرکار[٣٩]. بەڵام حکومەتی عێراق هەرگیز ددان بەم دیاریکردنانەی حەشدی شەعبی دانانێت هەرگیز بەدواداچوونی بۆ نەکرد بۆ ئەوەی داوای فەرمی گۆڕینی ئەو ئیدارەیە بکات کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دانراوە و لە پارێزگای دهۆکەوە کارەکانی دەکات[٤٠]. بۆیە، حکومەتی عێراق و دەسەڵاتدارانی پارێزگای نەینەوا بە فەرمی بە تەنیا ددان بەو ئیدارەیە دەنێن کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو شوێنانە دانراون. ئەمە بە کردەوە مانای ئەوەیە کە دانیشتووانی قەزای شەنگال و ئاوارەکان دەبێ خۆیان لە پێگە و دامودەزگاکانی حوکمڕانی دابن کە لە ناو قەزاکە و دەرەوەی قەزاکەدا کارەکان ڕاییدەکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە پاڵپشتی لایەنێک یان لایەنێکی دیکە دەکەن (یان هیچ لایەنێک ناکەن).

ئەم جوڵە و گۆڕانکارییەش بەردەوامە لە دوای ڕێککەوتنی شەنگال لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بە نێوەندگیری حکومەتی بەغدا و هەولێر، بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری لە عێراق (یۆنامی) ئەنجامدرا، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئیدارییەکان و دابینکردنی ئەمنیەت و گەڕانەوە، لەنێو خاڵەکانی تری نێو ڕێککەوتنەکە بۆ قەزاکە (خشتەی ١).

٢٧ پێدەچێت بەهۆی شێوازی سەردانەکەوە، خێزانە سەردانکەرەکان بە یاوەری هێزە ئەمنییەکان و بە هەماهەنگی سنووردار لەگەڵ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان ئەنجامدەدرێت. خێزانە سەردانکەرەکان چاویان بەنارەزایەتی دەربڕەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی نیشتەجێی ناوچەکەیان کەوت، کە دواتر چەندان حاڵەتی بێشوماری وتار و قسەی توندوتیژی دژی ئێزیدییەکان بە تایبەتی لە سەرانسەری نەینەوا و دهۆک بەدوای خۆیدا هێنا. بڕوانە، کەرکوک ئێستا، «کەس نەچووە ناو مزگەوتی ڕەحمان، هیچ شتێک نەسووتا»، کەرکوک ئێستا، ٢٩ی نیسانی ٢٠٢٣.

٣٣ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-DTM ی ڕێکخراوی IOM عێراق، پێرستی گەڕانەوە، گەڕی ١٩.

٣٤ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-DTM ی ڕێکخراوی IOM عێراق، ڕاپرسی و ڕووپێوی تاقیکاری خێزانەکانی نەینەوا، حوزەیرانی ٢٠٢٣.

٣٥ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-DTM ی ڕێکخراوی IOM عێراق، پێرستی گەڕانەوە، گەڕی ١٩.

٣٦ هیومان ڕایتس ووچ، «عێراق: شەڕی سیاسی ناوخۆیی ڕێگری لە ئاوەدانکردنەوەی شەنگال دەکات»، هیومان ڕایتس ووچ، ٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٣.

٣٧ حەمزە حەداد، «شیکاری: بودجەی نوێی عێراق ڕەنگە زیاتر لەوەی یارمەتی بدات، بەربەست دروست کات»، ئەلجەزیرە، ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٣.

٣٨ دامەزراوەی ئازادی ئێزدی و هاوکارانی، «داواکردنی بڕی بە بڕی ١,٥ ملیار دۆلار بۆ سندوقی ئاوەدانکردنەوەی شەنگال تا ٣ی ئابی ٢٠٢٤»، بەیاننامەی گشتی، ٢٧ی تەمموزی ٢٠٢٣؛ و ئەمبێرین زەمان، «داوای ئێزدییەکانی عێراق بۆ بەغدا بۆ وەرگرتنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شەنگالی ڕەسەنی خۆیان»، ئەلمۆنیتەر، ٢٧ی تەمموزی ٢٠٢٣.

٣٩ ICG، عێراق: سەقامگیرکردنی قەزای کێبڕکێ لەسەرکراوی شەنگال.

٤٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**خشتەی ١: خستنەڕوویێکی گشتی ڕێککەوتننامەی شەنگال**

لە ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ لەلایەن وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم و جێگری سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی حکومەتی عێراق واژۆ کراوە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن. ڕێککەوتنی گەڕانەوەی سەقامگیری و ئاساییکردنەوەی دۆخی لە قەزای شەنگال (ڕێککەوتننامەی شەنگال) سێ تەوەر لەخۆدەگرێت کە تایبەتن بە: ئیدارەدان و بەڕێوەبردن، ئاسایش و ئاوەدانکردنەوە. لیژنەیەکی مەیدانی هاوبەش پێکهێنرا بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو بڕگانەی کە بۆ تەوەرەکان ئیدارەدان و بەڕێوەبردن و ئەمنیەت دیاریکراون.

تەوەری ئیدارەدان و بەڕێوەبردن بریتییە لەوەی سەرەتا هەڵبژاردنی قەئیمەقامێکی نوێی سەربەخۆ و پیشەیی و قبوڵکراوی قەزاکە بەگوێرەی میکانیزمە دەستوری و یاساییەکان و، دووەمیش لەبەرچاوگرتنی کاندیدەکان بۆ پۆستە کارگێڕییەکانی دیکە لەسەر بنەمای پیشەیی و دەستپاکی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی قەزاکە.

لە تەوەری ئەمنیدا هاتووە کە قەزاکە تەنیا لەلایەن پۆلیسی خۆجێی و دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری نیشتمانییەوە دەپارێزرێن، هەموو پێکهاتە چەکدارییەکانی دیکە دەگوازرێنەوە دەرەوەی قەزاکە. لەم تەوەرەدا هاتووە کە لایەنی ئەمن و ئاسایش زیاتر بەهێزتر دەکرێت لەڕێگەی دامەزراندنی دوو هەزار و ٥٠٠ ئەندام بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە شەنگال، دڵنیابوون لە بەشدارییپێکردنی دادپەروەرانەی شەنگالییەکان کە لە ئێستا دا لە کەمپەکانی ئاوارەکان نیشتەجێن. لە کۆتاییدا ڕێککەوتن کراوەی لەسەر کۆتاییهێنان بە بوونی هەژموونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە قەزاکە و ناوچەکانی دەوروبەری، بەجۆرێک کە ڕێکخراوەکە و لقەکانی هیچ ڕۆڵێکیان لە شەنگالدا نەبێت.

لە تەوەری ئاوەدانکردنەوەکەداهاتووە دانانی لیژنەیەکی هاوبەشی جیا بۆ ئاوەدانکردنەوەی قەزاکە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی پارێزگای پارێزگای نەینەوا. ئاستی لیژنەکە و باسکردنی ئەرکەکان لەلایەن سەرۆکوەزیرانی فیدراڵی و سەرۆکوەزیرانی هەرێمەوە دەستنیشاندەکرێت.

لە کاتێکدا ڕێککەوتننامەی شەنگال لە سەرەتادا وەک دەرئەنجامێکی ئەرێنی لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا و تورکیا و هەندێک چین و توێژی دانیشتوانی ئێزدییەوە سەیر دەکرا، لەوانەش چالاکوانان و گروپە سیاسییە ناکۆکەکان، بەڵام لەگەڵ کاڵبوونەوەی ڕێککەوتننامەکە و دروستبوونی کەڵێن تیایدا، پیشتوانییەکان نەمان،[٤١]لەوانەش بەهۆی نەبوونی:

- ڕۆڵێکی دیاریکراو بۆ لایەنە نێودەوڵەتییەکان وەک گەرەنتیکەری ڕێککەوتننامەکە؛
- دیاریکردنی ماوەی کاتێکی ڕوون و گەرەنتیکردنی دیاریکردنی بودجە بۆ جێبەجێکردنی؛
- بەشدارییپێکردنی ئێران کە دەیتوانی کاریگەری لەسەر لایەنەکان لەسەر زەمین دروست بکات بۆ ڕێزگرتن لە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە؛
- بەشدارییپێکردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (یەکێتی)، کە دەیتوانی وەک نێوەندگیرێک لە نێوان پارتی و یەبەشە و هاوتاکانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵبگێڕێت؛
- بەشدارییپێکردنی بریکارانی دەسەڵات لەسەر زەوی لە قەزای شەنگال لەوانەش لیوا تایبەتەکانی حەشدی شەعبی، یەبەشە و خۆبەڕێوەبردن؛
- بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان[٤٢].

بە تێکڕا ،گشتگیرنەبوونی لایەنە دانوستانکارەکاندا وایکرد کە ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی یەبەشە بکات و بێ ئەوەی هیچ جێگرەوەیەک بۆ ئەندامەکانی دابنرێت و هیچ ئاماژەیەک بە ڕۆڵی خۆبەڕێوەبردن نەکات، بەشێوەیەکی تاکتیکی قەدەغەی بکات. بۆیە ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن لە قەزای شەنگال بەڕاشکاوی ڕێککەوتنەکەی ڕەتکردۆتەوە بە بیانووی ئەوەی ئەوان و دانیشتوانی فراوانی شەنگالییەکان بەشدار لەم جۆرە بڕیاردانەدا بەشدارپێنەکردووە. لە ڕاپرسییەکی ئەم دواییەی دانیشتوانی قەزای شەنگالدا دەرکەوتووە کە لە سەرانسەری ئەم پێکهاتانەدا، نزیکەی لەسەدا ٨٠یان بە هیچ شێوەیەک زانیارییان لەسەر ڕێککەوتنەکە نەبووە، لەسەدا ١٦یان بیستبوویان بەڵام وردەکارییەکانیان نەدەزانی و تەنیا لەسەدا ٣یان زانیارییان لەسەر ڕێککەوتنەکە و تەوەرە و بڕگەکانی هەبووە[٤٣]. پێدەچوو دانیشتوانی قەزای قەیرەوان زۆرترین ئاگاداری و زانیاریان لەسەر ڕێککەوتنی شەنگال هەبێت هەرچەندە وردەکارییەکانی نەدەزانی (٢٤٪). لە هەڵسەنگاندنی ئەو نموونەی ئاوارەکانی شەنگال کە نیشتەجێی دهۆکن، یەک لەسەر سێیان ئەو ڕێککەوتنەیان بیستبوو و لەسەدا ٩ی دیکە وردەکارییەکانی دەزانی[٤٤]. هەبوونی ئەم بۆشاییە لە زانیاریدا ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەو ئیدارە و بەڕێوەبردنە بێت بێت کە ئاوارەکان و گەڕاوەکان لەژێریدا دەژین.

دوای سێ ساڵ لە واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، زۆر کەمی جێبەجێکراوە. قەزای شەنگال تا ئێستاش قائیمەقامێکی دیاریکراوی نییە و بەردەوامە لە هەبوونی پێکهاتەی حوکمڕانی هاوتەریب. ئاوەدانکردنەوە هێشتا وەستاوە و بڕگەکانی تەوەری ئەمنی کەمترین جێبەجێکردنیان هەبووە. لەنێو ئەو بڕگە ئەمنییانەی کە جێبەجێکراون، ڕاهێنانی یەکەم گروپی دامەزراوانی پۆلیسی خۆجێی کە ئێستا چاوەڕێی ئۆتۆمبێل و پشتیوانی لۆجستی دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستەکانیان لە ناحیەی قەحتانیە. بڕیارە وەجبەی دووەم لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ ڕاهێنانیان پێبکرێت.

بەمەبەستی هاندانی بەرەوپێشبردانی کارەکان لەم بارەیەوە، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق/بەرپرسی یونامی و بەرپرسانی ئەمریکا، لەنێو ئەوانی تردا، داوای جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتنی شەنگالیان لەمساڵدا دووپاتکردووەتەوە[٤٥]. حکومەتی عێراقیش لەم دواییانەدا پابەندبوونی خۆی بە کارکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێم لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دووپاتکردۆتەوە[٤٦]. لەپاڵ ئەوەش دا، حکومەتی عێراق لەگەڵ شاندێکی هەماهەنگیی پێکهاتە نیشتمانییەکان و هێزە نیشتمانییەکانی شەنگال کۆبووەوە و باسیان لە پێویستی دەستەبەرکردنی باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ قەزای شەنگال و دانانی ئیدارەیەکی خۆجێی بەهێز بۆ یارمەتیدانی چارەسەرکردنی بەردەوامی ئاوارەبوونی دانیشتووانەکەی کرد[٤٧]. ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ ئەنجامێکی دابەشکراوی لە نێوان لایەنە سەرەکییەکان هێنایە کایەوە، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر هێزی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە هەبێت، کە ئەگەری ئەوەش هەیە جارێکی دیکە پرۆسەکە دەستپێبکاتەوە یان بیوەستێنێت[٤٨].

٤١ هەمان سەرچاوە پێشوو.

٤٢ لیزی پۆرتێر، «سەرەڕای بەڵێنەکانی حکومەت، ژیان لە شەنگال لە وەستاندایە»، مرۆیی نوێ، ٣٠ ئازاری ٢٠٢١؛ و ICG، عێراق: سەقامگیرکردنی قەزای کێبڕکێ لەسەرکراوی شەنگال.

٤٣ پەیمانگای ئاشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چوارچێوەی چاودێریکردنی شەڕ و ململانێ و سەقامگیری، شەپۆڵی ٧.

٤٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٥ بۆ نموونە، بڕوانە نەتەوە یەکگرتووەکان، «ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی ئاسایش، نوێنەری تایبەت داوای لە لایەنەکانی عێراق دەکات کە بەرژەوەندی نیشتمانی بخەنە پێش بەرژەوەندی حزبایەتی»، SC/١٥٢٨٥، ١٨ ئایاری ٢٠٢٣؛ یونامی، «وتاری SRSG بۆ عێراق و بەرپرسی نێردەی هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (یونامی)، جینین هێنیس پلاسخارت، لە نۆیەمین ساڵیادی قوربانیانی جینۆسایدی ئێزدییەکان و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق»، یونامی، ٣ ئابی ٢٠٢٣؛ و ڤلادیمێر ڤان ویلگنبێرگ، «دەبێت ڕێککەوتنی شەنگال لەلایەن بەغدا و هەولێرەوە جێبەجێبکرێت: بەرپرسانی ئەمریکا»، کوردستان٢٤، ٣٠ی ئابی ٢٠٢٣.

٤٦ شەفەق نیوز، «بەغدا پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شەنگال دووپاتدەکاتەوە»، شەفەق نیوز، ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

٤٧ لەیس حسێن، «پێویستە پرسی ئاوارەکان کۆتایی پێبهێنرێت، حزب و هێزە سیاسییەکان»، کەرکوک ئێستا، ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٤٨ سەجاد جیاد، هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق: جوڵە و گۆڕانکاری هەڵبژاردن و کاریگەرییە سیاسییەکان (سلێمانی، IRIS، ٢٠٢٣).

## ئەمن و ئاسایشی فیزیکی و پەیوەندییەکان به کێبڕێکردنه جیۆپۆلۆتیکییه بەردەوامەکان

فرەیی ئەو لایەنانەی کە بەشداری شەڕیانکرد بۆ وەرگرتنەوەی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە لە دەستی داعش نەک هەر فرەییە لە پێکهاتەی حوکمڕانی وەک لە سەرەوە باسمان کرد، بەڵکو پەرەسەندن و زۆربوونی لایەنە ئەمنییە فەرمییەکان و گرووپە چەکدارەکانی دیکەشە کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقیعن، لەوانەش:

- دەزگاکانی ئاسایشی نیشتمانی و هەواڵگری کە ئۆفیسیان لە قەزاکەدا هەیە؛
- فیرقەکانی سوپای عێراق؛
- پۆلیسی پاسەوانی سنوریی عێراق لەسەر سنوری سوریا؛
- پۆلیسی خۆجێی؛
- هێزی هاوپەیمانی پێشمەرگە؛
- لیواکانی حەشدی شەعبی؛
- هێزەکانی یەکینەکانی یەبەشە؛
- پەکەکە و یەپەگە.

هاوپەیمانیەتیەکی گرنگ لە نێوان هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی یەبەشەدا هەیە. لیوای ٨٠ی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەکەدایە و هەندێک چەکداری باڵای یەبەشە لە ڕیزەکانیدان. حەشدی شەعبی یەبەشە وەک هەر هێزێکی دیکە دەبینێت کە لەلایەن گروپە کەمە نەتەوەییە-ئایینییەکانی عێراقەوە بۆ بەرگریکردن لە پێکهاتەکانیان لە بەرانبەر داعش پێکهێنراون. بۆیە، لەبەر ئەوەی یەبەشە تەنیا لە ئێزدییەکانی عێراقی پێکدێت، حەشد پێی وایە کە گروپەکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا ئایندەی هەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەوەی کە شێوازی پێکهێنانی هێزەکانی یەپەشە لە مۆدێلی پەکەکە وەرگیراوە. هەروەها حەشدی شەعبی چەند لیوای دیکەی لە خەڵکی خۆجێی و ئێزدییەکان، عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە هەیە. یەبەشە لەلای خۆیەوە جگە لەوانەی لەناو لیوای ٨٠ی حەشدی شەعبی دان، کادیر و شەڕڤانان و گروپەکانی خۆی بەڕێوەدەبات. بەم شێوەیە، ئەم هاوپەیمانیەتیەی نێوان حەشدی شەعبی و یەبەشە، حەشد بە پەکەکە دەبەستێتەوە، و ئەمەش پشتگیری لە هەوڵەکانی حەشد دەکات لە پاراستنی ڕێڕەوێکی شیعە کە ئێران بە سوریا دەبەستێتەوە.

جێگای سەرنجە کە بە پێچەوانەی تێڕوانینی یەپەشە، حەشد پەکەکە وەک «میوانێکی بیانی» لە عێراقدا دەبینێت.[49] هەڵوێستی تاڕادەیەک بێلایەنی حەشد بەارنبەر بە پەکەکە هاوشێوەی هیچ لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە نییە کە بەرژەوەندییان لە ناوچەکەدا هەیە، لەوانەش حکومەتی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا. لە کاتێکدا هەندێک هەڵوێست هەیە کە دەڵێن بەراوردکردنی ڕاستەوخۆی نێوان پەکەکە و یەبەشە مومکین نییە، بەڵام ئەو لەسەر ئەرزی واقیع ئەم جیاوازیکردنە هەمیشە لەلایەن تورکیاوە ڕەتدەکرێتەوە؛ بە هەمان شێوە، ڕەنگە هێزەکانی حکومەتی عێراقیش هەمیشە ئەو جیاوازییە نەکەن، چونکە هەوڵدەدەن دەستدرێژیەکانی دژە پەکەکە لەلایەن تورکیاوە کەم بکەنەوە.[50]

بۆیە، فرەیی لایەنە ئەمنییەکان و ئەگەری پێکدادان لە نێوانیاندا یەکێکە لەو نیگەرانییە سەرەکیانەی کە دانیشتووان لە سەرانسەری قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە لەبارەی سەلامەتی خۆیانەوە هەیانە[51]. ئەم نیگەرانیانەش تەواو لە جێگەی خۆیانن لەبەرئەوەی کە پێکدادان و بەریەککەوتن لە نێوان ئەم گروپ و لایەنانە هەبووە [52] و بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆ سەر پێگەکانی پەکەکە لە نەینەوا و دهۆک و ناوچەکانی دیکە خراپتر بوونە[53]. شیکارییەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن کە هێرشەکانی تورکیا بە تێپەڕبوونی کات چڕتر بوونەتەوە، زۆرترین هێرشی ئاسمانی لە ساڵی ٢٠٢٢ بووە لەوەتەی ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە لە ساڵی ٢٠١٦ دەستیپێکردووە، هێرشەکانیش بووتەهۆی کوژرانی مەدەنی، لەناوچوونی ژێرخانی مەدەنی و ئاوارەبوونی زیاتر[54]. هێرشەکان و کاریگەرییەکانی دوژمنایەتییەکی بەرچاویان لە دژی تورکیا لەنێو دانیشتوانی ناوچەکەدا دروستکردووە، هەروەها بەئامانجکردنی فەرماندە باڵاکانی یەبەشە، لەنێویاندا ئەوانەی لەناو لیوای ٨٠ی حەشدی شەعبین، کە ئەو فەرماندانە وەک پاڵەوانی نیشتمانی سەیردەکرێن لە بەرەنگاربوونەوەی داعش.

کێبڕکێی فراوانتر لە نێوان تورکیا و ئێران لە عێراق بەردەوامە و ئەم کێبڕکێیشە ڕۆڵدەگێڕێت لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە. لە هەمان کاتدا، پێدەچێت کردەوەکانی تورکیا نیازی ئەوە نیشانبدات کە ئێران ئیستفزاز نەکات. تورکیا تا ئێستا لیواکانی تری حەشدی شەعبی لە ناوچەکەدا نەکردۆتە ئامانج. جگە لەوەش، تورکیا ئیدانەی هێرشەکانی سەر یەکەکانی تورکیای لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ناوچە جێناکۆکەکانی نەکردووە کە گوایە لەلایەن کوتلە بەناو «بەرخۆدان» هاوپەیمانەکانی ئێرانەوە ئەنجامدراون و سەر بە حەشدی شەعبین (یەبەشە بەشێک نییە لێی) [55]. بە گشتی، بە هەبوونی ئەم کردە بەرگریانە لە لایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە دەیانەوێت بوونی تورکیا لە عێراقدا وەک بە هەمان شێوەی بوونی ئەمریکا ببینن، و حەشد نائارامی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیەیان بەکارهێناوە بۆ زیادکردنی هێرشەکانی بۆ سەر بنکە و بارەگانی تورکیا ژێرخانی وزەی عێراق کە سوودی بۆ تورکیا هەیە[56].

## پەیوەندی نێوان گروپ و چین و توێژەکان

ئەو پەیوەندییانەی دانیشتوانی ئێزدی و عەرەبی سوننە لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە لە مێژوو خۆیان دا پارێزگاریان لێکردبوو، ئێستا لە ئەنجامی توندوتیژی و پێشێلکارییەکانی سەردەمی شەڕی داعشدا پچڕاوە. لەوەتەی کۆتاییهاتنی ئەم شەڕ و ململانێیەکانەوە، ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان گروپ و چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەوە سنووردار و کەمبۆتەوە تا ئاستی نەمان. بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێگری لە دانیشتوانی عەرەبی سوننە کراوە کە بۆ بەشێکی زۆری قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە بگەڕێنەوە بەهۆی ئەو پێکهاتە ئەمنییە جیاوازانەی کە لەو شوێنانەدان و هەروەها ترسی ئەو ئاوارە عەرەبە سوننانە لەوەی کە ئەگەر بگەڕێنەوە چییان بەسەر دێت. ئەم نیگەرانیانە لە کردەوە تۆڵەسەندنەوەکانی پێشووەوە سەرچاوە دەگرن کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و دوای ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەلایەن هێز و لایەنە چەکدارە جیاوازەکان و ئەندامانی کۆمەڵگەوە ئەنجامدراون[57]. گۆڕانکاری لە هێزە ئەمنییەکان لە ساڵی ٢٠١٨ لەوانەش بوونی زیاتری سوپای عێراق، و داخستنی کەمپی ئاوارەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ بەدواوە بووە هۆی

٤٩ ICG، عێراق: سەقامگیرکردنی قەزای کێبڕکێ لەسەرکراوی شەنگال.

٥٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥١ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون DTM-ی ڕێکخراوی IOM لە عێراق، پێرستی گەڕانەوە، گەڕی ١٩؛ و USIP، CSMF، شەپۆلی ٧.

٥٢ بۆ نموونە، بڕوانە ئەلجەزیرە، «گروپە کوردییە ڕکابەرەکان لە ناوچەی شەنگال لە عێراق ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە»، ئەلجەزیرە، ٣ی ئازاری ٢٠١٧؛ و ئەلجەزیرە، «بە مەزەندە ٣٠٠٠ کەس بەهۆی پێکدادان و بەریەککەوتنە چەکدارییەکان لە باکوری عێراق هەڵدێن»، ئەلجەزیرە، ٢ی ئایاری ٢٠٢٢.

٥٣ بۆ نموونە، بڕوانە دانا تەیب مەنمی، «ئێزدییەکان لە شەنگال لە ناسەقامگیری دەترسن، چونکە تورکیا هەرێمی کوردستانی عێراقی پاوەند دەکات»، عەرەبی جەدید، ٢٠ی نیسانی ٢٠٢٢.

٥٤ ئامینە ئیسماعیل و لینا مەسری، «کاتێک تورکیا شەڕ لە دژی چەکدارانی کورد لە عێراق چڕتر دەکاتەوە، خەڵکی مەدەنی زەرەرمەند دەبن»، ڕۆیتەرز، ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

٥٥ ICG، عێراق: سەقامگیرکردنی قەزای کێبڕکێ لەسەرکراوی شەنگال.

٥٦ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٧ پاولا گارسیا، گیرخواردن لە ناوەڕاست: کاریگەریی ئەمنیەت و دابەشبوونی سیاسی لەسەر پاراستنی مەدەنییەکان لە شەنگال (واشنتۆن، دی سی.، سیڤیک، ٢٠٢٠)؛ و هیومان ڕایتس ووٚچ، «گوایە چەکدارانی ئێزدی هاوڵاتیانی مەدەنی لەسێدارە دەدەن»، هیومان ڕایتس ووٚچ، ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧.

ئەوەی هەندێک لە خێزانە عەرەبە سوننەکان– بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ هەندێک شوێنی ناحییەکانی قەیرەوان و سنونێ بگەڕێنەوە. بەڵام جموجۆڵ و هاتووچۆ و جوڵە ئەو عەرەبە سوننە گەڕاوانە تەنیا لە شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی عەرەب و ناوچەکانی دەوروبەریدا سنوردارکراوە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم شارۆچکانە چەند دوورن لە ماڵ و حاڵی خۆیان و ئایا خێزانەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەو شوێنانەوە هەیە یان نا. ئەم سنووردارکردنانە هەن، چونکە ئەم دانیشتووانە هەڕەشەی ڕاستەوخۆیان لە لایەن هێزە ئەمنییەکان و ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێزدییەوە پێگەیشتووە، ئەمەش وایکردووە کە نەتوانن بچنە ئەو شارۆچکە ئێزدیانەی کە پێشتر لە نزیکەوە پەیوەندییان پێوە هەبووە، لەنێویشیان دا کارمەندانی کەرتی گشتی و کارتی تایبەت[٥٨]. شەپۆلی ئەم دواییەی قسە و وتاری ڕق و کینەوی دژ بە پێکهاتە ئێزدییەکان لە وەڵامی ئەو دەنگۆیە ناڕاستانەدا کە گوایە لە ناوەندی شەنگال بێرێزیان بە مزگەوتێک کردووە لەکاتی ناڕەزایەتییەکانی دژی سەردانەکە بۆ ئامادەکردنی گەڕانەوەی هەندێک لە خێزانە سوننەکان بۆ قەزاکە[٥٩]، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر ئەو مەترسیانەی کە ئێزدییەکان تا ئێستاش ڕووبەڕووی دەبنەوە مەترسی ئەو پەیوەندییە پچڕاوانەی کە لە نێوان گروپ و چین و توێژەکان دا هەیە.

## دادپەروەری و ئاشتەوایی

لە کاتێکدا بەرەوپێشچوون لە چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە و پرسەکانی پەیوەست بە حوکمڕانی و دابینکردنی ئەمنیەت وەستاوە، پێدەچێت دەسەڵاتداران پێویستییەکانی کۆمەڵگەکانی ئێزدییەکان بە جددی وەربگرن و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن لە دوای شەڕ و ململانێی داعشەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ یەکەم گەڕانەوەی بەخۆوە بینی لەگەڵ بەخاکسپاردنی ئەو پاشماوەیانەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە قەزای شەنگالدا هەڵدرانەوە، دوای ناسینەوەیان و بە بەڵگەنامەکردنیان لە بەغدا[٦٠]. لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، وەک دانپێدانانی زیاتر بەو جینۆسایدەی کە لە کاتی شەڕی داعشدا بەرانبەر بە ئێزدییەکان ئەنجامدرا، یادگەی جینۆسایدی ئێزدییەکان کرایەوە.

بەڵام دەرکردنی یاسای ژنانی ڕزگاربووی ئێزدی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دیارترین هەوڵە لەم ڕووەوە، چونکە چوارچێوەیەکی قەرەبووکردنەوە بۆ ڕزگاربووانی ئێزدی، مەسیحی، تورکمان و شەبەک لە تاوانەکانی داعش دابیندەکات کە لایەنی دارایی ڕێکوپێک و بەردەوام بەدوای خۆیدا دەهێنێت و وادەکات دەستیان بە خوێندن، چارەسەری دەروونی-کۆمەڵایەتی و زەوی زار و خانوو بگات[٦١]. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان کە بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە، پرۆسەی داواکاری خۆی بۆ قەرەبووکردنەوە لە ئەیلوولی ٢٠٢١ دەستپێکرد و کارتی بانکیی بۆ دەستراگەیشتن بەم پارانە بەسەر وەجبەی یەکەمدا دابەشکرد لە ئایاری ٢٠٢٣[٦٢]. بەڵام دواتر حکومەتی عێراق ڕێککارەکانی داواکاری گۆڕی بۆ ئەوەی ئەو مەرجە لەخۆبگرێت کە داواکاران سکاڵای دادوەری تۆمار بکەن بۆ ئەوەی شایستەی قەرەبووکردنەوە بن، ئەمەش بارگرانییەکی ناپێویست و ئەگەری زیانگەیاندن لەسەر ڕزگاربووان دروستکردووە[٦٣]. هۆ و ئامرازەکانی دیکە بۆ چارەسەرکردن

لە ڕێگەی یاسای ژمارە ٢٠ ی قەرەبووکردنەوەی مردن، بریندار بوون و زیانەکان کە کاریگەرییان لەسەر کار، خوێندن و موڵک و ماڵی هەبووە کە بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، هەڵە سەربازییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکانەوە، هەروەها بەردەوامی ڕێگریکردن تووشی هاتوون[٦٤].

هەروەها کۆمەڵگەکانی ئێزدییەکان لە دادگا ناوخۆییەکانی ئەوروپا چەند دەستکەوتێکیان سەبارەت بە لێپرسینەوەی ئەنجامدەرانی تاوانی ئەو جینۆسایدەی بەرانبەریان کرا هەبووە، ئەمەش لە ڕێگەی بە بەڵگەنامەکردنی ئەوەی کە لە ناوخۆدا کۆکراوەتەوە لەنێویاندا لە ڕێگەی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ بەرەوپێشچوونی لێپرسینەوە لەو تاوانانەی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدران (یونیتاد). بەڵام هێشتا پێکهاتە ئێزدییەکان هەست دەکەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم لە هاتن بەدەم داواکارییەکانیاندا کەموکوڕیان هەیە[٦٥]. ئەم تێڕوانینەشیان زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە بەتایبەتی کە داواکاری حکومەتی عێراق و دواتر دەنگدانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتاییهێنانی ئەرکی (UNITAD) لە ئەیلوولی ٢٠٢٤، بەبێ ئەوەی چوارچێوەیەکی یاسادانانی عێراقی هەبێت[٦٦]، لە ئێستادا دەسەڵاتداران یاسا و دادگاکانی دژە تیرۆر بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی لەناوخۆدا لێپرسینەوە لەو تاوانانە بکا کە داعش ئەنجامی داون، کە لەنێو پرسگەلێکی دیکەدا، ئەم لێپرسینەوەیەش ڕێگە بە وتە و ئیفادە و گەواهیدانی شایەتحاڵ و ڕزگاربووان نادات.

لە کۆتاییدا، لە دەستپێشخەرییەکی جیادا و بە ئامانجی چارەسەرکردنی جیاکاریکردنێکی ڕەگ و ڕیشەدار کە ڕووبەڕووی دانیشتوانی کەمینە نەتەوەیی-ئاینییەکانی عێراق بووەتەوە، حکومەتی عێراق فەرمانێکی دەرکرد کە مافی خاوەندارێتی زەوی و خانوو و موڵک بە ١١ شارۆچکەی بەکۆمەڵ نیشتەجێی ئێزدییەکان لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە دەدات کە ئەو شوێنانە لەوەتەی ساڵانی ٧٠ کانەوە ڕووبەڕووی بە عەرەبکردن بوونەوە[٦٧].

هەروەها پێکهاتە موسڵمانی سوننە لەلای خۆیانەوە داوای لێپرسینەوە و چاکسازی دەکەن بۆ ئەو پێشێلکاریانەی کە لەسەر دەستی داعش و لەلایەن هێزە ئەمنییە جیاوازەکان و گروپە چەکدارەکان و زیان بە پێکهاتەکەیان گەیشتووە، وەک ئەنجامدانی تاوانی بەکۆمەڵ بەرانبەریان لەسەر کردەوەکانی داعش کە بەسەر ئەواندا سەپێنراوە. ئەم خراپ مامەڵەکردنانە لەلایەن دەوڵەت و لایەنە ئەمنییە جیاوازەکانەوە ئەنجامدەدرێن، لەوانەش لە ڕێگەی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەروەها توندوتیژی نێوان کۆمەڵگەکان و جیاکاریکردنی فیزیکی و ئیداری لە دژیان[٦٨]. تا ئێستا چەند هەوڵێکی کەم بۆ چارەسەرکردنی هەریەکێک لەم ناڕەزایەتی و نیگەرانیانە هەبووە، کە لە دەرەوەی پرۆسەی ئاڵۆزی قەرەبووکردنەوەی و ڕێگریلێکردن لەچوارچێوەی یاسای ژمارە ٢٠.

یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠١٦ هەوڵی ڕاستکردنەوە و چاککردنەوەی هەندێک لە کەموکوڕییە بەرچاوەکانی حکومەتی عێراق و یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری حکومەتی هەرێم دەدات، کە بەپێی ئەو یاسایانە زۆرینەیان تازەپێگەیشتووان و منداڵانی عەرەبی سوننە سزایان بەسەردا

٥٨ پاولا گارسیا، گیرخواردن لە ناوەڕاست ؛ و بێلکیس ویل، «عێراق: گەڕانەوە بۆ ماڵەوە نییە»، چاودێری مافەکانی مرۆڤ، ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٩.

٥٩ هاوپەیمانی قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، «هاوپەیمانی قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە قسەی ڕق و کینەوی و تۆمەتبارکردنی ئێزدی ئیدانە دەکات»، بەیاننامەی گشتی، ١١ی ئایاری ٢٠٢٣؛ و کەرکوک ئێستا، «کەس نەچووەتە ناو مزگەوتی ڕەحمان»، ٢٩ی نیسانی ٢٠٢٣.

٦٠ جین عەراف، «ساڵانێک دوای کۆمەڵکوژییەک، ئێزیدییەکان ئازیزانیان دەنێژن»، نیویۆرک تایمز، ٧ی شوباتی ٢٠٢١.

٦١ ئاگربەست، «یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی: هەنگاوێک بەرەو قەرەبووکردنەوەی شەڕ و ململانێی داعش» (لەندەن، ئاگربەست، ٢٠٢١).

٦٢ ڕێکخراوی IOM، دووەم ساڵیادی یاسای قوربانی ڕزگاربووی ئێزدی: ڕزگاربووانی ئێزدی یەکەم سوودەکانی یاسای قەرەبووکردنەوەی دەبینن»، بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی، ٢ ئازاری ٢٠٢٣.

٦٣ هیومان ڕایتس ووچ، «عێراق: جێبەجێکردنی بە کەموکوڕی یاسای قەرەبووکردنەوەی ئێزدییەکان»، هیومان ڕایتس ووچ، ١٤ی نیسانی ٢٠٢٣.

٦٤ خالد زازا و هاوکارانی، موسڵ دوای شەڕ: قەرەبووکردنەوە زیانە مەدەنییەکان و داهاتووی نەینەوا (لەندەن، سەنتەری ئاگربەست بۆ مافە مەدەنییەکان / گروپی نێودەوڵەتی مافی کەمینەکان، ٢٠٢٠).

٦٥ الانا ترافێرس، «بەرەو ئاوابوونی UNITAD، یاسایەکی پێشنیازکراوی لێبوردنی گشتی لە عێراق، ترس و هیوا دروستدەکات»، هاوپەیمانی قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٦٦ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٧ داود، "ئایا مافە نوێییەکانی خاوەندارێتی زەوی و موڵک دەبێتە یاریگۆڕ بۆ ئێزدییەکانی عێراق؟"

٦٨ یونامی، مافی مرۆڤ لە ئیدارەدانی دادپەروەری لە عێراق: دادگاییکردنەکان بەپێی یاساکانی دژە تیرۆر و کاریگەرییەکانی لەسەر دادپەروەری، لێپرسینەوە و تەبایی کۆمەڵایەتی لە دوای داعش (بەغدا، یونامی، ٢٠٢٠)؛ گارسیا، گیرخواردن لە ناوەڕاست؛ و ویل، نەک گەڕانەوە بۆ ماڵەوە."

سەپێندراوە، ئەم یاسایە لێبوردن بەو ئەو کەسانە دەدات کە بە تاوانە سزادراون تۆمەتی داعشبوونیان دراوەتە پاڵ (یان تۆمەتی سەر بە گروپە تیرۆریستییەکانی دیکە دراوەتە پاڵ) ئەم یاسایە ڕێگەیان دەدات ئەو تۆمەتبارانە ئەوە بخەنەڕوو کە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان براونەتە ڕیزی ئەو گروپانە و کاتێک ئەندامی ئەو گروپانە بوون تاوانی گەورەیان ئەنجامنەداوە[٦٩]. هەروەها یاساکە ڕێگە بە دەسەڵاتی دادوەری دەدات پێداچوونەوە بە تۆمەتەکانی ئەنجامدانی تاوانکاری بدات، ئەو تۆمەتانەی کە ئەو کەسانەی پێی تۆمەتبار کراون، ئەمەش بە پشتبەستن بەو دانپێدانانە کە لە ژێر ناچاریدا ئەنجامدراون بەو هۆیەشەوە سزا دراون.

بەڵام یاساکە لە ساڵی ٢٠١٧ هەمووارکرایەوە بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە نەگرێتەوە کە لە دوای ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ئەنجامدراون، یاساکە بەڕواڵەت دڵنیایەدەدات لەوەی ئەوانە ناگرێتەوە کە تۆمەتی داعشبوونیان دەدرێتەوە پاڵ و بەو یاسایە سزانادرێن[٧٠]. ڕەنگە ئەم یاسایە جارێکی دیکە بگۆڕێت ئەگەر محەممەد شیاع ئەلسودانی سەرۆکوەزیران داوای هەمووارکردنەوەی زیاتر بکات، وەک پێشتر ئاماژەی پێکردووە[٧١]. ئەم هەمووارکردنەوەیەش ڕێگە بە قوربانیانی دادگایکردن و دەستبەسەرکردنی نادادپەروەرانە دەدات کە بەهۆی ئەوەی سەر بە ڕێکخراوی داعش بوونیان دەدرێتە پاڵ دەستبەسەر کراون، تا داوای هەندێک پێوەری قەرەبووکردنەوە بکەن.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەنجامدانی دادپەروەری سەبارەت بە شەڕ و ململانێی داعش بەشێوەیەکی بەرچاو جەختی لەسەر دانیشتووانی ئێزدی دەکاتەوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی تاوانە جینۆسایدییەکان کە بەرانبەریان ئەنجامدرا. لە هەمان کاتدا، پێویستە پرۆسە داهاتووەکانی دادپەروەری و ئاشتەوایی گشتگیرتر و هەمەلایەنەتر و فراوانتر بن بۆ گرتنەخۆی کۆمەڵگەیەکی زیاتری قوربانی و ڕزگاربوو[٧٢]. هەنگاوێکی گرینگ لەم ڕووەوە بریتییە لە هەبوونی هەوڵی نێوەندگیری بەرفراوان بە سەرکردایەتی کەسانی ئاشتی بنیاتنەرانی نیشتمانی لە نێوان هۆزە ئێزدییەکان و هۆزەکانی عەرەبە سوننەکان لە باکوری قەزای شەنگال، ئەمەش بۆ باشترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دانانی پلانی کارا بۆ لێپرسینەوەی تاوانکاری ئەو پێشێلکاریانەی کە لەلایەن هەردوو لایەنەوە لە کاتی شەڕی داعش و دوای شەڕی داعش ئەنجامدراون. یەکێک لە دەرئەنجامە گشتیەکانی ئەم هەوڵە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک بوو لەلایەن سەرکردایەتی هۆزەکانی سوننە لە قەزاکەدا کە ئیدانە و ڕەتکردنەوەی ئەو کردەوەی جینۆساید و توندوتیژیانەی کە لە کاتی ململانێدا بەرانبەر ئێزدییەکان ئەنجامدراون و بەڵێنیان دا کە ڕوودانی ئەم جۆرە کارانە لای ئەوان جێگەی نابێتەوە[٧٣].

# ڕێباز و میتۆد

ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر وردەکارییەکانی چۆنیەتی تێگەیشتن لە بەربەستەکانی گەڕانەوە و یەکگرتنەوە، هەوڵەکانی چارەسەرکردن و نەهێشتنی بەربەستەکانی تا ئێستاش هەن، خاڵەکانی کۆدەنگی و ناکۆکی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، داواکارییەکانی گروپ و چین و توێژە جیاوازە زیانلێکەوتووەکان، کاریگەرییەکانی ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم دۆخەی ئێستا و ڕێگەکانی ئەگەری بەرەو پێشوەچوون. سێ تیم کە پێکهاتبوون لە تیمی مەیدانی ڕێکخراوی IOM و تیمی ڕاپرسی کۆمەڵایەتی و تیمی توێژەران ١٦ گفتوگۆی گروپی فۆکەسیان لەگەڵ ژن و پیاوی ئاوارە لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە لەو ناوچانە ئەنجامدا لەبەرئەوەی ئەو شوێنانە زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی ئەو گروپ و چین و توێژانەیان تێدا چڕبۆتەوە. گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ١٦ زانیاریدەرانی سەرەکی تەواوکران کە زانیاریدەرە سەرەکییەکان کەسانی نێو دەسەڵاتدارانی ئاستی پارێزگا، قەزا یان ناحییەکان، سەرکردە خێڵەکییەکان سەرکردەکانی و کۆمەڵگە، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەخشەرەکان و پسپۆڕانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بوون. کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە نێوان مانگی ئەیلول تا تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ ئەنجامدراوە.

## گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس

بۆ دڵنیابوون لەوەی کە شیکارییەکە تێڕوانین و ئەزموونە هەمجۆرەکانی ئاوارەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە لەخۆگرتووە، کە بریتین لە کەسانی خاوەن ناسنامەی کەمە نەتەوەیی-ئاینی، کەسانی نیشتەجێی کۆمەڵگە میواندارەکان و کەسانی نیشتەجێی شوێنە نافەرمیەکان یان کەمپەکان، بە ژن و پیاوانیشەوە، کۆکردنەوەی زانیاریەکان ئەم شێواز و چوارچێوەی خوارەوەی کۆکردنەوە و وەرگرتنی نموونەکانی بەکارهێنا. کۆی گشتی ٩٣ ئاوارە (٤٧ پیاو و ٤٦ ژن) بەشدارییان لە گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس دا کرد، کە تەمەنی بەشداربووان لە نێوان ٢٠ بۆ ٦٣ ساڵدا بوو. پێویستە ئاماژەبەوە بکرێت کە ئەستەمە بتوانرێت ئەو ئاوارانە لە قەزای قەیراوانەوە دەستنیشان بکرێن کە ئارەزووی بەشداریکردنیان لە گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس دا هەیە و بۆیە ئەوان لەم نموونانە دا نەخراونەتەڕوو:

٦٩ مارا ڕێدلیچ ڕێڤکین، «دوای دەوڵەتی ئیسلامی: هاوسەنگی لێپرسینەوە و ئاشتەوایی لە عێراق (توێژینەوەی کەیسی عێراق)»، لە: سنووردارکردنی سزادانەکان: دادپەروەری ڕاگوزەری و توندڕەوی توندوتیژ (تۆکیۆ، بەرشەلۆنە: زانکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان / پەیمانگا بۆ ڕاگوزەرە یەکخراوەکان، ٢٠١٨).

٧٠ مارا ڕێڤکین، «ڕاپۆرتی پەیڕەوکردنی هاوبەشی چوارچێوەی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق» (بەغدا، یونامی، ٢٠٢٢).

٧١ ئالانا تراڤێرس، «بەرەو ئاوابوونی UNITAD» سەرهەنگ حەمەسەعید، «حکومەتی ئەلسودانی عێراق، ساڵێک دواتر»، پەیمانگای ئاشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٧٢ تراڤێرس، «بەرەو ئاوابوونی UNITAD»

٧٣ ڕێکخراوی پارادایمەکانی ئاشتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، «بەیاننامەی هاوبەشی نوێنەرانی دامەزراوە ئیسلامییە ئایینییەکان لە عێراق بۆ پشتگیریکردن لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا»، بەیاننامەی گشتی، ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٢.

خشتەی ١: نموونەی گفتوگۆکانی گروپی فۆکەسی کۆتایی

| گروپ و چین و توێژی دانیشتوان | پارێزگای ئاوارەبوون | پارێزگای زێد | جۆری نیشتەجێبوون | جۆری بەشداریکردن |
|---|---|---|---|---|
| ئێزدییەکان | دهۆک | ناوەندی شەنگال + سنوونێ | کامپ | پیاو |
| | دهۆک | ناوەندی شەنگال + سنوونێ | کامپ | ژن |
| | دهۆک | قەحتانیە | کامپ | پیاو |
| | دهۆک | قەحتانیە | کامپ | ژن |
| | دهۆک | قەحتانیە | نیشتەجێبوونی نافەرمی | پیاو |
| | دهۆک | قەحتانیە | نیشتەجێبوونی نافەرمی | ژن |
| | نەینەوا | قەحتانیە | کۆمەڵگەی خانەخوێ | پیاو |
| | نەینەوا | قەحتانیە | کۆمەڵگەی خانەخوێ | ژن |
| | نەینەوا | قەحتانیە | کۆمەڵگەی خانەخوێ | پیاو |
| | نەینەوا | قەحتانیە | کۆمەڵگەی خانەخوێ | ژن |
| کورد | دهۆک | ناوەندی شەنگال + سنوونێ | کامپ | پیاو |
| | دهۆک | ناوەندی شەنگال + سنوونێ | کامپ | ژن |
| عەرەبی سوننە | نەینەوا | ناوەندی شەنگال + سنوونێ | کۆمەڵگەی خانەخوێ | پیاو |
| | نەینەوا | ناوەندی شەنگال + سنوونێ | کۆمەڵگەی خانەخوێ | ژن |
| | نەینەوا | ناوەندی شەنگال + سنوونێ | کۆمەڵگەی خانەخوێ | پیاو |
| | نەینەوا | ناوەندی شەنگال + سنوونێ | کۆمەڵگەی خانەخوێ | ژن |

### چاوپێکەوتنەکانی زانیاریدەری سەرەکی

چاوپێکەوتنەکانی زانیاریدەرانی سەرەکی لەسەر ئاستی خۆجێی و پارێزگا چڕبووبنەوە و نوێنەرانی نووسینگەی پارێزگاری نەینەوا، دەسەڵاتدارانی قەزای شەنگال لە دهۆک، قەزای شەنگال و دەسەڵاتدارانی ناحیەی قەحتانییە لەو ناوچانە، ئەندامانی پارتە سیاسییەکانی قەزای شەنگال، بەرپرسانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانان لەخۆگرتبوو[٧٤]، هەروەها پسپۆڕانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە بنیاتنانی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان وەک زانیاریدەرانی سەرەکی وەرگیران.

# دید و تێڕوانینەکان لەمەڕ ئاوارەبوون و گەڕانەوە

جوڵە و هەڵسۆڕێنەری ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەمنی بەیەکەوە گرێدراو، ئەمەش چارەسەرە هەمیشەییەکانی ئاوارەبوون بۆ ئاوارەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە ئاڵۆزتر دەکات. هەم هاوڵاتیانی ئاوارە و هەمیش زانیاریدەرانی سەرەکی کە وەک بەشێک لەم شیکارییە قسەیان لەگەڵدا کراوە، بە وردی ئاگاداری ئەم سنووردارکردنە بوون. جگە لەوەش، ئەم شیکارییە ئەوە دەخاتەڕوو کە لە کاتێکدا ناسنامەی تاکەکەن دەبنە هۆی چۆنیەتی هەستکردن بە بەربەستەکان – بە تایبەتی بۆ گەڕانەوە، بەڵام کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو بەربەستانە چین.

## دەستڕاگەیشتن بە ناوچەکانی زێد و هەوڵە پێشووەکانی گەڕانەوە

ئاوارە ئێزدی و کوردەکانی نیشتەجێی دهۆک لە کاتی گفتوگۆی گروپی فۆکەس دا ئاماژەیەکی تایبەتیان بە هیچ هەوڵێکی گەڕانەوە یان سەردانێکیان بۆ شوێنی زێدی خۆیان لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە لە ڕابردوودا نەکرد. بەڵام زانیاریدەرە سەرەکییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە شێوەیەکی حیکایەتئامێز، هەندێک لە ئاوارەکان کە بە شێوەیەکی گشتی، ئێزدییەکان، لە نێوان شوێنی ئاوارەبوونیان و شوێنی زێدیان دێن و دەچن، بەتایبەتی بۆ لەو شوێنانەی زێدیان کە هاوڕێکانیان گەڕاونەتەوە[٧٥]. ئەو هۆکارانەی کە بۆ ئەم جوڵە و هاتووچۆیانە باسکران بریتین لە دەستکردن بە بنیادنانەوەی خانوو وماڵەکانیان و بەسەربردنی کات لەگەڵ ئەو خزم و دۆست و هاوڕێیانەیان کە گەڕاونەتەوە. لە هەندێک حاڵەتدا، خێزانەکان ئەم هاتووچوونەیان لەگەڵ کاتی خۆیان ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی هاوکات بێت لەگەڵ پشووی هاوینەی منداڵەکانیان لە قوتابخانە. بەگوێرەی زانیاریدەرانی سەرەکی، تایبەتمەندییەکی ئەم جوڵە و هاتووچۆیانە ئەوەیە کە ئاوارەکان بەبێ ئەوەی بە فەرمی داواکاری گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پەیوەندیداری کەمپ و/یان دهۆک تۆمار بکەن[٧٦]. ئەمەش بۆ ئەوەی کە هەر لە ئاوارەیی دا لە دهۆک بمێننەوە و لە کامپەنەوە درێژە بە پلان و کارەکانی خۆیان بدەن. ئەم جۆرە ستراتیژیانە وادەکات کە ئاوارەکان بۆ ماوەیەک بگەڕێنەوە ماڵەوە، لە هەمان کاتدا هێشتا دۆخی ئاوارەبوونیان و دەستیشیان بە خزمەتگوزاری گشتی باشتر بگات کە لە ئاوارەییان بۆیان دابینکراوە، لەوانەش خوێندن لە قوتابخانەکانی ناوچەکانی ئاوارەبوون– جگە لەوەی درێژەدەدەن بەوەی کە لە ناوچەی ئاوارەبوون دەستیان بە ناوچەیەکی سەلامەتر و سەقامگیرتر دەگات.

هەروەها بەشێک لە ئاوارە ئێزدییەکانی کە لە ناحیەی قەحتانیە لە قەزای

٧٤ بەهۆی بوار و مەودای ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکەوە، لایەنەکانی سەر ئاستی پارێزگاکان کرانە ئامانجی چاوپێکەوتنەکان. لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە لە نمونەکەدا نەخراونەتەڕوو؛ بەڵام هەردوو لایەنەکە ڕۆڵگێڕی سەرەکی دەبن لە هەوڵە بەردەوامەکانی دۆزینەوەی ڕێڕەوی چارەسەرەکان بۆ گەڕاوە شەنگالییەکان و ئاوارەکان.

٧٥ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، پسپۆڕی نێودەوڵەتی، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەرە سەرەکییەکان، دەسەڵاتی خۆجێی لە قەزای شەنگال، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

٧٦ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، پسپۆڕی نێودەوڵەتی، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەرە سەرەکییەکان، دەسەڵاتی خۆجێی لە قەزای شەنگال، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

شەنگال دا نیشتەجێن، هەوڵی گەڕانەوەیان داوە،[٧٧] لەوانەش ئەوانەی کە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە بۆ ژیانکردن، بەڵام ناچاربوون ئەو ناوچەی زێدیان بەجێبهێڵن بەهۆی زۆر خراپی ئاستی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لەو ناوچانەی زێد، لەنێویشان دا دابینکردنی ئاو و کارەبا. هەروەها هەندێک باسی ئەوەیانکرد کە پلانی چەند پلانێکیان هەبووە بۆ ئەوەی هەوڵی گەڕانەوە بدەن، بەڵام کەرەست و سەرچاوەی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنیان نەبووە بۆئەوەی ئەم پلانە بە شێوەیەکی باش و جێگیر بەجێ بگەیێنن.

ئاوارەکانی عەرەبی سوننە لە موسڵ زۆربەی کات ئاماژەیان بەوە دەکرد کە لە دوای ئاوارەبوونیانەوە نەگەڕاونەتەوە ناوچەکانی زێدی خۆیان – بەتایبەتی ئەوانەی کە ژن بوون. سێ پیاو بۆ سەردانێکی کورت چوونەتەوە قەزای شەنگال، ئەمەش بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی فەرمی و ڕەگەزنامە بۆ ئەندامانی خێزان ئەو منداڵانەی کە لە ئاوارەیی لە دایکبوونە[٧٨]. دوای بیستنی ئەوە کە دۆخی ئەمنی باشتر بووە و سوپای عێراق کۆنترۆڵی زیاتری بەسەر قەزاکەدا هەیە، سێ پیاوی دیکە گوتیان کە ڕەزامەندی ئەمنی فەرمییان بۆ گەڕانەوەی خێزانەکانیان وەرگرتووە، ئەمەش هەر لەم دواییانەدا و لە چارەکی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣. بەڵام ئەم گەڕانەوانە زۆر کورتخایەن بوونە چونکە دەوترێت ئەم ئاوارانە هەستیان بە سەلامەتی نەکردووە، بە تیرۆریستبوون تۆمەتبارکراون، و لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە لە ناو قەزاکەدا هەڕەشە و دەستدرێژییان کراوەتە سەر[٧٩].

## بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە و هەلومەرج و دۆخی پێشبینیکراو لە ناوچەکانی زێد

ئاوارەکان و زانیاریدەرە سەرەکییەکان بە هەمان شێوە ئاماژەیان بەوەدا کە هیچ بەربەستێکی فەرمی یان ڕەسمی لەبەردەم گەڕانەوەیان نییە (جگە لەوانەی پەیوەندییان بە تاوانەکانی داعشەوە هەیە)، بەڵام بەیەکەوەوابەستەبوون و بەیەکەوەگرێدراویەتی هۆکارەکان وادەکەن کە گەڕانەوە و مانەوە ئاسۆیەکی بەرچاو ڕوونیان نەبێت. هەم ئاوارەی عەرەبی سوننە و هەمیش ئاوارە ئێزدییەکان ئاماژەیان بەوەدا کە پارتە سیاسیە کێبڕکێکارەکان، لایەنە ئەمنییەکان و بەرژەوەندییەکان لە ناوچەکانی زێد زۆرن بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی ماددی و کۆمەڵایەتی بێنە ئاراوە.

فرەیی هێز و لایەنە سیاسییەکان دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و ڕێگری لە هەوڵەکانی گەڕانەوە دەکات، ئەمەش دۆخی سیاسی ئاڵۆز و نالەبار دەکات بۆ ئاوەدانکردنەوە[٨٠].

فرەیی دەسەڵات لە شەنگال، ئیدارەدان و بەڕێوەبردن، ناوەندە ئەمنییەکان و بڕیاردەرەکان لە دیارترین هۆکارەکانی ناسەقامگیری ناو قەزاکە و گرنگترین بەربەستی بەردەم ئاوارەکانە[٨١].

بەڵام گروپ و چین و توێژە جیاوازەکان هەریەکەیان لە دیدی خۆیەوە هەست بەم ئاڵۆزی و نیگەرانییە گشتییانە دەکەن – کە ئاڵۆزی و نیگەرانی فرەی و بەیەکەوە گرێدراون – ئەمەش وایکردووە بۆ ئەو گروپ و چین و توێژانە قورس بێت کە لە پێشینە بدەن بە بەربەستێک لە بەرانبەر بەربەستێکی دیکە دا.

### ئاوارە ئێزدییەکان

بەڵای ئاوارە ئێزدییەکانەوە، لە هەردوو شاری دهۆک و نەینەوا، لە سەرانسەری قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە، هەندێک لە بەربەستە سەرەتاییەکانی گەڕانەوەیان بریتیبوون لە ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی، لەوانەش هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا؛ بەردەوامی بوونی پاشماوەی تەقینەوەکانی جەنگ لە ناوچەکانی زێدیان؛ کەمی و سنووردارێتی ژێرخان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتییەکان، لەوانەش چاودێری تەندروستی و پەروەردە و خوێندن؛ کەمی دەرفەتی دارایی؛ و نەبوونی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون بەهۆی ڕووخانیانەوە (لەکاتی شەڕ و ململانێ و تێکچوونی ژینگەی و پێکهاتە خاکەکە کە ئێستا نزیکەی ١٠ ساڵە هەر بەم شێوەیە ماوەتەوە). سەبارەت بە خانوو بە تایبەتی، ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی خوار تەمەنی یاساییدا ئاوارە بوون و ئێستا گەورە بوون لەگەڵ خێزانەکانی خۆیان دا دەژین، زەوی و ماڵیان نییە بۆ ئەوەی بۆی بگەڕێنەوە لە ناوچەکانی زێد دا[٨٢]. ئەو پاڵپشتییە نێودەوڵەتییانەی کە ئێستا بۆ نۆژەنکردنەوە یان بنیادنانەوە خانووەکان هەیە تەنیا بۆ ئەو ئاوارانەیە کە پێش ئاوارەبوون هەندێک جۆری خانووبەرەی تۆمارکراویان هەبووە، ئەو نەوە گەنجانەی کە لە ئاوارەبووندا گەورە بوون بەدەرن لەم پاڵپشتییە و نایانگرێتەوە[٨٣]. بۆیە، تاڕادەیەک بۆ نەوە گەنجەکان ئاسانترە کە دەستیان بە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون بگات (تەنانەت ئەگەر لە ئەو شوێنەی حەوانەوە لەدۆخێکی خراپیشدا بێت) و خزمەتگوزارییەکانیشی خراپ بێت بە بەراورد بە شوێنەکانی دیکە لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە.

لە سەرانسەری دانیشتوانی ئاوارەی ئێزدی کە لەم شیکارییەدا هاتووە، هەژاری و نەبوونی سەرچاوەی دارایی بۆ گەڕانەوە، بەربەستێکی بەرچاو و دیارە. پێدانی ئەو هاوکارییە مادیەی کە بۆ گەڕانەوە کە لەلایەن وەزارەتی کۆچبەرانە دەستپێکردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە داراییانە یارمەتیدەر دەبێت لە ئاسانکاریکردنی گەڕانەوە بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان ڕێککارەکانی داوا پێشکەشکردن ڕوون نییە و شێوازەکانی خەرجکردنی نادیارە[٨٤]. هەروەها بە فەرمی هەوڵدان بۆ گەڕانەوە پێویستی بە ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی ئەو دەسەڵاتە ئیدارەییە هەیە کە نیشتەجێی دهۆکە تا نووسراوی ڕۆیشتنیان بۆ بکات. وەرگرتنی ئەم نووسراوە پێشتر کاتێکی زۆری دەویست دوای ئەوەی ئاوەرەکان پەڕاوی پێویستیان پێشکەشکرد. ئاوارە ئێزدییەکان سەرەنجی ئەوەیان دا کە سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ ڕێکخستنی پرۆسەکە – و لە ڕاستیدا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەم دواییانەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئیداریی نیشتەجێی پارێزگای دهۆک لەم ڕووەوە کارێکی زۆریان کردووە[٨٥] – بەڵام پرۆسەکە "هەر خاو و لەسەرخۆیە. ئەم دواکەوتنانە دەبێتە هۆی نارەحەتی زیاتر بۆ ئاوارەکان و ڕێگری لە گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی خۆیان دەکات [لە ناوچەکانی زێدیان] "[٨٦].

هەروەها ئاوارە ئێزدییەکان نیگەرانی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە گرژییەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان – بە تایبەتی لە نێوان پێکهاتەکانی ئێزدی و عەرەبی سوننە – ئەگەر خەڵکی زیاتر بگەڕێنەوە. هەروەها باس لە نیگەرانییەکانی دابەشبوونە ناوخۆییەکانی ناو پێکهاتەی ئێزدی کرا، بەڵام تا ڕادەیەکی کەمتر. ئەم دابەشبوونە ناوخۆییانە لەنەبوونی یەکڕیزییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنییە جیاوازەکانی بەیەکەوەگرێدراوەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە

٧٧ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە ئێزدییە پیاوەکان لە ناحیەی قەحتانیە لە ناوەندی شەنگال، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣؛ و گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە ئێزدییە پیاوەکان لە ناحیەی قەحتانیە و ناحیەی سنوونێ، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

٧٨ گفتوگۆی گروپی فۆکەس ١، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە شەنگال + سنوونێ لە موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ و گفتوگۆی گروپی فۆکەس ٢ ٢، ، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە شەنگال + سنوونێ لە موسڵ ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٧٩ گفتوگۆی گروپی فۆکەس ٢، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە شەنگال + سنوونێ لە موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣

٨٠ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە شەنگال + سنوونێ لە دهۆک (کەمپ)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٨١ گفتوگۆی گروپی فۆکەس ٢، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە شەنگال + سنوونێ لە موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٨٢ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ژنە ئاوارەکانی ئێزدیان لە ناحیە قەحتانیە لە دهۆک (کەمپ)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٨٣ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

٨٤ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ژنە ئاوارەکانی ئێزدییان لە ناحیەی قەحتانیە لە دهۆک (چارەسەری نافەرمی)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

٨٥ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

٨٦ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ژنە ئاوارە ئێزدییەکان-ی ناحیەی قەحتانیەی نیشتەجێی دهۆک (نیشتەجێکردنی نافەرمی)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

دوای شەڕ و ململانێ و ئاوارەبوونی درێژخایەن لەناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا سەریان هەڵداوە. ئەم دابەشبوونانە بەشێکیان پەیوەستن بە فرەچەشنی هێز و لایەنەکان و بەرژەوەندییە یەکتربڕ بەیەکداچووەکان لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە. نەبوونی کۆدەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان ئێزدییەکان لەنێو زۆربەی کۆمەڵگەکە هەستێکی نوێیە و بۆ هەندێکیشیان پێشهاتێکی نیگەرانکەرە[٨٧].

لە کۆتاییدا، سەرنجێکی تایبەت بە ئێزدییە ئاوارەبووەکانی ناحییەی قەحتانیە (بەڵام لەلایەن کەسانی دیکەشەوە باسکراون) ژمارەیەکی بەرچاوی گۆڕە بەکۆمەڵەکانە کە هێشتا لە ناوچە زێد هەڵنەدراونەتەوە: «دێتەبەرچاوم کە کاتێک دەگەڕێمەوە خانووی ڕووخاو و وێرانبووم، دەبینم گۆڕی بەکۆمەڵ لە هەموو شوێنێک هەیە و هەموو ماڵێک هەیە کە خێزان و کەسە نزیکەکانی لەدەستدابێت.»[٨٨] دەسەڵاتداران ئاماژەیان بەوە کردووە کە نزیکەی ٥٨ گۆڕی بەکۆمەڵ کە پەیوەستە بەو تاوانانە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراون لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییەدا ماونەتەوە[٨٩]. ئەم شوێنانە زیانێکی دەروونی بەرچاو بۆ ئەو کەسانە دەگەیەنن کە ئەگەری گەڕانەوەیان هەیە ئەگەر گۆڕەکان هەڵنەکەندرێن و مردووەکان دەستنیشان نەکرێن و نەدرێنەوە بە خێزانەکانیان تا بەشێوەیەکی شکۆمەندانەوە بنێژرێن[٩٠].

## ئاوارە کوردەکان

ئاوارە کوردەکانی نیشتەجێی دهۆک تیشکیان خستە سەر نیگەرانییە هاوشێوەکان لە ڕووی نەبوونی خزمەتگوزاری و ژێرخان لە ناوچەکانی زێد، نەبوونی خانووبەرە بەهۆی ڕووخان و وێرانکاری و سنووردارbوونی دەرفەتە ئابوورییەکان. سنوورداربوونی سەرچاوەکان لە ئاوارەیی دا، لەوانەش دواکەوتنی مووچە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ فەرمانبەرانی ئاوارەبووی کەرتی گشتی کە لەدەرەوەی قەزاکە نیشتەجێن، ئەمەش وادەکات دانانی پلانی گەڕانەوەیان قورس بێت. هەروەها ئەم ئاوارانە تیشکیان خستە سەر هەبوونی ترس سەبارەت بە ناسەقامگیری ئەمنی بەهۆی «هێز و گرووپە چەکدارەکان» و «گەڕەکە عەرەبییەکان»[٩١]. پێدەچێت ئەم هەستە ئاماژە بێت بۆ هەبوونی جوڵە گۆڕانکاری بەیەکەوە گرێدراو: بوونی فرەیی هێزی ئەمنی و گروپە چەکدارەکان لەسەر ئەرزی واقیع، لەنێویاندا پەکەکە؛ کێبڕکێی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی بەرفراوانتر لەنێوان حکومەت عێراق و حکومەتی هەرێم لە ناوچە جێناکۆکەکان؛ و هەڵسوکەوت و مامەڵەی هێزە کوردییەکان بەرانبەر بە گوند و دانیشتوانی عەرەب لە ئۆپەراسیۆنەکانی وەرگرتنەوەی قەزای شەنگال لە دەستی داعش

## ئاوارەی عەرەبی سوننە

ئەو ئاوارە عەرەبە سوننانەی کە بەشداریان لەم توێژینەوەیەدا کرد ویستیان کە تیشک بخەنە سەر ئەوەی کە گەڕانەوەیان سنووردرا کراوە بەهۆی ئەو لایەن و گروپە چەکدارانەی کە پشتیوانی دەرەکییان هەیە، «لەوانەش پەکەکە و هێزە چەکدارەکانی.»[٩٢]. ڕەنگە هەبوونی ئۆپەراسیۆنی لیواکانی حەشدی شەعبی لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە جێگەی نیگەرانی ئاوارەکانی عەرەبی سوننە بێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەوان هێزەکانی حەشدی شەعبی وەها دەبینن پشتگیری یان پەیوەندیان لەگەڵ لایەنی دەرەکی هەیە. بە گوتەی ئاوارەکانی عەرەبی سوننە، ئەم جۆرە هێز و لایەنانە ڕێگری لە گەڕانەوەیان دەکەن بە بیانووی ئەوەی عەرەبە سوننە ئاوارەبووەکان تیرۆریستن و ڕەتیدەکەنەوە ددان بە بەڵگەنامەی فەرمی ڕێگەپێدانی ئەمنیان بنێن.[٩٣] جگە لەوەش، باس لەوەشدەکرێت ئەم گروپە چەکدارانە پشتگیری لە ئیدانەکردنی گەڕانەوەی عەرەبی سوننە دەکەن.[٩٤] ئاوارەکانی عەرەبی سوننە و نوێنەرانی هۆز و خێڵەکانیان باسی ئەوەشیانکرد کە گروپە چەکدارەکان ماڵ و موڵک و دوکانەکانی ئاوارەکانی عەرەبی سوننەیان لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە داگیرکردووە[٩٥]. پێدەچێت ئەم هۆکار و فاکتەرانە تەوەری سەرەکی گفتوگۆکانی پەیوەست بە بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە بن. بەڵام بەشداربووان ئاماژەیان بەوەدا کە نەبوونی بەرچاوڕوونی لەسەر ئەوەی کێ ناوچەکە بەڕێوەدەبات، نەبوونی ژێرخان و خراپی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، وێرانبوون و ڕووخانی شوێنی نیشتەجێبوون، گرژی و ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان گروپەکان و چین وتوێژەکاندا، سنووداربوونی دەرفەتە ئابورییەکان سنووداربوونی و کەرەستە و سەرچاوەی پاڵپشتیکەر بۆ گەڕانەوە بە هەمان شێوە لە بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوەن.

## دەستپێشخەری و کارو چالاکییە سیاسییە-جوگرافییەکان کە سوودی لە کەمی گەڕانەوە وەرگرتووە

بەربەستی کۆتایی بەردەم گەڕانەوە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئاوارەکانەوە باسی نەکراوە بەڵام لە نێو زانیاریدەرانی سەرەکیدا هاتە ئاراوە پەیوەندی بە ڕەهەندێکی سیاسییەوە هەیە، لەگەڵ ئەو گێڕانەوانەی کە هەن سەبارەت بەوەی چی ڕوودەدات و بۆچی ڕوودەدات. ڕەنگە یەکێک لە دەرەنجامەکان ئەوە بێت کە لە کاتێکدا هیچ لایەنێک یان قەوارەیەکی دیاریکراو ڕێگری لە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ ناکات – و لە ڕاستیدا چارەسەرکردنی ئاوارەبوون بۆ دانیشتووان لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە زۆرجار ئەولەویەتێکی ڕاگەیەندراوی ئەم قەوارانەیە – هەریەکەیان بەرژەوەندی و تەماحیان هەیە کە ڕەنگە سوود لە بەردەوامبوونی ئاوارەبوونی پێکهاتەکان وەربگرن[٩٦] . ئەم خاڵانەی خوارەوە لەم بۆچوونانە دەردەکەون کە لە سەرانسەری چاوپێکەوتنەکاندا دەربڕدراون:

- حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری بەرچاوە لە پارێزگای نەینەوا بە گشتی و لە ناوچە جێناکۆکەکانی (بە قەزای شنگالیشەوە) لەگەڵ بەردەوامی بوونی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆک. ئەم دەسەڵاتەش زیاتر بەهێز دەبێت بەهۆی مانەوەی ئیدارەی خۆجێی بەڕێوەبردنی قەزای شەنگال کە بە فەرمی دانپێدانراوە لە دهۆک کارەکانی ڕاییدەکات.
- پارتە سیاسییەکانی قەزای شەنگال (لەژێر چەتری هەماهەنگیی نێوان پێکهاتە و هێزە نیشتمانییەکان-ی قەزای شەنگال) کە لە خۆبەڕێوەبردن-یش دەگرێتەوە، لە غیابی گەڕانەوەی زیاتردا، دەتوانن زیاتر هەژموون و هێز و هەبوونی خۆیان بچەسپێنن. دەرفەتێکی واقیعی هەیە کە لەگەڵ گەڕانەوەی زیاتری ئاوارەکان لە لە دهۆک و ناوچەکانی دیکەی نەینەوا، دەسەڵات و کاریگەریی ئەم لایەنانە کەم ببێتەوە. ئەمەش ڕەنگە بەشێک بێت لە ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنی شەنگال، چونکە ڕێککەوتنەکە ئەوانەی ڕەچاونەکردووە و لەبەرچاوی نەگرتوون، ئەگەر

٨٧ سەعد سالوم، گەڕانەوە بۆ شەنگال: ئاڵنگارییەکان و دەرفەت و ڕەهەندەکانی شەڕ و ململانێ (IOM، بەغدا، ٢٠٢٠).

٨٨ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ژنە ئاوارە ئێزدییەکان-ی ناحیەی قەحتانیەی نیشتەجێی سنوونێ، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

٨٩ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، دەسەڵاتی پارێزگای نەینەوا، موسڵ، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

٩٠ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، پیاوانی ئاوارەی ئێزدییەکان-ی ناحیەی قەحتانیە لە ناوەندی شەنگال، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

٩١ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە کوردە پیاوەکان لە شەنگال + سنوونێ نیشتەجێی دهۆک (کەمپ)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ و گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە کوردە پیاوەکان لە شەنگال + سنوونێ نیشتەجێی دهۆک (کەمپ)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٩٢ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، سەرۆکی هۆز لە ناحیەی قەحتانیە، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٩٣ گفتوگۆی گروپی فۆکەس ٢، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە شەنگال + سنوونێ لە موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٩٤ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، سەرۆکی هۆز لە ناحیەی قەحتانیە، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، سەرۆکی هۆز لە سنوونێ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٩٥ گفتوگۆی گروپی فۆکەس ١، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە شەنگال + سنوونێ لە موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، سەرۆکی هۆز لە ناحیەی قەحتانیە، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

٩٦ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، دەسەڵاتی پارێزگای نەینەوا، موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

خەڵکێکی زیاتر لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەوە بگەڕێنەوە، لەوانەیە ئەم لایەنانە بەشێک لە پێگەی خۆیان وەک جێگرەوەی دەسەڵات لە قەزاکەدا لەدەست بدەن.

- ئەو هێزە و لایەنانەی لەسەر سنوری سوریان، لەنێویاندا حەشدی شەعبی هاوتەریب و هاوبیری ئێران، پاڵنەرێکیان هەیە بۆ ئەوەی ناوچەکان بە چۆڵی و ناسەقامگیری بهێڵنەوە بۆ بەردەوامبوون لەکار و چالاکییە نایاساییەکان و ئۆپەراسیۆنەکانیان لەنێویاندا قاچاخچێتی، بە دەستوەردانێکی تاڕادەیەک کەم. هەروەها هەبوونی ژمارەیەکی کەمی خەڵک لەو ناوچانە ئاسانکاری دەکات بۆ پاراستنی ڕێڕەوی شیعە کە لە ڕێگەی خاکی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە ئێران بە سوریاوە دەبەستێتەوە.
- لە کۆتاییدا، تورکیا سوود لە بەردەوامی ناسەقامگیری وەردەگرێت کە ئەمەش ڕێگری لە گەڕانەوە دەکات، بەو پێیەی ڕۆڵی هەیە دەیەوێت دڵنیابێتەوە لەوەی ناوچەکە نەچێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو لایەنانەی سەر بە پەکەکەن- کە دواتر ڕەنگە کاریگەری لەسەر جیابوونەوەی کورد لە تورکیا هەبێت.

ئەم جوڵە و بزوێنەر و هەڵسوڕێنەرانە بەیەکەوە، وایانکردووە ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە هەمان شێوە بینە ئامانج و جێی چاوی ئەو هێز و لایەنە سیاسیانەی کە لەسەر ئەرزی واقعن و هیچ ڕێگەیەکی ئەوتۆیان لەبەردەم نەهێشتوونەتەوە بۆ ئەوەی ڕێز لە دەنگ و بڕیاردانیان بگیرێت[97]. کێشەیەکی دیکە لە دڵنیابوون لەوەی کە ئاوارەکان و گەڕاوەکان دەنگیان لە پرۆسەی بڕیاردانەدا هەیە، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵگەکان نزیکەی دە ساڵە لە ڕووی جوگرافییەوە پەرش و بڵاوبوونەتەوە. شەنگالییەکان توانای زیاتریان دەبوو بۆ پاڵنانی دروستکردنی گۆڕانکاری لەسەر مەرجەکانی خۆیان ئەگەر هەمووان بیانتوانیبوایە بگەڕێنەوە. ڕەنگە ڕێک ئەم ئەگەرە بێت بۆ ڕاوێژکاری مەدەنی و بڕیاردانی بەکۆمەڵ کە زلهێزەکانی ئێستا و کێبڕکێکاران زۆرترین ترسیان لێبێت، نەوەک پێگەی خۆیان لەدەست بدەن.

## بژاردەکانی چارەسەرکردنی ئاوارەبوون

بەهۆی ئەوەی گیرخواردن لەنێو ئەم جوڵە و هەڵسوڕێنەرانە، کە لەسەر ئاستی خۆجێی، ناوچەیی، نیشتمانی و جیۆپۆلەتیکین، پێدەچێت ئەم دانیشتوانە ئاوارانەی کە لەم شیکارییەدا هاتوون، تا ڕادەیەک دابەشبوون لەسەر ئەوەی کە چەند ئامراز و هۆکارێک پەسەندکراو و بە باشزانراویان بۆ چارەسەرکردنی ئاوارەبوونیان هەیە. هەندێکیان ویستێکی زۆریان بۆ گەڕانەوە هەیە ئەگەر هەلومەرجەکان ڕێگەیان پێبدات، پێدەچێت هەندێکیان دەستیان لە هەوڵی یەکخستنی خۆجێی هەڵگرتبێت، چونکە وازیان لە چاوەڕوانی باشتربوونی هەلومەرجەکان هێناوە لە ناوچەکانی ژێدیان دا، هەندێکی تریان تاڕادەیەک بە ویستی خۆیان یەکخستنی خۆجێی ئەنجامدەدەن هەرچەندە ڕووبەڕووی بەربەستیش دەبنەوە، هەندێکی دیکەشیان، بە لەبەرچاوگرتنی سەختی و دژاواری بارودۆخی ژیانی ئێستایان، بەتایبەتی لە کەمپەکاندا، هیچ بژاردەیەکی تر نابینن جگە لە گواستنەوە بۆ کەمپەکانی تر یان هەوڵدان بۆ کۆچکردن.

بۆیە، پێدەچێت ئاوارەکان لەبری ئەوەی لە بژاردەکانی چرەسەرکردنی ئاوارەبوونیان بڕوانن و لێیان ووردبنەوە تا بەشێوەیەکی کە ئارەزوومەندانە و بە کەرامەتەوە ئاوارەبوونەکەیان چارەسەر بکرێت، ناچارن لە نێوان بژاردەی خراپ و خرپتر دا، ئەوەی یەکەمیان هەڵبژێرن. بە هەبوونی پاڵپشتییەکی کەم و سنووردار بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆ زۆربەیان بژاردەی کەمتر خراپ بە هیچ شێوەیەک بژاردە نییە.

ئەو کۆدەنگییەی لەنێو تەواوی گروپ و چین و توێژەکانی ئاوارەکاندا هەیە ئەوەیەکە خواستی گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵ و هەبوونی هەستی پەیوەندییەکی قوڵ بە خەڵکی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە هەیە. بۆیە، ئاوارەکان هەموویان خەمبار بوون کە ئەم ئاوارەبوونە نزیکەی دە ساڵی خایاند درز کەلێنێکی قوڵی دروستکرد لە ناسنامەی خۆجێی و شێوازی ژیان و پیادەکردنی نەریت و زمان و کولتووری هەریەک لەو گروپ و چین و توێژانە دا.

ئاوارەبوون کاریگەری لەسەر ناسنامەی کولتووری کۆمەڵگە هەبووە، و ئەمەش ئەگەری لەدەستدانی کەلەپور و نەریتەکانمان دروست دەکات[98].

پێموایە چارەسەرنەکردنی ئاوارەبوون دەبێتە هۆی لەدەستدانی پەیوەندیی کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان و مەترسی لەناوچوونی کەلەپور و زمان و نەریتە ناوخۆییەکان[99].

یەکێک لە کاریگەرییەکان [لە ئاوارەبوونی درێژخایەن] لەدەستدانی ناسنامەمانە، ناسنامەی زێدمان، بەڵگەنامەکانمان، مافی خاوەندارێتی زەویەکانمان و لەدەستدانی بیروباوەڕ و داب و نەریتەکانمانە کە سەدان ساڵ لەمەوبەر دروستبوون.[100]

# دید و بۆچوونەکان لەسەر ئەو پرۆسانەی گەڕانەوە کە لە ڕابردوو و لە ئێستا دا هەن

هەموو بەشداربووانی توێژینەوەکە ئاگاداری پرۆسەکانی ڕابردوو و پرۆسەکانی ئێستای گەڕانەوە بوون کە بە پلەی جۆراوجۆر پاڵپشتی گەڕانەوەکان دەکەن، لەوانەش لە ڕێگەی هەوڵەکانی حکومەت و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاسانکاریکردنی جوڵە و جموجۆڵەکانی گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوە، هەوڵەکانی ئاشتەوایی خۆجێی و سیاسەتی ئاستی باڵا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە کەرت و بوارەکان لە ناوچەکانی زێد دا بە گشتی (لە ڕاستیدا، لە سەرانسەری ئەو گروپ و چین و توێژەکانی ئەو ئاوارانەی کە لەم شیکارییەدا هاتبوون، پێدەچوو زۆرێک ئاگاداری ڕێککەوتنی شەنگال بن). پێدەچێت کۆدەنگی لەسەر ئەوە هەبێت کە ئەم هەوڵانە تا ڕادەیەکی زۆر ڕووەو بیرۆکراتی و خاو و هێواش بن، بە ڕادەی پێویست هەموو پێکهاتەکانی ئاوارەکان ناگرێتەوە، سەرچاوە و پشتیوانییەکی درێژخایەنی پێویستیان دابین ناکات بۆ دەستبەرکردنی سەرکەوتنی ڕێککەوتنەکە. ئەمەش وادەکات کە ڕێککەوتنەکە ئاستێکی بەرزی ئەگەری شەڕ و کێشمەکێشمی سیاسی بێدەنگی لێ بێتەئاراوە. بەم پێیەش زۆر شت لەسەر زەوی و ئەرزی واقیع دا نەگۆڕاوە.

هێشتا خەڵک پێویستیان بە «ژینگەیەکی شیاو و شایستە هەیە بۆ گەڕانەوە»[101]، ئەمەش وادەکات کە کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان هەر لە ئاستێکی بەرچاوی ناجێگیر و ناسەقامگیردا بمێننەوە، ترسیان لە لەدەستدانی ناسنامە و شوێنی خۆیان لە کۆمەڵگەدا هەبێت ئەگەر دۆخی ئێستا وەک خۆی بمێنێتەوە.

## ئەو دەستپێشخەریانەی کە تا ئەمڕۆ هەبوون

### پاڵپشتی گەڕانەوە و بنیادنانەوە

نزیکەی هەموو ئاوارەکان ئاماژەیان بە زانینی هەندێک لایەن سەبارەت بە هەوڵەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ یارمەتیدان و پاڵپشتیکردنی گەڕانەوە بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە کرد لە ڕووی ئاسانکاری بۆ بەڵگەنامەکانی گەڕانەوە، بە تایبەتی لە دهۆکەوە، سەرداینکردنەکانی بڕۆ

٩٧ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، پسپۆڕی نیشتمانی، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣.
٩٨ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە ئێزدییە پیاوەکان لە دهۆک (نیشتەجێی نافەرمی)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.
٩٩ گفتوگۆی گرووپی فۆکەس، ئاوارە پیاوە کوردەکان لە ناوەندی شەنگال + سنوونێ لە دهۆک (کەمپ)، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.
١٠٠ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە ناوەندی شەنگال + سنوونێ لە موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.
١٠١ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، پسپۆڕی نیشتمانی، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

ببینە، و پاڵپشتیکردنی گواستنەوە و یارمەتییەکان لە ناوچەکانی زێد. لە کاتێکدا هەندێک لە ئاوارەکان کە لە دهۆک دەژین، پێزانینیان بۆ ئەم پاڵپشتییە هەبوو، بەڵام پێیانوابوو کە پرۆسەکان بەهۆی بیرۆکراسی حکومەتەوە لە ڕادەبەدەر خاوی و دواکەوتنی تێدایە. هەروەها زانیاریدەرانی سەرەکی کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ وەک هەوڵێکی گرنگ دەناسێنن و باسی ئەوەیانکرد کە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتداران لەم ڕووەوە بە باشی بەڕێوەناچێت. بەڵام ئاوارەکانی عەرەبی سوننە هەستیان بەوە کرد کە بە بەراورد لەگەڵ گروپ و چین و توێژەکانی دیکە، ئەوان بە کەم خزمەتگوزاری دەمێننەوە و دەبێت زۆربەی بەشەکانی پرۆسەی گەڕانەوە بەخودی خۆیان و لەسەر حیسابی خۆیان ئەنجامبدەن.

حکومەتی خۆجێی و حکومەتی ناوەندی، نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، هیچیان بایەخ بە ئێمەی ئاوارەکان لە پێکهاتەی عەرەبی نادەن. ئەوان تەنیا پاڵپشتی لە گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکەن لە پێکهاتەکانی تر کە لە کەمپەکاندا دەژین و بژێوی ژیانیان بۆ دابیندەکەن و ناوچە زیانلێکەوتووەکانیان ئاوەدان دەکەنەوە. ئێمە لە بیرکراوین. کەس نییە وەک باقی پێکهاتەکانی تر بانگمان بکات و داوای مافەکانمان بکات. گەڕانەوەی هەندێک لە خێزانە [عەرەبییەکان] ئارەزوومەندانە بووە، خۆیان خستۆتە مەترسی و لەسەر حیسابی خۆیان، بەبێ هاوکاری حکومەت، گەڕانەوە و خانووەکانیان چاککردۆتەوە[١٠٢].

کۆدەنگییەک لە نێوان هەموو ئاوارەکان ئەوە بوو کە قەرەبووکردنەوەی تەواوەتی قوربانیان، برینداربووان، سەروەت و سامانی لەدەستچوو و زیانلێکەوتووان یان وێرانبوونی ماڵ و موڵک ڕێگایەکی دوورودرێژە بۆ یارمەتیدانی ئاسانکاریکردنی گەڕانەوە، بەڵام پرۆسەی حکومی لەمبارەیەوە لەڕادەبەدەر قورس و زەحمەتە و پارەیەکی کەم بە چەند کەسێکی کەم دراوە یان هیچ بڕە پارەیەک بە هیچ کەسێک نەدراوە. هەروەها زانیاریدەرانی سەرەکی ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئێزدییەکان دەتوانن بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی و/یان قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسای ٢٠ شایستەی قەرەبووکردنەوە بن و قەرەبووکردنەوەکە بیانگرێتەوە؛ بەڵام پێدەچوو بۆ زۆرێکیان ڕوون نەبێت کە ئەوان شایستەی کام میکانیزمن تا بتوانن بەهۆیەوە دەست بە پرۆسەی داواکاری بکەن[١٠٣]. لە کۆتاییدا، بەتایبەتی ئاوارە ئێزدییەکانی ناحیەی قەحتانیە ئاماژەیان بەوەدا کە پێویستە حکومەتی عێراق (پەلەبکات)[١٠٤]، پرۆسەکانی پێدانەوە و گێڕانەوە مافی خاوەندارێتیکردنی زەوی و خانوو بە ئێزدییەکانی نیشتەجێی شارەدێیەکە بداتەوە. گێڕانەوەی فەرمی مافی خاوەندارێتی، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی زیانەکانی سیاسەتەکانی ڕابردووی تەعریبکردن دژی پێکهاتە کەمینە ئایینیی-نەتەوەییەکانی دیکە عێراق، لەلایەن هەندێک لە ئاوارە ئێزدییەکانەوە وەک ئامرازێکی دیکە بۆ یارمەتیدانیان بۆ چارەسەرکردنی ئاوارەبوونیان سەیرکرا.

لە کاتێکدا هەوڵە بەرفراوانەکانی ئاوەدانکردنەوە وەستاون، بەشداربووانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەبووە لە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی نۆژەنکردنەوە، چاککردنەوە و بنیادنانەوەی ژێرخان. ئەم جۆرە پاڵپشتیانەش بریتیبوون لە بەرنامەیەکی دەستپێشخەریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان بۆ ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی زیانلێکەوتوو و وێرانبوو لە ناوچەکەدا، کە وەک بەشداربووان باسیانکرد، ڕۆڵی لە گەڕانەوەی هەندێک خێزان هەبوو[١٠٥].بەڵام بەشداریکردنێکی باشتر و زۆرتری لایەنە بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان پێویستە بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە لەبەرئەوەی هەوڵەکان بۆ ئەم دوو شوێنە بەوشێوەیە نەبوو کە پێویست بوو ببێت، ئەمەش بەهۆی ناسەقامگیری و داگیرکردنی ژێرخانی مەدەنی چاککراوە لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە[١٠٦].

## ئاشتەوایی خۆجێی

هەروەها ژمارەیەک زانیاریدەری سەرەکی و هەندێک لە ئاوارە عەرەبە سوننەکان کە لەم شیکارییە دا هاتوون، بەشدارییان لە هەوڵێکی دەستپێشخەری ئاشتەوایی خۆجێیی کرد کە لە نێوان هۆزەکانی ئێزدی و هۆزەکانی عەرەبی سوننە لە باکوری قەزای شەنگال (سنوونێ). ئەم هەوڵە ویستی سەرکردەکانی ئێزدییەکان و عەرەبە سوننەکان لەسەر خاڵە سەرەکییەکان کۆبکاتەوە، کە بریتیبوون لە پاڵپشتیکردن لە هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی شوێنی ژنە ئێزدییە ونبوو و بێ سەرو شوێنەکان لە عێراق و سوریا؛ داکۆکیکردنی هاوبەش بۆ ئاوەدانکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی قەزای شەنگال؛ پاڵپشتیکردن لە دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش؛ دانوستاندن لەسەر ئەو پرسانەی لەناو سنوونێ کە تیایدا پێکهاتەی موسڵمانە گەڕاوەکان لەلایەن هاوتا ئەمنییە ئێزدییەکانیانەوە ڕووبەڕووی پێشێلکاری بوونەتەوە. هەروەها ئەنجامدانی ڕێککەوتن بۆ گۆڕینی قسە و گێڕانەوە ئاینییەکان بە بەیاننامەی پشتیوانیکردن کە ئەو بەیاننامەیە لەلایەن دەزگاو دامەزراوە گەورە و کاریگەرەکانی موسڵمانان لە سەرانسەری عێراقەوە دەربچێت. ئەم هەوڵە بووە هۆی ئەوەی کە چوارچێوەیەکی ڕێککەوتن لەسەر کارەکان لە تەواوی خاڵە سەرەکیانە بێتە ئاراوە و بەیاننامەیەکی گشتی هاوپێچ لەلایەن سەرکردەکانی هۆزە مسڵمانەکانەوە دەربکرێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو کردەوە جینۆساید و توندوتیژیانەی کە لە کاتی شەڕ و ململانێدا بەرانبەر بە ئێزدییەکان ئەنجامدراون، هەروەها بەڵێنیانداوە کە ئەمە هەرگیز دووبارە نەبێتەوە.

گەیشتن بە کۆدەنگی بۆ ئەم چوارچێوە هاوبەشەی کارکردن لەنێوان ئێزدی و عەرەبی سوننە کات و سەرچاوەیەکی بەرچاوی ویست بۆ گەیشتن پێی؛ بەڵام جێبەجێکردنی بەشێکی بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی بۆ چاودێریکردنی بەدواداچوون و پابەندکردن، کەم و سنووردار بوو. بۆیە، کاریگەرییە بەرجەستەکراوەکانی ئەم هەوڵە ئاشتەواییە خۆجێیە و چوارچێوەی کارکردنی دواتر بە زەحمەت دەستنیشانکران. دەتوانرێت ئەم هەوڵانە زیندوو بکرێنەوە بە هەوڵ و پابەندبوونی درێژخایەنی بەخشەرەکان. ئەم جۆرە وەبەرهێنانانەی بەخشەرەکان ناتوانن بە گەرە کورتەکانی پرۆژەکانەوە ببەسترێتەوە و ناشکرێت داوکارییە هەستیارە خۆجێیەکان پشتگوێ بخرێن. ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە سەرقاڵی چارەکردن و پڕکردنەوەی دابەشبوونەکانی نێو ئەو کۆمەڵگانەن کە ئازارێکی زۆریان چەشتووە و دەیانەوێت و بزانن کە هەوڵەکانیان بۆ ماوەیەکی درێژ پاڵپشتی دەکرێن، واتە بە درێژای بەدرێژایی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ سارێژکردنی برینەکان و هێنانەکایەی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەکانیاندا. هەروەها ئەم هەوڵانە ئەوە دەردەخەن کە دەتوانرێت بەرەوپێشچوون لە ئاستی خۆجێی دا بە هێنانەپێشەوەی ئەو پرسانەی کە بۆ مەودایەکی فراوانتری کۆمەڵگە گرنگن بەڵام کەمتر لای سیاسییان لێدەکرێتەوە دەوروژێندرێن.

## بەشداریپێکردنێکی زیاتر و بەرفراوانتر لە چارەسەرکردنی ئاوارەبوون لە قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە دا

ڕێککەوتننامەی شەنگال چوارچێوەی بنەڕەتی و ئاستی باڵایە کە دەبێت حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم چارەسەری کێشەکانی تایبەت بە قەزای شەنگال بکەن و بەخشەرانیش هەر بەم شێوەیە لە ڕێککەوتننامەکە دەڕوانن. بەبێ جێبەجێکردنی، ئەستەمە بۆ زۆرێک لە حکومەتەکان و وڵاتانی بەخشەر پابەندبن بە زیادکردنی بەشداریکردن و پاڵپشتیکردنی ڕاستەوخۆ. ئەم دوودڵییەی بەخشەرانیش پەیوەستە بەو نیگەرانییەوە کە کاتێک ئەنجامدانی پرۆژەیەک یان بەرنامەیەک تەواو دەکرێت، هیچ لایەنێک یان دەسەڵاتێکی ڕوون نییە بۆ ئەوەی ڕادەستی بکرێت، تا ئەو لایەنەی ڕادەستی دەکرێت ئیدارەی بدا بۆ دڵنیابوونەوە

١٠٢ گفتوگۆی گروپی فۆکەس ٢، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە ناوەندی شەنگال + سنوونێ لە موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١٠٣ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، پسپۆڕی نێودەوڵەتی، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

١٠٤ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە ئێزدییە پیاوەکان لە قەحتانیە لە ناوەندی شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١٠٥ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، فەرمانبەری حکومی و بەرپرسی حزبی سیاسی، سنوونێ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١٠٦ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، بەخشەری نێودەوڵەتی، ئۆنلاین، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

لێی. بۆ نموونە، کە کالا و ژێرخانی گشتی ئامادە دەبن بۆئەوەی لەلایەن هاوولاتیانەوە بەکاربهێنرێن لە مەبەستەکانی خۆیان لانادرێن[١٠٧] و لەلایەن لایەنی دیکە و بۆ مەبەستی دیکە بەکاریانبەن. دەگوترێت دەستبەسەرداگرتنی قوتابخانەی زەریفە ئۆسۆ لە قەزای شەنگال لەلایەن هێزەکانی یەپەشەوە، کە بە پارەی حکومەتی ژاپۆن لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆ خزمەتکردنی ١٠٠٠ خوێندکار دروستکراوە، جەخت لەسەر ئەم نیگەرانییە دەکاتەوە بەکارهێنانی ژێرخان و پڕۆژەکانە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و هێزە و لایەنە چەکدارەکانەوە[١٠٨]. باس لەوەش دەکرێت کە لانیکەم سێ قوتابخانە لە قەزای شەنگال و داگیرکراون لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و هێزە و لایەنە چەکدارەکانەوە بەکاردەهێنرێن[١٠٩]. جگە لەوەش، فرەیی هێزە و لایەنە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان کە لە قەزای شەنگال کاردەکەن، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی حکومەتە بەخشەرەکان لە کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدا سنووردار دەکات؛ بەڵکو ئەم هێز و لایەنە چەکدارانە بە پاڵپشتییەکانی یونامی پاڵپشتی خۆیان دەکەن، بەتایبەتی لە هەوڵەکانی ئەم دواییانەدا کە بە زەبری هێز ئەمە دەکەن.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێکهاتە ئاوارەکان و نوێنەرەکانیان، دەسەڵاتە خۆجێییەکان و ئەوانی دیکە پێش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال یان دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال، لە گەڕان بەدوای چارەسەر بۆ قەزای شەنگال و ناحیە قەحتانیە دا کاریگەر و کارا نەبوون – بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایا دەیانەوێت جێبەجێکردنەکەی ببینن یان بە تەواوی ڕەتی بکرێتەوە. ژمارەیەک زانیاریدەری سەرەکی باسی ئەوەیانکرد کە بەشدارییان لە گفتوگۆی خۆجێی، سەر ئاستی پارێزگا، سەرئاستی دەوڵەت و تەنانەت نێودەوڵەتیدا کردووە سەبارەت بەو پرسە سەرەکیانەی کە ڕووبەڕووی ئەم ناوچانە و دانیشتووانەکانیان و ئەوانەی کە هێشتان لە ئاوارەییدان دەبێتەوە. مەرج نییە ئەم هێز و لایەنانە هەمان بۆچوونیان هەبووبێت سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان، بەڵام زۆرێکیان لە هەمان ئەو پرس و بابەتانەیان بەشێوەیەکی بەرفراوان و وەک ئەولەویەتەکان باسکردووە، ئەوانیش: قەرەبووکردنەوە؛ دانانی ئیدارەیەکی خۆجێی کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و نوێنەرایەتی خەڵکەکە دەکات؛ و ئاوەدانکردنەوە لەنێو پرسە سەرەکییەکانن. لە کاتێکدا زۆربەی ئاوارەکان لەم نموونەیەدا ڕاستەوخۆ و لە ئاستێکی بەرزدا پەیوەندی و بەشداریان لە هیچ دەستپێشخەرییەکەوە نەکردووە یان ڕۆڵیان لە هیچ دەستپێشخەرییەکدا نەبینیووە، بەڵام هەوڵیان داوە نیگەرانییەکانیان لە ئاستی ناوخۆیی و لە سۆشیال میدیادا بخەنەڕوو.

بەڵام سەرباری ئەم هەوڵانە، زۆربەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە گۆڕانکاری تاڕادەیەک سنووردار لەسەر ئەرزی واقیع لەم ڕووەوە ڕوویداوە، بەتایبەتی لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگالەوە. بەگشتی، کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم ئەو دەسەڵاتانەن کە توانا و شەرعیەتیان هەیە بۆ مامەڵەکردن بەڵام ئەوەیان نەکردووە. هەندێک لە زانیاریدەرانی سەرەکی ئەم چەقبەستووییە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە لە کاتێکدا هەردوو لایەن جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە وەک ئەولەویەت و لەپێشینە دادەنێن، بەڵام هیچ کامیان نایانەوێت بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەندە ئاڵۆزە؛ هەرکەسێک یەکەمجار کار بکات، دواتر ئەو لایەنە دەبێتە لایەنی هەڵگری ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی جێبەجێکردنەکە[١١٠].

## ئاڵۆزیی و لێکەوتەکانی بەردەوامبوونی دۆخی ئێستا

ئەگەر قەزای شەنگال وناحیەی قەحتانییە هەر بە ناجێگیر و ناسەقامگیر بمێننەوە، ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەت ئەرکی خۆی بۆ پاراستنی ناوچەیەک و دانیشتوانی هەمەچەشن جێبەجێناکات و پشت گوێیان دەخات، لە کاتێک دا ئەو دانیشتووانە هەمەچەشنە ڕووبەڕووی زۆرترین و خراپترین ئیش و ئازاری شەڕی داعش بوونەتەوە. ئەوەی کە ئەم ناسەقامگیری و ناجێگیرییەی ئەم دۆخە بۆ هەموو کۆمەڵگە ئاوارەکان و نەوەکانی دواتریان دروستی دەکات، ئەوەی کە زیانێکی ئازارێکی زیاتریان پێدەگەیێنێت، بە پلەی یەکەم لەسەر ئاوارەکان خۆیان و دەنگ و تێڕوانینیان لەناو مانۆڕی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکیدا ون دەبێت.

یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم ناجێگیر و ناسەقامگیرییە لەو ترسەی ئاوارەکان دەبینرێت کە بەردەوامبوونی ئاوارەبوون لە زێدی خۆیان و پارچەپارچەبوون و دابەشبوونی کۆمەڵگەکانیان لە سەرانسەری شوێنە جوگرافیایاندا دەبێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامە و کولتووریان وەک شەنگالییەک. لە بەرانبەریشدا، ئەم نیگەرانییە ترسی لەدەستدانی پێگە و شوێن لەلای ئاوارەکان دروست دەکات لە کۆمەڵگەکانی خۆیان کە بەشێکی ئەم لەدەستدانە لە ڕێگەی گۆڕینی دیمۆگرافیای قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە، لەسەر حیسابی پێکهاتەکانیان، دروست دەبێت. بۆیە، دۆخی ئێستا «هاوڵاتیبوونی کاتیی دروست دەکات کە هیچ کاریگەرییەکی لە هەڵبژاردن و سیاسەتی وڵاتدا نییە، مافی بەشداریکردنیان لە ئیدارەی [قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە] دا نییە.»[١١١]. هەروەها بارودۆخێکی لەم شێوەیە نیگەرانی لای ئاوارەکان دروستدەکات بەهۆی زیادبوونی گرژییەکانی نێوان گروپەکان و چین و توێژەکان و ئاسۆی ململانێی تائیفی لە داهاتوودا، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی کەلەپوری ناوچەکانی زێد و هێز و لایەنەکانی ئێستای سەر ئەرزی واقیع. هەروەها ترسێک هەیە کە بەردەوامی ناسەقامگیری و بەردەوامی جێگیریی بارودۆخی ژیان ببێتە هۆی ئەوەی ئاوارەکان کۆچ بکەن. زیادبوونی ئەم دواییەی ژمارەی ئەو ژن و پیاوە ئێزدیانەی کە لە دهۆکەوە دەچنە تورکیا بە ڕێژەیەکی زیاتر لە گروپ و چین و توێژەکانی دیکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو جۆرە جوڵەیە دەمێکە دەستپێکردووە[١١٢]. لە کۆتاییدا، وازهێنان لە دۆخی ئێستا بەبێ کۆنترۆڵکردنی، بوار دەدات بە هێز و لایەنە جیاوازەکان کە بەردەوام بن لە بەکارهێنانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە وەک ڕێگایەک بۆ ئۆپەراسیۆنە سنووربەزێنەکانی خۆیان لە شەڕ و ململانێ و بازرگانی نایاساییدا، ئەمەش وادەکات دوورخستنەوەی ئەو جۆرە گروپانە زەحمەتتر بێت بەهۆی ئەو هاندانە ماددییەی بۆ مانەوەیان لەو شوێنانە هەیانە.

١٠٧ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، بەخشەری نێودەوڵەتی، ئۆنلاین، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١٠٨ ئەم داگیرکارییە لە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەیەک کە لەلایەن لایەنی نێودەوڵەتییەوە پارەکەی دابیندەکرێت – لەگەڵ کە جێگەی نیگەرانی قوڵە – ڕەنگە کەیسێکی گۆشەگیر و پەراوێزخراو بووبێت. بۆ زانیاری لەسەر ڕووداوەکە، بۆ نموونە، سەیری کوردستان٢٤ بکەن، «لەلایەن یەکەکە ڕێگری لە زیاتر لە هەزار قوتابی کرا بچنە قوتابخانەیەکی شەنگال، نێردەی ژاپۆن دەڵێت»، کوردستان٢٤، ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.

١٠٩ هیومان ڕایتس ووچ، «عێراق: شەڕی ناوخۆیی سیاسی ڕێگری لە ئاوەدانکردنەوەی شەنگال دەکات.»

١١٠ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، بەخشەری نێودەوڵەتی، ئۆنلاین، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، پسپۆڕی نێودەوڵەتی، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

١١١ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، سەرۆکی هۆز لە سنوونێ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١١٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق، "کۆچی ئێزدییەکان لە عێراقەوە بۆ تورکیا." لە داهاتوودا.

# دیدوبۆچوونەکان سەبارەت بە پرۆسەکانی گەڕانەوەکانی داهاتوو و پێشمەجەرکانی چارەسەکردنی ئاوارەبوون

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، پێدەچێت کۆدەنگی و هاوڕابوونێکی گشتی لە نێوان زانیاریدەرانی سەرەکی نێو ئیدارە خۆجێییە جیاوازەکان و لەسەر ئاستی پارێزگاکان هەبێت لەسەر ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ باشترکردنی گەڕانەوەی زیاتر بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە[113]. ئەمەش قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکان دەگرێتەوە بۆ هەر قوربانییەک و گیانلەدەستدانێک کە هەیانبووبێ، هەروەها برینداربوون یان لەدەستچوونی خانووبەرە، موڵک و سەروەت و سامان؛ دیاریکردن و دانانی نوێنەر، ئیدارەی خۆجێی ڕێککەوتن لەسەرکراو و دانپێدانراو؛ و ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ئەم ناوچانە دەگرێـتەوە. دانان و دیاریکردنی ئەم مەرجانە، بە تایبەتی لە ڕووی ئەوەی کە کێ ئیدارەی خۆجێی پێکدەهێنێت و چۆن سەقامگیری و ئاسایشی ئەم ناوچانە بپارێزرێت، خاڵەکانی ناکۆکییەکانن. هەروەها ئاوارەکان ئەم ئەولەویەتانە وەک پێشمەرجێکی گرنگ بۆ گەڕانەوە دەبینن بەڵام داواکاری دیکەشیان هەیە، بەتایبەتی لەڕووی دادپەروەری و چاکسازی و ئاشتەوایی نێوان گروپ و چین و توێژەکان. دیسانەوە وردەکارییە تایبەتەکانی ئەوەی کە ئەم پێشمەرجانە دەبێ چی بن، بەندە بە ناسنامەی ئاوارە و لە هەندێک حاڵەتدا بەندە بە هاوتەریبوون و نەبوونی سیاسی. زۆر جار دەستخراوەتە سەر ئەم پێداویستیانە و سیاسەتی پەیوەست پێیەوە، بەڵام زیاتر گرێدراون بە کەسانەوە کە کۆمەڵگەکانی ئاوارەکان هەست دەکەن مافەکانیان دەپارێزن و دەچەسپێندرێن.

## خاڵی ناکۆکییەکان و هێڵە سورەکان

ڕێککەوتننامەی شەنگالەوە–کە ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن بە ئاشکرا ڕەتیدەکاتەوە، چونکە ئەو ئیدارە خۆبەڕێوەبەردنە سەرەتا نەخراوەتە ناو دانوستاندنەکانی ڕێککەوتننامەکەوە. لە هەمانکاتدا، پێویستی هەبوونی ئیدارەیەکی خۆجێی پێویستیەکی گرینگە بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەشدار لە قەزای شەنگالدا و پرسێکە کە لە پێشینەی کاردایە کە دەبێت چارەسەر بکرێت، وەک لە لایەن بەشداربووانی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدرا.

لەچوارچێوەی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی شەنگال دا، دانانی قائیمقامی شەنگال یەکەم هەنگاوی ئەم پرۆسەیە. لەتەواوی ئەم مەرجانە، پارتی دیموکراتی کوردستان کاندیدە پێشنیازکراوەکانی پێشکەش بە حکومەتی عێراق کرد بۆ پێداچوونەوەیان بۆ تەواوی پۆستەکان لەتەواوی دامودەزگاکاندا[114]. لەبەرانبەردا، ئێزدییە دیارەکان داوایان لە کۆمەڵگەی خۆجێی کرد کە قائیمقامێکی بێ لایەن دابنێن[115]، بەهەمان شێوەی کە بەشێکی لە کەسانی نێو ئیدارە خۆبەڕێبوەبری ئێستا دانراون. کێبڕکێکردن لەسەر ئەم پۆستانە حکومەتی عێراقیان خستۆتە گرێ کوێرەیەکەوە، کە حکومەت نەیویستووە پێکهاتە شەنگالییە ناوخۆییەکان توڕە بکات لە هەمان کاتدا نایەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان زویر بکات، کە لایەنێکی بەهێزە لە پەرلەمان و زۆرترین کورسی قەزای شەنگال-ی هەیە.[116]بۆیە، تا ئێستا، هیچ قائیمقامێکی نوێ بە فەرمی دانەنراوە و هەڵنەبژێردراوە.

بەشێک لە قسە و گفتوگۆکانی خۆبەڕێوەبردن (و هاوپەیمانی فراوانتری نێوان لایەنە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتی قەزاکە دەکەن) دژی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە باوەڕیان بەوە نییە کە نە حکومەتی هەرێم و نە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی ڕەوایان لە قەزای شەنگالدا هەیە، و کوردە ڕەسەنەکانی دانیشتوانی ناوچەکە زۆر کەمن بۆ ئەوەی ئەو شوێنە ببێتە بەشێک لە خاکی کورد[117]. ڕەنگە وەڵامە نەرێنییە نەک هەر تەنیا گرژی و ئاڵۆزی نێوان سەرکردایەتی عەرەب و کورد زیاتر دەکات، بەڵکو زەقکردنەوە و لەناوبردنی ناسنامەی کەمەنەتەوەیی-ئایینییشە، نەک هەر تەنیا شتێک بێت دژی کورد. هەروەها ڕەنگە ئەم هەڵوێستە، وەک هەندێک لە ناو گروپ و چین و توێژەکان لە چاوپێکەوتنەکاندا ئاماژەیان پێدا، وەڵامێک بێت بۆ ئەو ڕاستیەی کە ئەم ناوچەیە لە ژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووە کاتێک داعش توانی جینۆساید لە دژی ئێزدییەکان ئەنجامبدات. لە کاتێکدا هەردوو حکومەت بە تاوانبار دەبینرێن کە ڕێگریان لە ڕوودانی کارەساتی شەنگل نەکردووە، بەڵام ئەوە هێزەکانی پێشمەرگە بوون کە لە هاوینی ٢٠١٤,[118]قەزای شەنگالیان بێ پارێزگارلێکردن بەجێهێشت.

ڕەنگە خاڵێکی دیکەی ناکۆکی و لەوەش گەورەتر لە نێوان ئەم لایەنانەدا پەیوەندی بە ئەمنیەت و ئاسایشەوە هەبێت و ئەو مەرجەی لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی شەنگالدا هاتووە کە پەکەکە و لایەنەکانی سەر بەو هیچ ڕۆڵێکیان لە قەزای شنگالدا نەبێت. پێدەچێت کۆدەنگییەکی گشتی هەبێت لەسەر ئەوەی کە بوونی پەکەکە مایەی نیگەرانییە. پەکەکە لەلای زۆربەیان وەک لایەنێکی بیانی سەیر دەکرێت کە گەڕانەوەی سنووردار دەکات، چونکە بوونیان هاندەری هێرشی ئاسمانی تورکیایە؛ هەروەها، دانیشتوانی ئێزدی و کورد نیگەرانن لە دامەزراندنی زۆرەملێ و پەروەردەکردنی منداڵان و گەنج لەلایەن گروپەکەوە،[119]و بوونی گروپەکە وەک هۆکارێکی مەترسیدار دەبینرێت بۆ ئەو هاوڵاتییە عەرەبانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە.

بابەتی سەرەکی زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کێ  سەر بە پەکەکە هەژماردەکرێت. بۆ هەموو مەبەست و ئامانجێک، بەلای پارتی دیموکراتی کوردستان و لانیکەم بۆ هەندێک دامەزراوەی حکومەتی عێراق و تورکیا و بۆ کوردە ئاوارە و عەرەبە سوننەکان و سەرکردەکانی هۆزەکانی عەرەبی سوننە، یەبەشە سەر بە پەکەکە یە. بەلای ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن و هێزەکانی حەشجی شەعبی و لانیکەم هەندێک لە پێکهاتە ئێزدییەکان، ئەو گروپە چەکدارە وەک هێزێکی دامەزراو لە ناوخۆدا سەیر دەکرێت کە قەزای شەنگال و پێکهاتەکانی دەپارێزێت و بەو پێیەش، پێویستە بە جۆرێک لە جۆرەکان بخرێتە ناو پۆرتفۆلیۆی ئەمنی فەرمی بۆ قەزای شەنگال.

ئەو چەقبەستووییانەی کە لە ئاستی هەردوو لایەنی حوکمڕانی خۆجێی و ئاسایشەوە گەیشتوونەتە ئاستێک تا ئێستا ڕێگری لە هەوڵە بەرفراوانەکانی ئاوەدانکردنەوە کردووە کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەیانەوێت لە قەزاکەدا بیبینن. تەرخانکردنی بودجە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەم مەبەستە هێشتا بۆ ئەو لیژنە هاوبەشە خەرج نەکراوە کە ئەرکی بڕیاردانی ئەوەیە کە ئەم پارانە بۆ چی خەرج بکرێت و لە کوێدا خەرج بکرێن، وەک لە ڕێککەوتننامەی شەنگال دا هاتووە[120].  بەردەوامی ناسەقامگیری و ناجێگیری ئیدارەدان و حوکمڕانی، هەروەها بوونی ناسەقامگیری گشتی ڕێگری لە بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان دەکات کە ڕاستەوخۆتر و قووڵتر وەبەرهێنان لە ئاوەدانکردنەوەدا بکەن.

113 چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، دەسەڵاتی پارێزگای نەینەوا، موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرە سەرەکییەکان، دەسەڵاتی خۆجێیی قەزای شەنگال لە دهۆک، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەرە سەرەکییەکان، دەسەڵاتی خۆجێی لە قەزای شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

114 ICG، عێراق: سەقامگیرکردنی قەزای شەنگال-ی کێبڕکێ لەسەر.

115 شامیران ماکۆ، «دانوستاندن بۆ ئاشتی لە ناوچە جێناکۆکەکانی عێراق: هەموارکردنەوەی ڕێککەوتننامەی شەنگال»، لاوفێر، ١٧ی ای ٢٠٢١.

116 ICG، عێراق: سەقامگیرکردنی قەزای شەنگال-ی کێبڕکێ لەسەر.

117 چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، دەسەڵاتی خۆجێی لە ناحیەی قەحتانیە، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرە سەرەکییەکان، دەسەڵاتی خۆجێی لە قەزای شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، ئەندامی پارتی سیاسی لە قەزای شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، بەرپرسی پارتی سیاسی لە قەزای شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

118 چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، دەسەڵاتی خۆجێی لە قەزای شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

119 چاوپێکەوتنی زانیاریدەرە سەرەکییەکان، دەسەڵاتی خۆجێیی قەزای شەنگال لە دهۆک، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣

120 HRW، ”عێراق: شەڕی ناوخۆیی سیاسی ڕێگری لە ئاوەدانکردنەوەی شەنگال دەکات.“

## پێشمەرجەکانی ئاوارەکان بۆ گەڕانەوە

هەرووەک چۆن چەند هۆکاری پەیوەست بەیەکەوە و گرێدراوە بەیەکەوە ڕێگری لە گەڕانەوەی ئاوارەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە دەکەن، بە هەمان شێوەش، چەند پێشمەرجی بەیەکەوە گرێدراو پێویستن بۆ ئەوەی ئەم دانیشتووانە بگەڕێنەوە. ئەم پێشمەرجانە لە سەرانسەری گروپ و چین و توێژەکان دا لە دەوری هەمان بابەت دەخولێنەوە. هەرچەندە وردەکارییەکانیان بەپێی گروپەکان و چین و توێژەکان جیاوازن و لە هەندێک حاڵەتیشدا ناکۆک و دژ بەیەکن. هەروەها ڕیزبەندی گرنگی پێشمەرجەکان کەمێک دەگۆڕێت بەپێی گروپەکە و چین وتوێژەکە، بەڵام لە خوارەوە بەگوێرەی تێکڕای دووبارەبوونەوە و باویان ڕیزکراون.

١. **ئاوەدانکردنەوە لەوانەش خانووبەرەی نیشتەجێبوون و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی و گەشەپێدانی ئابوری.** ئەمە ئەولەویەتێکی ڕاگەیەندراوە بۆ هەموو ئەو گروپ و چین و توێژانەی ئاوارەبوون و لەم شیکارییەدا هاتوون، جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە. خانووبەرە ئەو بوارە بوو کە هەندێک جیاوازی تێدا بەدیکرا.

ئاوارە ئێزدییەکان ئاماژەیان بەوەدا کە هاوکات لەگەڵ پێویستی بەرفراوانتر بۆ ئاوەدانکردنەوەی خانووبەرە، پێویستی دابینکردنی زەوی و نیشتەجێبوون هەیە لە ناوچەکانی زێد بۆ نەوە گەنجەکانی ئاوارەکان کە لە منداڵیدا ئاوارە بوون و ئێستا خێزان و ماڵی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەم نەوە پێگەیشتووەی دانیشتووان ئەو شایستەیەی بۆ پاڵپشتیکردنی خانووبەرە کە لە ئێستا دا هەیە، ئەم نەوەیە ناگرێتەوە و ئەم نەوە خێزانداره لە چوارچێوەی ئێستای پێشکەشکردنی یارمەتییەکان نین. هەروەها ئاوارە ئێزدییەکان ئاماژەیان بە پێویستی بەشداریکردنی گشتی و ڕاوێژکردن لە فراوانترکردنی هەوڵی ئاوەدانکردنەوەدا کرد.

ئاوارەکانی عەرەبی سوننە نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە ئەگەری داگیرکردنی خانووبەرە، زەوی و موڵک لەلایەن هێز و لایەنە چەکدارەکان و لایەنگرانیانەوە وەک پێویستییەکی زیادە وروژاند کە دەبێت لەم بارەیەوە چارەسەر بکرێت.

٢. **دەستەبەرکردنی سەلامەتی و ئاسایش، لەوانەش بە دوورخستنەوەی گروپە چەکدارەکان.** لە کاتێکدا هەموو ئاوارەکان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە چارەسەرکردنی ناسەقامگیری ئەمنی لە ناوچەکانی زێدی خۆیان مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ گەڕانەوە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیان هەبوو سەبارەت بەوەی کە نەهێشتنی گروپە چەکدارەکان بە کردەوە مانای کێ دەگەیێنێت ودەبێت کێ ئاسایش بەرقەرا بکات و جێبەجێکردنی یاسا بگرێتە ئەستۆ.

ئێزدییە ئاوارەکان باسیان لەوە نەکردووە کە کام لایەنی چەکداری دیاریکراو پێویستی بە دوورخستنەوە هەیە. بەڵکو نزیکەی بە کۆی دەنگ ئاماژەیان بە پێویستی دامەزراندنی هێزێکی ئەمنی کرد کە لە دانیشتوانی ناوچەکە پێکهاتبێت (کە ئەمەش مەرجێکی ڕێککەوتننامەی شەنگالە). جگە لەوەش، چەند ئاوارەیەکی دیکەی ئێزدیش داوای دابینکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە دەکەن.

هەروەها ئاوارە کوردەکان زیاتر چاوکراوەتر بوون زیاتر سەبارەت بەوەی کە پێیان وایە کام گروپی چەکداری پێویستە لاببرێت، هەرچەندە هەندێکیان ئاماژەیان بە پەکەکە دەکرد. لە نێو ئەم توێژە هەستێکی گشتی هەبوو کە پێویستی بە گەڕاندنەوەی پێشمەرگە بە تەواوی بۆ ناوچەکانی زێدی هەبوو.

ئاوارەکانی عەرەبی سوننە لە هەمووانی دیکە ڕاشکاوتر بوون و گوتیان کە دوورخستنەوەی پەکەکە و گروپەکانی سەر بە خۆی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە. ئەوان، بەگشتی، هەروەها سوپای عێراق و پۆلیسی خۆجێی پەسەند دەکەن (نوێنەرایەتی پێکهاتەکان دەکەن و لە ئەندامانی کۆمەڵگەی خۆجێیین کە هەروەها لە ڕێککەوتننامەی شەنگالدا هاتووە) وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی یاسا دەیانبینن. هەروەها هەندێکیان پێویستی ئامادەبوونی چاودێرانی نێودەوڵەتییان دەربڕیبوو بۆ دڵنیابوون لە پاراستن لەگەڵ دانانی پێکهاتە و هەیکەلیەتێکی ئەمنی نوێ.

٣. **بەرجەستەکردنی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە.** هەموو ئەو گروپ و چین و توێژانەی کە ئاوارەبوون کە لەم شیکارییەدا بەشداربوون، پێویستی و خواستێکی بەهێزیان هەبوو بۆ ئەوەی ناڕەزایەتییەکانیان وەربگیرێن و دان بە ئەزموونی تاڵیان بنرێت و چارەسەر بکرێن. جارێکی دیکەش ئەوەی کە ئەوان بەدوایدا دەگەڕێن تا ڕادەیەک لەیەکتری جیایە، ئەمەش نەک تەنیا بەندە بەو جۆرە جیاوازانەی پێشێلکارییەکانەوە کە ئەزموونیان کردووە، بەڵکو بەندە بە ئاستی گرنگیدان و پشتگیرییەکانیش کە دەدرێت بە هەندێک کۆمەڵگەی قوربانی لە بەرانبەر ئەوانی دیکەدا لەڕووی بەدواداچوون بۆ دادپەروەرییەوە.

ئاوارە ئێزدییەکان لەم بوارەدا داواکارییان لە هەمووان ڕوونتر بوو. ئەوان داوای قەرەبووکردنەوەی تەواو دەکەن بۆ ئەو زیانانەی کە بەریانکەتووە و قەربووکردنەوە بۆ ئەو کەسانە بێت کە شایستەن. ژمارەیەکی کەم لە ئاوارەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان ئەو پلان و بەرنامانەی کە بۆیان بەردەستن (ماف بۆ گێڕانەوە و قەرەبووکردنەوە)، ئەمەش ڕەنگە جەخت لەسەر سەرلێشێواوی بکاتەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا هاوڵاتیان شایستەی یەکێک، یان هەردوو ماف بۆ گێڕانەوە و قەرەبووکردنەوەن. جگە لەوەش، داوای لێپرسینەوەی لە تاوانکاران دەکەن لە بەرانبەر ئەو تاوانەی کە داعش ئەنجامیاندان و لێپرسینەوەکەش لە هەموو ئەوانە بێت کە بەرپرسیارن لەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕوویدا. هەروەها هەڵدانەوەی هەموو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە ماونەتەوە؛ بەردەوامیدان بە گەڕان بەدوای ئەوانەی کە هێشتا بێسەروشوێنن و گەڕاندنەوەیان (مردوو یان زیندوو)؛ ناساندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان؛ و دانپێدانان و پاراستنی ماف و کولتوری ئێزدییەکان.

ئاوارەکانی کورد و عەرەبی سوننە لەلای خۆیانەوە ئاماژەیان بە داواکاری قەرەبووکردنەوەی تەواوەتی ئەو کەسانە کرد کە بەهۆی شەڕ و ململانێکانەوە زیانیان بەرکەوتووە و لێپرسینەوەی تاوانکاران و ئەنجامدەرانی تاوانەکانی داعش و لێپرسینەوەی لەو لایەنانەی کە هاوبەشی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەبوون. هەروەها ئاوارەکانی عەرەبی سوننە ئاماژەیان بەوە کردوو کە ئەگەری ئەوە هەیە هەندێک کەس سوود لە یاسای لێبوردنی گشتی وەربگرن ئەگەر یاسای لێبوردنی گشتی هەموار بکرێتەوە. هەروەها ئاماژەشیان بە هەبوونی جیاوازی کرد لە چۆنیەتی ڕەچاوکردنی ئەزموون و زیانەکانیان لە کاتی شەڕ و ململانێ و ئاوارەبوونی درێژخایەندا لەلایەن دەسەڵاتداران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەرانبەریان دەکرێت، بە بەراورد بە پێکهاتەکانی دیکەی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە.

ئەم تێڕوانینە بابەتێکی هەستیاری تایبەتە چونکە گرنگی و فۆکەسێکی بەرچاوی نێودەوڵەتی لەسەر دادپەروەری و پێداویستییەکانی چاکسازی ئێزدییەکان هەیە و ئەمەش لەو جۆرە کارانە و لەو جۆرە چارەسەرانە دا ڕەنگدەداتەوە کە ئەوان مەیلیان بۆیان هەیە و بە باشیان دەزانن. ئەم جۆرە فۆکەسە پێویستە لە بەرانبەر قەبارەی ئەوەی بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا هاتووە بێت، ئەمەش گەرەنتی قەرەبووکردنەوە و بەرجەستەکردنی دادپەروەری دەکات و گرنگیپێدانی نێودەوڵەتی یارمەتی داون بۆ ڕێکخستن و داکۆکیکردن لە خۆیان. لە هەمان کاتدا ئەم سەرنجە بووەتە هۆی «پلەبەندیکردن»[121]-ی قوربانییەکان. بەم شێوەیە، پێکهاتەکانی دیکەی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە "ئەوانیش ڕاستن لە ئاماژەدان بەوەی کە نیگەرانییەکانیان کەمتر سەرەنجی لەسەربووە و هەندێکجار وا هەست دەکرێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نایەوێت پشتگیری موسڵمانان بکات ئەگەر ناچار نەبن."[122]

٤. **ئیدارەیەکی خۆجێی کارا و نوێنەرایەتیکەر.** پێویستی هەبوونی یەک حکومەتی دانپێدانراو و خۆجێی و نوێنەرایەتییەکی گونجاویان بکات پێشمەرجێکی سەرەکییە بۆ هەموو ئاوارەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە. ئەم پێویستییە وەک مەرجێک ئاماژەی پێکرا بۆ ئەوەی خەڵکی شەنگال «بە

١٢١ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، پسپۆڕی نێودەوڵەتی، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

١٢٢ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، پسپۆڕی نێودەوڵەتی، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

شێوەیەکی دروست نوێنەرایەتییان هەبێت لە بڕیار و دانوستانەکاندا سەبارەت بە ناوچەکەیان.»[١٢٣]

زۆرێک لە ئاوارەکانی ناحیەی قەحتانیە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد کە جارێکی دیکە ناحیەی زێدی خۆیان لە ڕووی کارگێڕییەوە بە قەزای شەنگالەوە ببەسترێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە مێژوویی و کولتوورییە بوو کە ئەم ناوچانە بە یەکەوە هەیانە. بە ئەنجامدانی ئەم کارە، ئێزدییەکانی ناحیەی قەحتانیە دەتوانن دەنگێکی زیاتریان هەبێت لە حوکمڕانی و ئیدارەدان دا ئەگەر جارێکی دیکە ناحیەکە بە قەزای شنگالەوە بلکێندرێتەوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە قەزای شەنگال ژمارەی دانیشتوانی ئێزدی لە قەزای بەعاج زیاترە.

خستنەڕووی ئەم جۆرە سروشت و پێکهاتەیە گرنگە بە تایبەتی بۆ ئاوارە عەرەبە سوننەکان هەروەها ڕوونیشی دەکاتەوە کە بۆچی ئاوارەکانی عەرەبی سوننە دەڵێن کە بەدوای ئیدارەیەکی خۆجێی نوێنەرایەتیدا دەگەڕێن کە لە ژێر چاودێری حکومەتی عێراقدا بێت، نەک حکومەتی هەرێم. پێدەچێت بەڕاستی ئاوارەکانی عەرەبی سوننە زۆرترین نیگەرانیان لەبارەی دەنگی سیاسی خۆیان بێت لەو ناوچەیەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژمارەیەکی کەم لە هاوڵاتیانی کۆمەڵگەکەیان توانیویانە بگەڕێنەوە و نوێنەرایەتییەکی بەهێزی تایبەتیان لە نێوان حیزبی پارتی کوردستان و/یان ئیدارەی خۆبەڕێوەبردن نییە کە ئێستا کێبڕکێ لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات دەکەن.

٥. **ئاشتەوایی و دیالۆگ لە نێوان گروپ و چین و توێژەکاندا.** لەسەر ئەم خاڵەی کۆتایی، پێدەچوو کۆدەنگییەکی تەواو هەبێت و هیچ ئاماژەیەک یان تایبەتمەندییەک لە نێوان ئەو گروپ و چین و توێژانەی ئاوارەکای نێو ئەم شیکارییە نەبوو. هەموویان نیگەرانی قووڵیان دەربڕی سەبارەت بە ئەگەری ڕوودانی گرژی و ئاڵۆزی نێوان کۆمەڵگەکان ئەگەر بگەڕێنەوە و ئارەزووی ئەوەیان کرد کە پرۆسەکان لە شوێنی خۆیان بن بۆ چارەسەرکردنی ئەم نیگەرانیانە. ئەم نیگەرانییە بە پێچەوانەی هەندێک لە زانیاریدەرانی سەرەکی لە هەردوو ئیدارەی بەرپرسیار لە ناوچەکەدایە کە ئاماژەیان بەوە کردووە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پرس و کێشە گرفت نین.

## پێشمەرجەکانی ئاوارەکان بۆ یەکخستنی خۆجێی

ئەو کەسە ئاوارانەی کە لەم توێژینەوەیە دا بەشداربوون، ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە چی دەبێتە هۆی ئەوەی کە یەکخستنی خۆجێی بۆ ئەوان زیاتر لەبار و شیاو بێت. جەختکردنەوەی گفتوگۆکانیان لەسەر ئەوە بوو کە بتوانن لە کۆتاییدا بگەڕێنەوە. ئەوانەی ئاماژەیان بە هەوڵدان بۆ یەکخستنی خۆجێی کرد، بە تایبەتی لەناو کۆمەڵگە خانەخوێییەکان لە موسڵ، باسیان لە پرسەکانی پەیوەست بە زۆری کرێی شوێنی مانەوە، سنووردارکردنی جوڵە و هاتووچۆکردن بەهۆی بە ناسنامەکانیان، سەختی بەدەستهێنانی بەڵگەنامە فەرمییەکان لەوانەش بە هەبوونی ئیدارەی هاوتەریب لە ناوچەکانی زێدی خۆیان[١٢٤]. چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی پەیوەست بە ئیدارەدانی قەزای شەنگال یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی بەشێک لەم بارگرانییە ئیدارییە.

بەلای ئاوارەکان لەنێو تەواوی گروپ و توێژەکانیان و لە سەرانسەری شوێنەکانی ئاوارەبوون، وەرگرتنی قەرەبووی گیانلەدەستدان، برینداربوون و زیانبەرکەوتن یان لەناوچوونی خانووبەرە، موڵک و سەروەت و سامان، دەبێتە هۆکارێکی گرنگ و یارمەتیدەر بۆ بڕیاردانی باشتر سەبارەت بەوەی کە چۆن حەز دەکەن ئاوارەبوونەکەیان چارەسەر بکەن.[١٢٥]

## لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە پێکەوە

بە سەرنجدان بەم جوڵە و داینامیکییانە، هەر هەوڵێکی نوێ یان نوێکراوە بۆ چارەسەرکردنی گەڕانەوە پێویستی بە دیدێکی فراوانتری لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت، بۆچوونە جیاوازەکانیان، هەوڵە کێبڕکێکارەکان و بوارەکانی کۆدەنگی بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە لە پەیوەندی لەگەڵ قەرەبووکردنەوە، ئیدارەدان، ئاسایش و ئاوەدانکردنەوە. هەروەها هەندێک لە ئاوارەکان و زانیاریدەرانی سەرەکی تیشکیان خستە سەر پێویستی پرۆسەیەکی گشتگیرتر کە ڕەنگدانەوەی هەموو کۆمەڵگەکانی قەزا و ناحیەکە بێت، هەموو ئاوارەکان لە سەرانسەری هەموو گروپ و چین و توێژەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە بەشداری زیاتری نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە بۆ دڵنیابوون لە چاودێریکردنی هەر کارێک کە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

لەوەش گرنگتر، زانیاریدەرانی سەرەکی ئاماژەیان بەوە کرد کە هەبوونی هەندێک کۆدەنگی لەسەر ئەولەویەتەکان و لەپێشینەکان لەلایەن کۆمەڵگە خۆجێییەوە، هەرچەندە پێدەچێت لەنێوخۆیان لێکترازاویش بن، ڕێگەیەکی بەرچاو دەبڕێت بۆ دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی کاربکەن، لەنێویاندا نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی بەخشەرە نێودەوڵەتییەکانەوە ١٢٦. ئەو ڕاستییەی کە هەموو چین و توێژە ئاوارەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە بە شێوەیەکی بەرفراوان داواکاری لێکچوو و هاوشێوەی یەکتریان هەیە بۆ پاراستن و چەسپاندنی مافەکانیان، ڕەنگە وەک خاڵی دەستپێکێکی بەسوود بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی داکۆکیکردن لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. ئەم هەڵوێستە نوێنەرایەتیکەر و بەکۆمەڵەییە زیاتر شتێک دەبێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانن سوودی لێ وەربگرن و بەکاریبێنن و دەبێتە دیکەی سەنگدار بۆ داکۆکیکردن و دروستکردنی فشار لەسەر تواناکانی دەسەڵاتداران. ئامادەیی ئاوارەکان بۆ بەشداریکردن لە هەر هەوڵێکی لەو جۆرە بۆ چارەسەرکردنی ئاوارەبوونیان ڕۆڵیدەبێت لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی شەنگالی کە هەمووان بتوانن برەو بەژیانیان بدەن، بە مەرجێک پابەندبوونی جێبەجێکردنی تێدا بێت.

# ڕێگە ئەگەرییەکانی داهاتوو

سەرەڕای هەبوونی گفتوگۆیەکی بەرچاو لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی ئاوارەبوون لە قەزای شەنگال وناحیەی قەحتانییە، هێشتا دیار نییە کە ئایا و چۆن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ساڵی ٢٠٢٤دا چارەسەری ئەم پرسە دەکەن یان نا. ئاسۆی واژۆکردن و جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی هاوبەشی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان خێراکردنی پلانی نیشتمانی کە پێشبینیدەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٤ دەستپێبکات، یارمەتیدەر دەبێت لە ڕەخساندنی فەزایەکی باشتر و زیاتر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە.

دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی پارێزگاکان کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجامدرا، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی کە ئایا پرسی چارەسەرکردنی ئاوارەبوون بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتەنییە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لە کۆی ٢٩ کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، بەناوی (نەینەوا بۆ هاوڵاتییەکانی) بە سەرۆکایەتی سیاسەتمەدارێکی عەرەبی سوننە زۆرترین کورسی بە ٥ کورسی بەدەستهێناوە و لە دوای ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان بە ٤ کورسی دێت. بەم شێوەیە ئەنجومەنەکە دابەش بووە و تا ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٣دا، وا دەمێنێتەوە کە ئەم دینامیکییە چۆن کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگار و جێگری پارێزگار

١٢٣ گفتوگۆی گروپی فۆکەس، ئاوارە پیاوەکانی ئێزدییەکان لە ناحیەی قەحتانیە لە ناوەندی شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١٢٤ گفتوگۆی گروپی فۆکەس ١، ئاوارە پیاوەکانی عەرەبی سوننە لە شەنگال + سنوونێ لە موسڵ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١٢٥ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەیلوولی ٢٠٢٣؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، پسپۆڕی نێودەوڵەتی، ئەیلوولی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، پسپۆڕی نیشتمانی، ئەیلوولی ٢٠٢٣.

دەبێت.[١٢٦] دەرئەنجامی ئەو بڕیارە لە بەرانبەردا کاریگەری لەسەر دانانی قائیمقام قەزای شەنگال دەبێت کە دەبێتە خاڵێکی سەرەکی لە چارەسەرکردنی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ئەو شوێنە.

## بەشداریکردنێکی گشتگیرتر و زیاتر و بەهێزتری هەموو لایەنە هاوبەشەکان و پەیوەندیدارەکان

ئەم چەقبەستووییەی ئێستا لە چارەسەرکردنی ئاوارەبوون و درێژەکێشانی بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە و وەڵامەکانی بەشداربووانی توێژینەوەکە تیشک دەخەنە سەر پێویستی بەشداریکردن و ڕۆڵگێڕانێکی گشتگیرتری بەرچاوی هەموو لایەنە هاوبەشەکان و پەیوەندیدارەکان کە ئێستا بەشدارن و کاریگەرییان لەسەر جوڵە و داینامیکی ئەم بوارانە هەیە. لایەنە هاوبەشەکان و پەیوەندیدارەکان نەک تەنیا دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم دەگرێتەوە، بەڵکو ئەوانەی لەناو قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە دا هەن و وەک جێگرەوەی دەسەڵاتی خۆجێی لەوێدا کاردەکەن. ڕەنگە ئەم جۆرە بەشداریکردنە پێویستی بە ڕازیکردنی هەندێک هێز و لایەنی ناوچەیی و هەرێمیی هەبێت. بەڵام لە هەمووی گرینگتر پێویستی بە بەشداری ڕاستەوخۆ و نوێنەرایەتیکردنی زیاتری کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەکی فراوانتر و بەشداریکردنێکی گشتگیرتری هەموو گروپ و چین و توێژەکانی ئاوارەکان و گەڕاوەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە یە. بە پشتبەستن بەم شیکارییە، نەتەوە یەکگرتووەکان وەک باشترین بژاردە و لایەن دەبینرێت بۆ بانگهێشتکردنی بۆ ئەم بەشدارییە فراوانە و بۆ داکۆکیکردن بەشێوەیەکی تایبەت و گشتی بۆ ئەوەی بەشداریکردنی بەرفراوانی هەموو لایەنەکان و بڕیارەکان لەسەر ئەرزی واقیع دا جێبەجێبکرێن. بۆیە، پێویستە هەوڵی بەرچاو، خوێندنەوە و زانینی ڕەوشەکە و دۆخەکە و شارەزایی تەواو هەبێت بۆ کۆکردنەوەی هاوتاکان لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم لەسەر پرسی قەزای شەنگال، بەمەبەستی فراوانکردنی بازنە کارکردنەکان لە هەمان کاتدا پێداویستی و داواکارییەکانی هەموو شەنگالییەکان بکرێتە چەقی بەرنامە و بڕیارە کارەکان.

## گونجان لە ڕێباز و شێواز

لە کاتێکدا بۆ هەندێک لە هێز و لایەنەکان، ڕێککەوتننامەی شەنگال چوارچێوەی سیاسەتی کارکردنە کە لە ڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بنەڕەتیانەی ڕێگری لە گەڕانەوە دەکەن دەکرێت، هەندێکی تر ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕێککەوتنەکە کارپێنەکراوە- بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تا ئێستا چەندە کەمی لێ جێبەجێکراوە و چەندە ڕووبەڕووی بەرهەڵستی و دژایەتی سیاسی دەبێتەوە لەناو قەزاکەدا[١٢٧]. هەندێکی تر هێشتا سەرەنجی ئەوەیان داوە کە مامەڵەکردن لەگەڵ قەزای شەنگال لە فەزایەکی تایبەت بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی فراوانتر مامەڵە لەگەڵ ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە بکرێت و ئەوانیش لەبەرچاو بگیرێن، تەنیا گرتنەبەری نیوە ڕێو شوێنەکان و نیوەی ڕێگەکەیە[١٢٨]. ڕەنگە بتوانرێت ڕێککەوتنەکە زیندوو بکرێتەوە بە بەشداریکردن و لەخۆگرتنی لایەنە هاوبەش و پەیوەندیدارەکانی دیکە، بۆ ئەوەی دانوستاندن لەسەر مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکە بکرێت، بە زیادکردنی وردەکاری و بڕگەی زیاتر بەهێزتر بکرێت و لایەنی گەرەنتی پێدەری جێبەجێکردنی بۆ زیاد بکرێت.لەسەر ئەم خاڵەی دوایی، ئاوارەکان چاودێری و پشتگیری نێودەوڵەتی بەپێویست دەزانن. یان لەبری ئەمە، ڕەنگە پێویست بکات ڕێککەوتنەکە بەلاوەبنرێت بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ بەدیلێکی نوێ و کرداریی جێگەی بگرێتەوە، ئەمەش بەندە بە جوڵە و داینامیکی خۆجێی. لەسەر بنەمای ئەم شیکارییە و باسکردنێکی گشتی فراوانتر، مەرج نییە ئاوارەکان پابەند بن بە ڕێککەوتنی شەنگال. ئەوەی ئەوان بەدوایدا دەگەڕێن وەڵامێکی هاوئاهەنگ و یەکگرتووە بۆ پێداویستییەکانیان و جێبەجێکردنیان کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ئەرێنی لەسەر ئەرزی واقیعدا. دەبێت ئەم توخم و بەشانە ببنە جێی سەرنج و جەختی هەر پرۆسەیەکی داهاتوو، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو چوارچێوە کارکردنەی کە بەکاردێت.

## دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و زیاتر ڕوانین لە ئەگەرە خۆجێییەکان وەک لە ئەگەرە سیاسییەکان

ئەم شیکارییە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگەکانی ئاوارەبوون لە سەرانسەری شوێنەکان و ناسنامەی گروپ و چین و توێژەکان داواکاری هاوبەشیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگە ئەو گروپ و چین و توێژانە هەمان بۆچوونیان نەبێت لەسەر ئەوەی کە ئەمانە بە تەواوی چۆن جێبەجێبکرێن یان بە چ ڕیزبەندییەک، بەڵام خواستێکی هاوبەشیان هەیە بۆ بابەتەکانی سەلامەتی، ئیدارەیەکی نوێنەرایەتیکەر، ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، قەرەبووکردنەوە، دادپەروەری و ئاشتەوایی و گفتوگۆ لە نێوان گروپ و چین و توێژەکان. ڕەنگە دانانی بناغەیەک بۆ داکۆکیکردن و داواکاری هاوبەش یارمەتیدەر بێت لە زیادکردنی فشاری گشتی بۆئەوەی کاریان بۆ بکرێت و ڕەنگە هاودەنگی و دانپێدانانی زیاتر لە نێوان گروپەکاندا دروست بکات. بۆ نموونە، قەرەبووکردنەوە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە یاسادا لەسەر بنەمای داواکاری گشتی و زیاتر دوورکەوتنەوە لە بوارە هەستیارە سیاسییەکانی وەک ئیدارەدان و ئەمن وئاسایش.

نموونەی ئاشتەوایی خۆجێی بۆ باکوری قەزای شەنگال و ئەو بابەتانەی کە لایەنەکان لەسەری ڕێککەوتوون، نموونەیەک بۆ ئەوەی کە ڕەنگە بشێت، دەخەنە ڕوو. زیندووکردنەوەی ئەو هەوڵە و ئەو چوارچێوەی کارکردن کە بە سەرچاوە و پشتیوانییە بەردەوامەکان لەسەری ڕێککەوتبوو، دەتوانێت وەک خاڵی دەستپێک بێت لە دیاریکردنی چۆنیەتی باشترین سوودوەرگرتن لە بەشداریکردنی نێوان کۆمەڵگەکان بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی درێژخایەن، لە هەمان کاتدا چارەسەرکردنی پێداویستییە دەستبەجێکانی ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە هەمان شێوە. هەروەها ڕەنگە بەم کارە بتوانرێت پێکهاتەی دیکە و کۆمەڵگەی دیکەی ڕازیبکرێت و بەرپرسانیان ڕازیبکرێن تا لە سەرانسەری باقی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییە ئەوانیش بە تێپەڕبوونی کات بەشداری لەو جۆرە پرۆسانەدا بکەن.

گرینگترین خاڵ کە لەم ڕووەوە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کە هەر هەوڵێک بۆ بنیادنانی داکۆکی و نانی هەر هەنگاوێکی کرداریی لە نێوان ئەو گروپ و چین و توێژانەی کە خەڵکی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانییەن، کات و هەوڵی بەرچاوی دەوێت و پێویستی بە زانینی تەواوی ڕەوشی خۆجێیی هەیە بە لەبەرچاوگرتنی قوڵی غەم و کەسەر و گەورەیی کۆستی دەروونی گروپ و چین و توێژەکان لەنێو خۆیان و لەگەڵی یەکتری دا. ناتوانرێت ئەم پرۆسانە پەلەیان لێبکرێت و لە بەرنامە و پرۆگرامی کورتخایەن دا جێیان نابێتەوە و جێبەجێنابن. بەڵکو پێویستیان بە پابەندبوونی درێژخایەنی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و پشتیوانی چەند ساڵە هەیە نەک تەنیا بۆ دروستکردنی کاریگەری، بەڵکو بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی زیانی زیاتر.

## ڕەچاوکردنەکانی وەبەرهێنانی قوڵ و پاڵپشتی لەسەر ئەرزی واقیع دا

هەلومەرجی ئێستای قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە فراوانی و قووڵایی وەبەرهێنانی بەخشەرانی نێودەوڵەتی ئامادەن پابەندبن بە ئەنجامدانی وەبەرهێنان و پاڵپشتیکردنی ئەو ناوچەیە سنووردار دەکات. ئەم سنووردارکردنە نەک تەنیا پەیوەندی بە ناسەقامگیری بەردەوامی شوێنەکەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە دۆخی نادیار و چارەسەرنەکراوی حکومەتی خۆجێی و یەکگرتن و یەکخستنی هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکانیشەوە هەیە کە لەوێدا بوونیان هەیە. لەوانەیە باشتربوونی بارودۆخەکە کاتێکی بەرچاوی بوویت تاکو

١٢٦ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، پسپۆڕی نیشتمانی، ئەیلوولی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، بەخشەری نێودەوڵەتی، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١٢٧ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی، پسپۆڕی نیشتمانی، ئۆنلاین، ئەیلوولی ٢٠٢٣؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، دەسەڵاتی خۆجێی لە ناحیەی قەحتانیە، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرە سەرەکییەکان، دەسەڵاتی خۆجێی لە قەزای شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، ئەندامی پارتی سیاسی لە قەزای شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣؛ و چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، بەرپرسی پارتی سیاسی لە قەزای شەنگال، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

١٢٨ چاوپێکەوتنی زانیاریدەرە سەرەکییەکان، دەسەڵاتی خۆجێیی قەزای شەنگال لە دهۆک، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

بتوانرێت ئەم دیدەی ئێستا هەیە بگۆڕێت. لەم نێوەندەدا، هەوڵە ناوخۆییەکان پێویستیان بە پشتیوانییەکی بەرچاو و بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەک کە یەکگرتوو و هەماهەنگ و کاریگەر بێت بتوانرێت لە ئاستێکی فراوانتردا کاریگەری دروست بکەن. ڕەنگە ئەم جۆرە هەوڵە ناوخۆییانە وەک دەرفەتێک بێت بۆ بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕوانین و لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێگەیانەی کە دەتوانن بەهۆیانەوە وەبەرهێنانیان تێدا بکەن – بەتایبەتی وەبەرهێنانێک کە لەلایەن خودی شەنگالییەکانەوە بێت، بۆ ئەوەی دەست بکەن بە دروستکردنی پەیوەندی تا بتوانن پێکەوە داکۆکی لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بکەن لەسەر مەرجەکانی خۆیان. ڕەنگە ئەو ستراتیژ و پارەدارکردنانەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی ئێزدییەکان لە ڕێکخستن و داکۆکیکردن لە داواکارییەکانی دادپەروەریدا بەکاریدەهێنن، شیاوی ئەوەبێت ڕەچاوبکرێن. لەوانەیە ئەم جۆرە ستراتیژیانە بریتیبن لە سەرچاوەی دارایی پەیوەست بە بەرەوپێشبردنی ئاستی دیموکراسی و بەشداری گشتی، ئیدارەدانێکی باش، پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری و لێپرسینەوە، و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایشی بەردەوام.

## مەودای فراوانکردن و گشتگیترکردنی دادپەروەری ڕاگوزەر

ئەو پرسانەی کە ڕێگری لە گەڕانەوە یان هەر چارەسەرێکی هەمیشەیی ئاوارەبوون بۆ پێکهاتەکانی قەزای شەنگال و ناحیەی قەحتانیە دەکەن، ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان هەیە و لە کەلەپوری شەڕ و ململانێ و ناڕەزاییەکی پێشووترەوە سەرچاوە دەگرن. بۆیە، ڕەنگە شایانی ئەوە بێت ئەو ڕێگایانە لەبەرچاو بگیرێت کە تێڕوانینێکی قووڵتر لەم پرسانە و لە ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکان دەخەنەڕوو، کە ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ئاوارەبوون، بە تایبەتی ئەو چارەسەرانەی کە دان بە ماف و کەرامەتی هەموو قوربانییەکان وەک هاوڵاتی دادەنێن، نەک مافی هەندێک لە سەروو هەندێکی تر. ئەو داواکاریانەی ئێزدییەکان بۆ دادپەروەری هەیانە، بە تەنیا لایەنێک ناتوانرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت. چارەسەرکردنی داواکارییەکانیان پێویستی بە پشتیوانی و هاوکاری کۆمەڵگە لەسەرە ئاستێکی فراوانتر دەبێت، بەتایبەتی کۆمەڵگەی خۆیان و پێویستی بە ناساندن و دانپێدانانی لایەنەکانی دیکەوە هەیە بۆ ئەو سەختی و دژوارییە کە بەسەر ئێزدییەکان دا هات. لە هەمان کاتدا، نابێت داواکارییەکانی دادپەروەری پێکهاتەکانی دیکە بەردەوام بن لەوەی کە پەراوێز بکرێن و نەکرێنە لەپێشینە، بەڵکو دەبێت دان بە داواکارییەکانی پێکهاتەکانی دیکە بنرێت، لەپاڵ گەڕان بەدوای چارەسەر بۆ ئەمانیش. لە کاتێکدا کە ئەولەویەتەکانی ئێستای حکومەتی عێراق ئامانجیان ئەوەیە لە قۆناغی شەڕ و ململانێکانەوە بەرەو خۆشگوزەرانی زیاتر و کوالیتی ژیان بۆ عێراقییەکان هەنگاو بنێن، بەڵام ڕەنگە ئاوڕدانەوە لە دواوە تاکە ڕێگە بێت بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە.

ئەستۆپاکی

مەرج نییە ئەو دیدو بۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە دا خراونەتەڕوو ڕەنگدانەی دیدو بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. دابەشکردنی شوێنەکان و خستنەڕووی کەرەستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، هەر چیەک بن، مانای گەیاندن و دەربڕینی هیچ بیروبۆچوونێک ڕێکخراوی (IOM) نایەن سەبارەت بە باری یاسایی هەر وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان سەبارەت دەسەڵاتداران، یان دەربارەی سنوور و مەوداکانەوە.


**ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق**

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان۲)،

ناوچەی نێودەوڵەتی،

بەغداد/عێراق

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

@IOMIraq


COMPASS Guiding safe migration

IOM ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

Social Inquiry

Kingdom of the Netherlands


© ڕێکخـــــــــــراوی نێودەوڵـــــــــەتی کـــــــــــــۆچ (IOM) ٢٠٢٤



ئەم ڕاپۆرتە بە پاڵپشتی پرۆژەی (COMPASS)-ی حکومەتی هۆڵەنداوە ئامادەکرا.



نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت،  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.